
بۆ کوردستانێکی نوێ
کوردستانی نوێ

# شەش دەیە خەبات

پاشکۆیەکی تایبەتی کوردستانی نوێ یە بۆ ڕێزنان لە زیاتر لە نیو سەدە لە خەباتی د. کەمال فوئاد
22nd Year No: 5981 Sun. 20 / 1 / 2013



فۆتۆ: حەمە عومەر

## وەک ئاوی سازگار ڕوون

شەش دەیـە لە تێکۆشان و کوردایەتی تۆمارێکی سەربەرزانەی د.کەمال فوئادە لە کۆڕی خەباتی سیاسیی و ڕووناکبیرییدا، لەبەر ئەوە کوردستانی نوێ بە شانازییەوە ئەم ڕێزلێنانەی بۆ کردووە.

د.کەمال تەنها ئەندامێکی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان نییە کە ئەو ناونیشانە بۆ خۆی شەرەفێکی گەورەیە، بەڵکو پێش هەر شتێک تێکۆشەرێکی خالسی بزووتنەوەی کوردایەتی و دیموکراتییە لە کوردستان و عیراقیشدا. ناوی ئەو لەگەڵ ڕەعیلی یەکەمی خەباتگێڕانی سەدەی بیستەم دێت و ڕۆڵیشی لەو نێوانەدا لە خەباتی جەماوەری، خوێندکاری، سیاسیی ، ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیشدا دیار و بەرجەستە و سەنگینە.

یادەوەری د.کەمال فوئاد کە ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا قۆناغێکی چارەسەری تەندروستی بەسەر دەبا یادەوەری میللەتێکە لە شەست ساڵی رابــردوودا. لەم هەڵبەز و دابەزی سیاسیی و فیکری ناوچەکەدا د.کەمال بیری ڕوون و ڕوانینی سازگار بووە وەک ئـاوی ڕوون و هیمەت و پشوودرێژیشی خەسڵەتێکە هەر لەخۆی دەوەشێتەوە.

ئەمما خۆش مەشرەبی و شوێنی لە کۆڕی یارانی مەجلیس و شەوچەرەکانی بەشیر مەشیر ئەوا باسێکە تێر وتەسەل مەگەر هەر دۆستە نزیکەکانی نەقلی قەولی لەسەر بکەن.

ئێمە وێـرای هیوای سەلامەتی و تەمەن درێژی بۆ د.کەمال فوئاد، بە خۆشحاڵییەوە ئـەم ڕێزلێنانە بچووکە بڵاودەکەینەوە کە تەئلیفی کوردستانی نوێیە ، بەڵام بە (امـضـاء)ی هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە کە د.کەمال فوئاد جوانترین خەڵاتی پێشکەشکردن وەختێک لە ساڵی ١٩٧٢دا زۆربــەی ژمــارە مێژووییەکانی (کوردستان)، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی، لە فەوتان ڕزگار کرد و لە چاپی دان.

بۆیە ئەم دیاری ڕێزلێنانە گوڵە بە بەرۆکی ئەو خەڵاتە مەزنەی د.کەمال فوئادەوە.

**لە جیاتی کوردستانی نوێ**
**ستران عەبدوڵڵا**



5 + 4
سەعدی دەزیی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ د. کەمـال فوئـاد دەگـێڕێتـەوە



11
چەند وشەیەک کە پیویستە بوترێت سەڵاح ڕەشید




14+ 13 + 12
عادل موراد: د. کەمال خۆڕاگرەو ئارامگرو بیرمەندە



شەش دەیە خەبات

# کاک کەمال پیاوێکە بەرەچەڵەک خانەدانە



مستەفا ساڵح کەریم

کاک کەمالی هاوڕێمان، کوڕی کەریم بەگی حەمەد بەگی قادر پاشایە، لەبنەماڵەی شەریف پاشای خەندانە. لەدایکیشەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی مەلا ڕەشیدی بابان، حەمەد بەگی باپیرەی دکتۆر کەمال چوار کوڕی هەبووە، کەریم بەگ (باوکی کاک کەمال)، حەمە عەلی بەگ (لەفەرمانگەی کشتوکاڵ بوو) قادر بەگ (لەفەرمانگەی تاپۆ) بوو، عوسمان بەگ (ئەندازیارێکی شارەزا بوو). خودی حەمەد بەگ یەکێ بوو لەپیاوە دیارەکانی شاری سلێمانی، لەبۆنە ڕەسمییەکاندا هەمیشە بەسەر دەکرایەوە، هەروەها پۆستی ئیداریشی هەبوو، ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ژ(١٨)ی (٢٦)ی ئابی ١٩٢٠دا لەژێر ناوی (گۆڕین) نووسیویە «مودیری قەرەداخ محمد فوئاد بوو بە مودیری تانجەرۆ» (١) لەژ (٤٣) لە (١٧)ی شوباتی ١٩٢١ لەژێر ناوی (مودیرەکاندا) نووسیویەتی «مودیری تانجەرۆ محمد فوئاد بەگ بوو بەمودیری سەرچنار « (٢).

## نازناوەکانی ئەو سەردەمە

لەم دوو هەواڵەدا دەردەکەوێ کە حەمەد بەگی کوڕی قادر پاشا، پۆستی ئیداری هەبووە بەناونیشانی مودیری ناحیە، هەروەها نازناوی (فوئاد)یشی هەبووە، وەک پیاوە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە کە زۆریان نازناوی تایبەتیان هەبووە وەک، زەکی، حیلمی، وەهبی، سەبری، نازم تا... د، هەر ئەو نازناوەی حەمەد بەگە کە کوڕو کوڕەزای لەوەودوا پێی ناسراون کەئەویش (فوئاد)ە.

لەسەردەمێکدا کە خەریکی لێکۆڵینەوە بووم لەسەر (پیرەمێرد)، لەیەکێ لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین) دا «پیرەمێرد» باسی لەوە کردبوو کە حەمەد بەگی قادر پاشا کۆچی دوایی کردووە، حەقوایە حکومەت کەریم بەگی کوڕی بگوێزێتەوە بۆ سلێمانی بۆ سەرپەرشتی کردنی خوشکانو براکانی کە ئێستا ئەو برا گەورەیانەو مەسئوولە لێیان، ئەو هەواڵەم بەکۆپی کراوی کاتی خۆی دا بە د.ئیحسان، هەر بۆ یادگار.

لەمەدا ئەوەش دەردەکەوێ کە کەریم بەگ فەرمانبەری ئیداریی بووەو لەدەرەوەی شاری سلێمانی بووە، بۆیە پیرەمێرد داوای گواستنەوەی بۆ سلێمانی کردووە.

لەمنداڵیدا لەگەڵ کاکە کەمالدا لەگەڕەکێکدا بووین، ماڵیان لەپشت مزگەوتی گەورەو بازاڕە بچکۆلەوە بوو، هەروەها لەولاشەوە نزیک بەمزگەوتی (بن تەبەق) بوو، زۆرجار لەکۆڵانێکی زۆر باریکدا کە ڕێمان لەڕێبوار دەبڕی فتبۆڵێنمان دەکرد، کاک کەمال سەیری دەکردینو نەدەهاتە ناو یارییەکەوە، چونکە بەڕاستی نەئەوەی ئێمە یاری بوو، نەشوێنەکەشی ساحە بوو، لەتوولە ڕێیەک دەچوو زیاتر لەوەی کە شوێن یاری بێ. ئەوە سەرەتای یەکتر ناسینمان بوو.

## ڕووە ئاشکراکەی حزبی شیوعی

بەحوکمی ئەوەی وەک باسمان کرد باوکی فەرمانبەری میریی بوو، لەبەرئەوە کەم دەکەوتنە سلێمانی، بۆیە کاک کەمالو کاک ئیحسان بەزۆری لەو شوێنانە بوون کە باوکیان تیایاندا فەرمانبەر بووە، وەک بەرزنجە، هەڵەبجە، وارماوا، قادرکەرەم، هەولێرو..تاد.

بەڵام کاکە جەمال لەبەرئەوەی خوێندکاری ئامادەیی بوو، لەماڵی باپیرەی لەسلێمانی دەمایەوە، چونکە زۆربەی ئەو شوێنانەی کەریم بەگی بۆ دەگوێزرایەوە، نەک ئامادەیی، بەڵکو ناوەندیشیان تیانەبوو جگە لەهەڵەبجەو هەولێر.

ئێمە دەستەیەک لەقوتابیانی پۆلی شەشەمی سەرەتاییو یەکی ناوەندیی کە ئێواران بۆ پیاچوونەوەی دەرسەکانمان دەچووینە ناو کشتوکاڵەکانی مەجید بەگی قادر پاشا کە لەشوێنی نەخۆشخانەی ئێستادا دەستی پێ دەکرد تا بەرەو ژوور، لەوێ کاک جەمالی برا گەورەی کاک کەمالمان دەبینی، بەردەوام دەیخوێندەوە، سەرەنجام کشتوکاڵی تەواوکردو بۆ خوێندنی باڵا چووە ئەمریکاو بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا.

کاک کەمال لەگەرمەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە سیاسیەکاندا لەسلێمانی، وەک زۆربەی لاوانی ئەو سەردەمە چووە حزبی (تەحەڕوری وەتەنی )یەوە کە ڕوویەکی ئاشکرای حزبی شیوعی عیراق بوو، هەندێ جار کە باسی ئەو سەرەتایانەمان دەکرد، دەیگوت کاک عوسمانی عەلی مامە شێخە برای کاک عومەری ناسراو بە (ابو فاروق) منی پاڵاوت بۆ ئەندامێتی ئەو حزبە، ئەو سەردەمە منیش لەهەمان حزبدا کارم دەکرد، بەڵام بەهۆی نهێنی کاری حزبایەتییەوە ئاگامان لەیەک نەبوو، ئەگەرچی لەمەودوا خۆی (بەشیر) وتەنی دەیوت»ئێمە شەریک شعور بووین».

## «مەوقیفی عام»، سەرەتای هاوڕێیەتیمان

لەبۆنەیەکدا لە کاک ئیحسانم بیست، لە ١٩٤٨/١٢/١٨ کە شاعیری مەزن فائق بێکەس لەهەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە ئەوان لەگەڵ هاوەڵەکانیان، خوێندکارانی ناوەندیی هەڵەبجە لەبەڕێ کردنی تەرمەکەی بێکەسدا بەشدارییان کردووە. لەئەنجامی ئەو چالاکییەدا هەردوو برا (کەمالو ئیحسان) بەر سزای ئیدارەی خوێندنگەکەیان کەوتوون، ئەو سەردەمە کاک کەمال لەڕیزی حزبی شیوعیدا کاری دەکرد.

ڕۆژی ١٩٥١/٣/١٩ من لەبەغدا لەگەڵ (حەسەن تۆفیق)دا (٣) گیرام بردینیان بۆ تەحقیقاتی جنیاتی ئەوسا، کە لەوەودوا بوو بە (ئەمن)، بەرەبەیانی ٣/٢٠ دەستەیەک لەلاوانی سلێمانی بەکەلەپچەکراوی هێنران بۆ لامان، لەوانە وەک بیرم بێ مەحمود تۆفیق (خەزنەدار)و حەمەی میرزا سەعید، عەبدوڵڵای ڕەشە خێڵ، ئەلیاس عەلەکە، لەتیف ئەحمەد توفیقو چەند کەسێکی تر، لەوانمان بیست کە کەمال فوئادیشیان لەگەڵدایە، بەڵام ئەوان براون بۆ پۆلیسخانەی (عەبباخانە).

دوای دوو هەفتە حەسەنو من گوێزراینەوە بۆ مەوقیفی عام، لەوێ ژمارەیەکی زۆر لەناسیاوانمانی لێبوو، یەکێ لەوانە کاکە کەمال بوو، ئیتر ئەو وێستگەیە بەسەرەتای برایەتیو هاوڕێیەتیو دۆستایەتیمان دەزانرێ، کاکە کەمال دوای بەربوونیشی لەجاران زیاتر چالاکیی لەحزبا دەنواندا، شەوان بەرگی کوردیی دەپۆشیو ماڵەوماڵی دەکرد بۆ سەرپەرشتی شانەکانی حزب، گەنجێکی ڕووخۆش، لەسەرخۆ، زۆر جیدی لەئیش وکاردا، توانایەکی بێ سنووری هەبوو لەڕاپەڕاندی ئەو کارانەدا کە پێی دەسپێرران.

لەتشرینی ساڵی ١٩٥٢ کە مانگرتنە گەورەکەی خوێندکارانی کۆلێژەکانی بەغدا بوو بەڕاپەڕینێکی سەرانسەرییو لەئەنجامدا وەزارەت ڕووخاو فەریق نورەدین مەحمود وەزارەتی پێکهێنا، کاک کەمال یەکێ لەسەرکردە دیارەکانی ئەو ڕاپەڕینە بوو، ئەو سەردەمە لەکۆلێژی ئەندازیاریی بوو، بەڵام دواجار لەسەر چالاکییەکانی فەسڵ کرا.

## قەڵەکە بوو بەباعیسی بەربوونی

کاک کەمال وای لێ هاتبوو ببووە میوانێکی دیاری بەندیخانەکان وەک خۆی بۆی گێڕامەوە وتی: «جارێکیان پیاوانی تەحقیقات هاتبوون بۆ پشکنینی ماڵی مامە قادر بەگم، من لەو کاتەدا لەسەربان بووم، بەتووڕەیی بەمفەوەزەکەیانم وت: ئێوە هاتوون بۆ پشکنین، پێویست ناکات ماڵەکە بەو دەردە بەرن، بوو بەمشتومڕمان، لەئەنجامدا گرتیانمو بردیانم، چەند ڕۆژێک بەحەپسی مامەوە بێ ئەوەی لێم بپرسنەوە، باوکم چوو بوو بۆ لای حاکمو پێی وتبوو: تۆمەتی کەمال چییە لەژووری بەندیخانەتان توندکردوە؟ بۆ بەری نادەن؟ یان بیدەن بەمەحکەمە یان بەری بدەن، حاکمەکە برادەری باوکم بوو بەپێکەنینەوە وتبووی: کەریم بەگ بۆ واتووڕەی؟ خۆ بەناشکوری نەبێ کەمال ئەمە یەکەم جاری نییە دەگیرێ، ئیتر بۆ وا خۆت شپرزە کردووە؟ باوکیشم بەزەردەخەنەیەکی زۆرەملێوە وتبووی: چۆن تووڕە نابم، قەلێکم کڕیبوو، ماوەیەکی باش خزمەتمان دەکرد، تا کاتی سەربڕینی هات، کەمال گیرا دایکیشی







# شەش دەیە خەبات

دەڵێ، هەتا کەمال بەرنەبێ کەس دەم لەو قەلە نادا. ئیتر دیارە حاکم تەوقیفەکەمی تازە نەکردبۆوەو بەکەفالەت بەربووم، ئیتر بێ ئێوە ناخۆش قەلەکەمان خوارد.»

رۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ شێخ مەحمودی نەمر لەنەخۆشخانەی حەیدەرییە لەبەغدا کۆچی دوایی کرد، شاری سلێمانیی بەو بۆنە خەمناکەوە خرۆشا بوو، کاک کەمال ئەو سەردەمە ئەندامی لیژنەی هەرێمی حزبی شیوعی‌و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی سلێمانی بوو، لەگەڵ کاک نوری ئەحمەدی تەهادا کە لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەسلێمانی بەهاوبەشی سەرپەرشتیی ئەو خۆپیشاندانە گەورەیەیان کرد کە بۆ پێشوازیی تەرمی پیرۆزی شێخ رێکخرابوو، ئەوەبوو کە خاتوو ئەختەری خێزانی هونەرمەند کاکە رەشۆڵی تێدا شەهیدکراو بۆ رۆژی دوایی ژمارەیەک لەلاوان گیران، لەوانە کەمال فوئادو حەمەی بەکرو قادری میرزا کەریم‌و عومەری ئەجێ‌و چەند کەسێکی تر. سەیر ئەوەیە لەمەخفەری سەرشەقام تەوقیف کرابوون کە لەئەسڵا خانووی ماڵی میرزا کەریم بوو و کوڕەکانی لەوێدا تەوقیفن.

## بەیاننامەکەی قەڵاو قەڵغان

هەر لەو ساڵەدا بوو کە کاک کەمال لەگەڵ هاوڕێیەکی تریدا لەسلێمانی بەناوی (قەڵاو قەڵغان)ەوە بەیاننامەیەکیان دەرکردو بەخۆیان‌و بەو ئەندامانەوە کە لەگەڵیان بوون، سەنگەریان گواستەوەو چوونە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، حزبی شیوعیش بەیاننامەیەکی لەدژیان دەرکرد، بەڵام ئیتر کاک کەمال دوای ئەوەندە ساڵ تێکۆشان‌و ماندووبوون‌و قوربانیدان هیچ پەیوەندییەکی بەحزبی شیوعییەوە نەما.

بۆ ڕزگاربوونی لەدەست خۆشاردنەوەو ڕاونان، خۆی گەیاندە شام‌و لەوێ تێکەڵاوی هەڤاڵە تێکۆشەرەکانی بوو، هەتا ئەوکاتەی مام جەلال بۆ راپەراندنی کاری حزب گەڕایەوە بۆ کوردستان لەگەڵ کاک کەمال لەشام پێکەوە بوون، لەوەودوا بۆ تەواوکردنی خوێندن چوو بۆ ئەڵمانیا، لەوێ لەگەڵ د.وریا ئەمین رواندزی‌و سەعدی دزەیی‌و عیسمەت شەریف‌و کەسانی ترەوە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند، کاک کەمال لەسەرکردەکانی ئەو کۆمەڵەیە بوو، کە دەورێکی باڵای لەڕێکخستنی خوێندکاران‌و گەیاندنی دەنگی کورد بەگەلانی ئەورووپادا هەبوو.

لەهەر سەردانێکیدا بۆ کوردستان یەکتریمان دەبینی‌و لەنزیکەوە ئاگاداری چالاکییەکانی دەبووم. هەتا جارێکیان ڕوونووسی تێزی دکتۆراکەی پیشاندام کە ئاماژەی بۆ چەند چیرۆکێکی من تێدابوو.

## هاتە راگەیاندن لەچۆمان

لەدوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، کاک کەمال ساڵی ١٩٧١ گەڕایەوە بۆ بەغداو پاشان هاتەوە سلێمانی‌و بەشی دیراساتی کوردیی لەزانکۆی سلێمانی دامەزراند. لەو ماوەیەدا گەلێک جار پێکەوە دەبووین‌و زۆرجاریش شەوانە دانیشتنمان هەبوو، بەهۆی دکتۆر کەمالەوە پردێکی زۆر پتەو لەنێوان یەکێتیی نووسەرانی کوردو خوێندکارانی زانکۆدا هەبوو، خۆی پێشیان دەکەوت‌و دەیهێنان بۆ بەشداریی کردنیان لەچالاکیەکانماندا. هەروەها بانگهێشتی دەکردین بۆ چالاکییە ئەدەبیەکانی خوێندکارەکانی لەهۆڵەکانی زانکۆ.

بەداخێکی زۆرەوە چەند خوێندکارێک لەو هەڵکەوتوانەیان لەقەڵادزێ لە١٩٧٤/٤/٢٤ شەهیدبوون.

دوای بۆردومانی قەڵادزێ‌و چۆڵکردنی شارەکە کاک کەمال هات بۆ چۆمان لەبەشی ڕووناکبیریی لە (م.س) کاری دەکرد، ئێمەش لەڕاگەیاندن بووین، ناوبەناو یەکترمان دەبینی.

دوای رێککەوتننامە خیانەتکارییەکەی جەزائیرو نسکۆی شۆڕش، کاک کەمال ڕۆیشتەوە بۆ ئەڵمانیا، هەمووی چەند مانگێکی نەبرد کە لەسەر پێشنیازی هەڤاڵ مام جەلال بوو بەیەکێک لەو حەوت کەسەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان دامەزراند، بێگومان دوای دامەزراندن، ئەو یەکێ بوو لەچالاکوانە دیارەکانی یەکێتی چ لەئەورووپاو چ لەکوردستان.

## تاناوی فرۆکەخانەی سەدام نەگۆڕدرێت

ساڵی ١٩٨٤ کە وتوێژ لەنێوان یەکێتی‌و رژێمدا روویدا، زۆر لەبرادەران هاتنەوە بۆ سەردانی کوردستان، کاک کەمال نەهاتەوە بەپێکەنینەوە بەهەڤاڵانی وتبوو «تا ناوی فرۆکەخانەی سەدام نەگۆڕێ، من لەو فرۆکەخانەیەوە نایەمەوە.»

دوای ڕاپەڕین کەهاتەوە، ماوەیەک لەشەقڵاوە بوو، پاشان هاتە قەڵاچوالان، لەوێوە بەنامەیەک داوای کردین کە لەگەڵ چەند ئەدیبێکدا سەردانی بکەین، ئەوەبوو ئەو دیدەنیەمان ڕێکخست‌و کاتێکی خۆشمان لەتەکیا لە (سەرسیر) بردەسەر. (٤)

ئیتر لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەنێوان ١٩٩١تا ٢٠١٠ زۆرجار بەیەک گەیشتووین‌و پەیوەندیی پتەو لەنێوانماندا بووەو لەزۆرینەی دانیشتنە تایبەتەکانیدا منی بانگ دەکرد، هەرگیز رۆژێ لێک دانەبڕاین، هەمیشە بەوتە خۆشەکانی‌و بەسەرگوزشتەکانی ئوستاز بەشیر موشیر دانیشتنەکانمانی خۆش دەکرد.

بەداخەوە کاک کەمال تووشی چەند کۆستێکی گەورەبوو، لەوانە بەرودوا مەرگی کوڕە تاقانەکەی لەئەڵمانیا، ئینجا مەرگی دکتۆر ئیحسانی برای کە نەک هەر برای بوو، بەڵکو هاوڕێیەکی خۆشەویستی بوو، ئینجا مەرگی عەتای برای، پاشان مەرگی خوشکەزاکەی کە پزیشکێکی لاوی هەڵکەوتوو بوو، ئینجا مەرگی هاوسەرەکەی کە هاوڕێی تەمەنی‌و شەریکی ژیانی بوو، نەمانی هاوسەری بۆ ئەو ڕووداوێکی ناهەمواربوو، ڕێرەوی ژیانی لێ تێکداو لەگەڵ ئەو کۆستە گەورانەشیدا کاک کەمال چیایەکی سەخت بوو، خۆڕاگربوو، نەی دەهێشت ئەو خەمانەی لەدووتوێی دڵیدا بوون دەریانبخات‌و پێوەی دیاربێت.

لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠دا لەسەر بانگهێشتی رێکخراوێکی رووناکبیریی کوردیی چووم بۆ بەرلین، سێ رۆژ لەوێ مامەوە، هەر سێ رۆژەکە کاک کەمال سەردانی دەکردم لەئوتێلەکەو پاشان بەشاری بەرلیندا دەگەڕاین‌و زۆر شوێنی گرنگی پیشاندام، جگە لەمیوانداریەکانی.

## مەعدەنەکەی ئەسڵەو خانەدانە

لەمانگی تەمموزی ٢٠١١ لەئەورووپا بووم، بۆم نەکرا بچم بۆ بەرلین، بەڵام بەردەوام بەتەلەفۆن لەپەیوەندیدا بووین‌و لەدوا هەواڵی تەندروستی خۆی ئاگاداری دەکردم.

دوای کۆچی هاوسەرەکەی شەوانە بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵدا دەکردو ئەو راسپاردەیەی هەیبوو دەربارەی ڕێوڕەسمی پرسەی خێزانەکەی لەسلێمانی چۆنی ویست وا بۆمان جێبەجێکرد.

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی لەناکاوی نەخۆشییەکەی هات کە چەند مانگێک بێهۆش بوو، دوای ئەوەی هاتەوە سەرخۆ، مانگی حوزەیرانی ٢٠١٢ چووم بۆ بەرلین‌و لەگەڵ هاوڕێی هەردووکماندا د.فریاد فازیل چووینە ئەو نەخۆشخانەیەی تێیدا چارەسەردەکرا، نەخۆشخانەکەی لەناو باخ‌و باخاتێکی جواندا بوو، هەموو هۆکارێکی حەسانەوەو دڵخۆش بوونی تێدا بوو، ئەوەی بووە مایەی دڵخۆشیم ئەوەبوو کە ناسیمیەوەو دەستی گوشیم‌و هەندێ یادگاریی کۆنم بیرهێنایەوە کە بۆی تەواودەکردم.

پاشان لەسەر پێشنیازی کچەکەی کە دەیگوت نەخۆشخانەکەی دوورە، بەفەرمانی بەڕێز مام جەلال گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی نزیکی بەناوبانگی شاری بەرلین.

سەرەنجام زۆرمان لەسەر ئەوە کۆکین کە د.کەمال فوئاد پیاوێکی ئازاو تێکۆشەرو چالاکو دەستو دەم‌و داوێن پاکە، هەمیشە پیاوی تەنگانە بووە لەهەموو ئان‌و ساتێکدا، زۆر بەوەفابووە بەرامبەر بەهاوڕێ‌و ناسیاوە دێرینەکانی. هەر هاوڕێیەکی لەهەر شوێنێکەوە بهاتایەتەوە بۆ سلێمانی، کاک کەمال میوانداریی دەکرد، جارێکیان یەکێ لەسەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە هاوڕێی نزیکی د.کەمال بوو، دەشیزانی نێوانی کاک کەمال‌و من چۆنە، لێی پرسیم «دوای ئەوەندە ساڵەی هاوڕێیەتیتان چۆن باس لەکاک کەمال دەکەیت‌و چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟» وتم: «کاک کەمال مەعدەنەکەی ئەسڵە».

ئێستاش بەهەمان ڕستە کۆتایی بەم نووسینە دەهێنم‌و دەڵێم: «کاک کەمال کوڕی بنەماڵەی خەندان لەخێزانێکی خانەدانە، بەڕاستی مەعدەنەکەی ئەسڵە، پڕ بەدڵ هیوای چاک بوونەوەی بۆ دەخوازین‌و لەیەزدان دەپاڕێینەوە کە بەزوویی بگەڕێتەوە ناومان‌و بەیەک شادببینەوە».

ئاواتەخوازیشم بۆم بلوێ ڤیزام دەست بکەوێ تا جارێکی تریش بچمەوە بۆلای. تابەیەک دەگەین، کاکە کەمالی هاوڕێ‌و برا بەخوات دەسپێرین.







## سەرچاوەو پەراوێز:

(١،٢) بڕوانە: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین/ کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٠٨، ٢٠٩ لەنووسینی/نەوشیروان مستەفا ئەمین.


(٣) حەسەن تۆفیق، لاوێکی تێکۆشەر بوو، ئەندامێکی دیاربوو لەڕیزەکانی حزبی شیوعیدا، لەسلێمانی بەرپرسی چەند شانەیەکی حزب بوو، لەوانە ئەو شانەیەی کە دارا تۆفیق‌و عوسمان محەمەد سلێمان‌و عومەر مەحمود میرزاو منی تێدا بووین. دوای دەرچوونی‌و دامەزراندنی بەمامۆستای ئامادەیی، ساڵی ١٩٥٥ لەوەزیفە دەرکرا، چوو بۆ سوریاو لە (دەرعا) بوو بەمامۆستا، بەهاری ساڵی ١٩٥٧ بەنەخۆشی وەناق کۆچی دوایی کرد، تەمەنی (٢٧)ساڵ بوو.

(٤) بڕوانە/کتێبی نووسەرانی کورد- ڕێبازو هەڵوێست، نووسینی مستەفا ساڵح کەریم، لاپەڕە ٢٥٧، ٢٥٨، ٢٥٩، ٢٦٠.



شەش دەیە خەبات

# سەعدی دەزیی بیرەوەرییەکانی لەگ



د.کەمال فوئادو سەعدی دزەیی



د.کەمال فوئادو مام جەلالو سەعدی دزەیی

ئامادەکردنی: تەها عەبدوڵلا



خوالێخۆشبوو فوئاد عارف

سەعدی دزەیی ماوەی زیاتر لەنیوسەدەیە وەک هاورێیەکی نزیکی د.کەمال فوئاد ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیو ئەندامی دەستەی دامەزێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەویش لەلایەن خۆیەوە باس لەچۆنێتی ناسینو بیرەوەرییەکانی خۆی دەکاتو ئاماژە بەوەدەکات کە د.کەمال فوئاد مرۆڤێکە تا بڵێی دڵسۆز , تێکۆشەر , کۆڵنەدەر , ماندوونەناس , بەوەفایە، رێکخەرو رێکوپێک . لەزۆر مەسەلەدا حەددییەو سازش ناکات.

سەرەتاش سەبارەت بەچۆنێتی ناسینەکەیان دەڵێت: لەئابی ساڵی ١٩٥٨ لەکۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا (کۆمەڵە) کە لەشاری میۆنشن لەئەڵمانیای فیدرالی بەسترا، د.کەماڵ-م ناسی، ئێمە چەند خوێندکارێک بووین لەئینگلستانەوە هاتبووین لەگەڵ خوێندکارە کوردەکانی ئەڵمانیاو سویسراو نەمسا کۆبووینەوە.

کۆمەڵە خۆی لەساڵی ١٩٥٦ دامەزرابوو. کاک کەمال لەگەڵ چەند برادەرێکی تر یەکەم ساڵیان بوو لەئەڵمانیا، لەو کۆنگرەیە ئامادەبوون. هەر لەکاتی پشوودانداا لەو کۆنگرەیە منو کاک کەمالو چەند برادەرێکیتر کۆبوونەوەی تایبەتیمان سازدا بۆ دامەزراندنی رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لەئەوروپا. پێشتر لەلایەن پارتییەوە ئاگادارکرابووین لەناوی هەڤاڵەکانی پارتیو برادەرانی سەر بەپارتی.

لەکۆتایی کۆنگرەکەدا منو کاک کەمال لەگەڵ برادەرانی تر هەڵبژێردراین بەئەندام لەکۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، ئیتر ئەوە بووە سەرەتای یەکترناسینو برادەرایەتیو پێکەوەکارکردن لەگەڵ کاک کەمال بۆ ماوەی نزیکەی دوانزە ساڵ بەبێ دابڕان.

دوای کۆنگرەی میۆنشن هەموو بڵاوەمان لێکردو هەرکەس گەڕایەوە بۆ شارو وڵاتەکەی خۆی کە لێی دەیخوێند. پاشان پەیوەندیی نێوانمان توندوتۆڵ بوو بەهۆی کاروباری کۆمەڵەو رێکخراوی پارتی لەئەوروپا، دوای تەواوکردنی خوێندنم، ماوەیەک لەلەندەن مامەوە، پاشان بڕیارمدا بگەڕێمەوە عیراق، هەرچی ماڵو حاڵێک کە هەمبوو جگە لەهەندێک جلوبەرگو پێداویستی تایبەتیی خۆم، لەساڵی ١٩٦١دا هەموویم بەپاپۆڕ شەحنکرد بۆ بەغدا (ئێستاش نازانم چیان لێهاتەوە). شۆڕشی ئەیلول دەستیپێکردو منیش خۆم ئامادەکردبوو بگەڕێمەوە بۆ بەغدا، لەباڵیۆزخانەی عیراق بەنهێنی ئاگاداریان کردم کە ناوی منو کەمال فوئادو وریا رەواندزیو عومەر دزەیی هاتووە بۆئەوەی پاسپۆرتمان لێ بسەندرێتەوە.

ئینجا ئینگلتەرام بەجێهێشت بەرەو ئەڵمانیاو رۆیشتم بۆ لای برادەرانی بەرلینی خۆرئاوا. کاک کەمال ئەوکاتە نیشتەجێی بەرلینی خۆرهەڵات بوو ، ئاگادارکرا کە من گەیشتووم، ئیتر هات بۆ لامان. (ئەوکاتە تازە دیواری بەرلین دروستکرابوو). بڕیاردرا جارێ کەسمان نەگەڕێینەوە بۆ عیراق نەبەیەکجاریو نە بەسەردان، تا نێوانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسمو کورد روون دەبێتەوە.

ئینجا منیش لە بەرلینی خۆرئاواماڵێکم گرتو لەبەشی بیناسازیی وەک ئەندازیار لەشارەوانیی بەرلین دامەزرام. ئەوکاتە سەرۆکە گەورەکەی شارەوانیو حکومەتی بەرلینی خۆرئاوا (هێر ڤیلی براندت)ی بەناوبانگ بوو کە دواتر بوو بەراوێژکاری ئەڵمانیای فیدرال لەبۆن.

لەگەل کاک کەمال دوو ئەدرێسمان بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا جێگیرکرد یەکێکیان لەخۆرهەڵاتو یەکێکیش لەخۆرئاوا. بەمجۆرە بەرلین بوو بەسەنتەری جووڵانەوەی کوردایەتی لەئەوروپا.

ئیتر شان بەشان لەگەڵ برادەرانی دڵسۆز، دەستمانکرد بەئیشوکاری کۆمەڵەو کوردایەتی، هەر لەئێرلەنداو ئینگلتەرا لەخۆرئاوا تا ئازەربایجانی سۆڤێت لەخۆرهەڵاتو لەسویدو نەرویج لەباکوور تائیتالیاو یۆنان لەباشوور، هەموو ئەوروپامان گرتبۆوە، چونکە لقی کۆمەڵەمان (چ گەورە چ بچووک) لەهەموو وڵاتانی ئەوروپا دامەزراندبوو، تادەهاتیش پەرەی دەسەندو گوێی لێ رادەگیراو حیسابی بۆ دەکرا، وەک نوێنەری راستەقینەی (نارەسمی) کوردو کوردستان.

دوای ئەو دوانزە ساڵەی لەگەڵ کاک کەمال بەیەکەوە ئیشمان دەکردو پاشانو ئێستاشی لەگەڵدابی پەیوەندیی برادەرایەتیو برایەتیمان هەر بەردەوام بووە، ئەگەرچی ئیشوکاری حزبایەتیو سیاسیشمان بەیەکەوە نەمابوو. لەو



خاڵی پشکنینی نێوان هەردوو بەری بەرلین



برانت ڤێللی

# ...ەڵ د. کەمال فوئاد دەگێڕێتەوە





سەرۆک جەمال عەبدولناسرو مام جەلال لەگەڵ وەفدی هاوبەشی عیراق و کوردستان سەردەمی حوکمی قاسم

خوالێخۆشبووان عەبدولکەریم قاسمو مەلا مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٥٨

ڕۆژەوە کەیەکترمان ناسیووە تائێستا کە دەکاتە زیاتر لەنیو سەدە، پەیوەندیەکی وا لەنێوانماندا پەیدابووە کە هەمیشە شانازی پێوەبکەین.

کاک کەمالو بەندە لەو ساڵانەی بەیەکەوە ئیشمانکردووە ئەو کارانەمان پی ڕادەسپێردرا: بەرپرسیارێتی ڕێکخراوی پارتی لەئەوروپا، سکرتاریەتی گشتیی کۆمەڵە، سەرۆکایەتیی کۆمەڵە، ژمێریاریی گشتی ,سەرنووسەری گۆڤاری (کوردستان) بەئینگلیزی..وهتد. ئیتر ساڵ بەساڵ بەپێی پێویست جێگۆڕیان پێدەکردین، بێگومان بەهاوکاریی برادەرانی تر.

سەبارەت بەکەسایەتیی د.کەمال فوئادیش دەتوانم بڵێم: «د.کەمال فوئاد مرۆڤێکە تابڵێی دڵسۆز، تێکۆشەر، کۆڵنەدەر، ماندوونەناس، بەوەفا، ڕێکخەرو ڕێکوپێک. لە زۆر شتدا حەددی بوو، سازشی نەدەکرد، پێی لەسەر بۆچوونی خۆی دادەگرت «هەندێکجار بەهەڵەشدا دەچوو» بەڵام ئێمە ڕێزمان لەبۆچوونەکانی دەگرت، چونکە خۆی پیاوێکی نوورانی بوو، دڵیمان نەدەشکاند». پەشیمانیش نین.

خۆشی ئەو زەمانە (کە ڕێک پەنجا ساڵ لەمەو بەر)و ئاستی خوێندەواریی ناو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا وابوو دوای ئەو دانیشتنە توندوتیژو شەڕاویانە، ئەندامان دەستیان دەکردەوە بەگاڵتەوگەپ لەگەڵ یەکتریو وەک هیچ رووی نەدابێ، تا دانیشتنێکی تر، ئیتر دووبارە دەستیان بۆ یەخەی یەکتر دەبردەوە، لەو ڕووداوەدا هەڵوێستی جوامێرانەی کاک کەمال دەردەکەوێ کە چەند بەئیندفاعەوەو بەحساب نەکردن بۆ هیچ کەسو لایەنێکو دۆستو خزمو برادەر کە دەهاتە سەر مەسەلەی شۆڕشو کوردو کوردستان، بەهەموو توانایەکییەوە داکۆکیی لەمافی کوردو ئامانجەکانی شۆڕش دەکرد.

لەڕووداوێکی تردا کە بیرم ناچێتەوەو کەمێک پێکەنینی تێدایە، جگە لەبوێریی کاک کەمال: دوو هەفتە دوای کودەتاکەی هەشتی شوباتی ١٩٦٣، وەفدێکی حکومی بەسەرۆکایەتی عەلی سالح ئەلسەعدیو وەفدێکی میللی




بەسەرۆکایەتی فایەق سامەڕایی لەبەغداوە چوون بۆ قاهیرە بۆلای جەمال عەبدولناسر بەبۆنەی ساڵیادی (وحدە)وە، خوالێخۆشبوو فوئاد عارفو مام جەلالیش لەگەلیان بوون. لەئەوروپاش بڕیاردرا من بنێرن بۆ قاهیرە، ئیتر منیش بەپەلە چووم بۆ قاهیرە، لەوێ چاوم بەهەردوو وەفد کەوت مام جەلال و فوئاد عارفیشم بینی، پاشان بەهۆی کاک فوئاد عارفەوە کە لەناو وەفدی حکومیدابوو لەگەڵ وەفدە حکومییەکەش لە (قەسر ئەلقوببە) دانیشتم , تاڵیب شەبیب کە تازە ببوو بەوەزیری دەرەوەی عیراق لەو دانیشتنەدا ئامادەبوو، من تۆزێک برادەرایەتیم هەبوو لەگەڵیدا لەلەندەن. پێموت: «هەندێک لەکوردەکانی ئەوروپا ئەمری پاسپۆرت لێسەندنەوەیان هاتووەو هەندێکیش مینحەی داراییان لێبڕاوە»، ئەویش وتی: «هەمووی ئیلغا دەکەینەوە تۆ کە گەڕایتەوە بڕۆ بۆ باڵیۆزخانەو من بۆخۆم پێیان ڕادەگەیەنم». ئەوەبوو کە گەڕامەوە ئاگاداری برادەرانم کرد کە کەس جاری نەڕوات بۆ باڵیۆزخانە تا ئەنجامی موراجەعەکەی من دەردەکەوێت. هەرچۆنێک بێت کە چووم بۆ باڵایۆزخانە بۆ تازەکردنەوەی پاسەپۆرتەکەم، پاسەپۆرتەکەیان لێسەندمو شتێکیان دامی پێی بگەڕێمەوە بۆ عیراق، لەماوەی ٣ مانگدا ئیتر ئەو شتە کە (لاسی پاسی- لیزەپاس) یان پی دەگوت: تەواودەبوو کاری پێ نەدەکرا.


چەند ڕۆژێک پێش تەواوبوونی پاسەکە چووم بۆ ماڵی کاک کەمال فوئاد لەبەرلینی خۆرهەڵات بۆئەوەی تەکبیرێک بکەین، ئەویش بەبێ سێو دوو پاسەکەی کردەوە دوو ساڵی بۆ درێژ کردمەوە بەئیمزای کابرایەکی وەهمیی عەرەبو مۆرێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپای لەسەر ئیمزاکە لێداو وتی هەڵسە بابڕۆین بۆ بەرلینی خۆرئاوا.

لەخاڵی پشکنینی پاسپۆرت لەسەر سنووری (دیوارەکە)ی بەرلین کاک کەمال پاسپۆرتی خۆی پێشکەشکردو منیش لەدوای ئەو سەرەم گرتبوو. پۆلیسەکان هەر سەیری پاسەپۆرتەکەی کاک کەمالیان دەکرد (کە پاسەپۆرتی ئەسڵی بوو) وتیان تۆ جارێ وەرە ئەملاوە بۆستە.

منیش دوای ئەو پاسە عەنتیکەکەی خۆم پێشکەشکردن سەیریان کرد دوو ساڵ درێژ کراوەتەوە یەکسەر وتیان فەرموو!

ئینجا من وردە وردە کەوتمە ڕێو پۆلیسو کاک کەمالم بەجێهێشت کە ئاوڕێکم لەکاک کەمال دایەوە سەری بادەداو لەپڕمەی پێکەنینیدا!.

سەبارەت بەپەیوەندیی ئێستاشم لەگەڵ د. کەمال فوئاد «لەمانگی مایسی ٢٠١٢دا سەفەرێکی کورتم کرد بۆ بەرلین بۆماوەی یەک هەفتە بەمەبەستی سەردانی کاک کەمال کە زانیبووم لەنەخۆشخانە نووستووە، جاری یەکەم لەگەڵ دکتۆر دڵشاد ئەحمەدی بەیەکەوە چوین بۆ لای کاک کەمال، پاشان من هەموو ڕۆژ سەردانیم دەکردو بەرامبەری دادەنیشتمو قسەو باسی کۆنو تازەم بۆ دەکرد، ئەویش جارجار بەبیری دەهاتەوەو قسەکانی منی دووبارە دەکردەوە. تا لەوێ بووم هەموو ڕۆژێک ماوەی ٢-٣ سەعات لای دادەنیشتم، هەر ئەوەم بۆ دەمایەوە کە دوعای خێرو هیوای زوو چاک بوونەوەی بۆ بکەم.




د. وریا ڕواندزی



هۆمەر دزەیی



# کەمال فوئادو ململانێی بۆچـــ



فەرید ئەسەسەرد

«کەمال فوئاد» داینەمۆیەکی کاریگەربووە لەپرۆسەی جیابوونەوە لەحزبی شیوعی عیراق لەسلێمانی، ئەو لاوە خوێن گەرمە ناسراوبوو بەوەی راشکاوانەو بەوپەڕی وردییەوە گوزارشتی لەبیروبۆچوونی خۆی دەکرد، لەو قەیرانەداو لەبەردەم خودی خۆیدا نموونەی بێوینەی حەقبێژی بووە، بەتواناو کاریگەربووە لەسەر هەڵسوکەوتی شیوعییە دیرینەکانی وەک «حەیدەریو عوسمان،کە بەتەمەن بەلای کەمەوە ١٠ ساڵ لەو گەورەتربوون، ئەوە لایەنێکی گرنگی بەهێزی کەسایەتی ئەو دەردەخات، کە لەوێ رۆژێدا کەسانێک لەو سەردەمی شۆڕشگێڕییەدا دەرکەون پێیانوابێت «شیوعیەت ناکۆک نییە لەگەڵ نەتەوەدا، ئەوەش مانای ئەوەیە دەبێت لەوە بگەین کە هاوسەنگیی لۆژیکی پێویستی بەرەتکردنەوەی دۆگمای شیوعییەت هەیە، گرنگیدانی هەمیشەیی بەدڵسۆزیی بۆ گیانی نەتەوەو رابردووی دێرینی نەتەوە وایکردبوو هەمیشە لەململانێی بەردەوامدا بێت لەگەڵ شیوعییەکانی دیکەی حزبەکەیدا، گیانی نەتەوەخوازی هەمیشە کاریگەریی هەبووە لەسەریو هەمیشە کڵپەی داوە لەناخیدا، هەرچەندە ئەو لەریزی حزبێکی ئینتەرناسیۆنالدا بووە، رابردوی خانەوادەکەشی هەمیشە وابەستەبووە بەداستانو یادگاریی نەتەوەکەیەوە.

کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد لەساڵی ١٩٣٢ لەخێزانێکی شاری سلێمانی لەدایکبووە، باوکی فەرمانبەری دەوڵەت بووە، دڵسۆزیو پەرۆشیی بۆ کارەکانی وایکردبوو بەسەرکەوتوویی پلە وەزیفییەکان ببڕێتو بەرزبکرێتەوە، پاش ساڵێک لە لەدایکبوونی ئەو، باوکی ماڵەکەی دەباتە شاری هەولێرو لەوێ بە «باش کاتب» لەدادگا بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاردەکاتو سێ ساڵ ژیان لەوێ بەسەردەبات، لەبەرئەوەی لەخێزانێکی دەوڵەمەندبووە، هیچ کێشەیەکی دارایی نەهاتۆتەڕێ.

باوکی پەرۆشبووە لەدەستەبەرکردنی ژیانێکی سەقامگیر بۆ منداڵەکانیو پەرۆشیی باوکی لەوەی منداڵەکانی بخاتە باخچەی حکومییەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ویستوێتی منداڵەکانی دووربن لەپەروەردەکردنی کلاسیکیانە، سوربوونی باوک لەسەر ئەوە لەو سەردەمەدا مەیلی باوکی دەردەخات بۆ جۆرێک لەخۆشگوزەرانی.

### جێگۆڕکێ هەستی نەتەوایەتی بزواند

لەساڵی ١٩٣٦ باوکی لەفەرمانبەرێکی پلەیەکی دادگاوە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری ناحیە، لەبەرئەوەی باوکی فەرمانبەربووە، دەبوو هەمیشە ئەو خێزانە لەبارکردنی بەردەوامدا بوونایە، لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، لەساڵانی ١٩٣٦تا ١٩٤٦ ئەو خێزانە لەگواستنەوەو بارکردنی هەمیشەییدا بوون، لەساڵی ١٩٣٦ ئەو خێزانە ماڵ دەباتە»باتاس»، لەساڵی ١٩٣٨ دەچنە»قادرکەرەم»، ساڵی ١٩٤١ دەچنە «بازیان»، ١٩٤٢ بۆ «بەرزنجە»، ١٩٤٤ بۆ «خورماڵ»، ١٩٤٥ بۆ «وارماوە».

د. کەمال فوئاد لەساڵی ١٩٤٥ لەتەمەنی ١٣ ساڵیدا، گەڕایەوە سلێمانیو لەم قۆناغەی ژیانیدا کەسایەتی ئایندەییو مۆرکێکی کاریگەری پێوە دیاربوو، گواستنەوەی بەردەوامی خانەوادەکەی لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، هەستی نەتەوایەتی ئەوی بزواندو یارمەتیدەری بوو کە بتوانێت بەچەندین شێوەزار بدوێت، ئەوەش بوو بەئەزموونێکو کاریگەریی قوڵی کردە سەر ژیانی بەشێوەیەک کە هەستی نەتەوایەتی ئەو هەمیشە بەئاگابووە، پاشان دەست دەکات بەخوێندنی زمان.

فوئاد سەر بەخێزانێکی ناودارە، تا ئاستێک لەخێزانێکی ئەرستۆکرات نەبووە، باوکی نازناوی بەگی هەڵگرتووە لەبری ئاغا، هەرچەندە ئەو نازناوەی بەدەستی هێنابوو، نیشانەی رەوشی چینایەتی ئەو نەبووە. سلێمان ئاغای باپیرە گەورەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەڕێوەبەری پۆلیسی عوسمانی بووە لەسلێمانی، لەو پۆستەدا نازناوی بەگی پێبەخشراو کەلەپاش خۆی بۆ منداڵەکانیشی مایەوە، بەڵام کوڕە گەورەکەی نازناوی» پاشای» لەسوڵتانی عوسمانییەوە پێدەبەخشرێت.

لەو خێزانە دێرینە سەعید پاشا، کوڕی مامی باپیرە گەورەی دەرکەوت، کە دواتر دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی» شورا» لەدەوڵەتی عوسمانی، لەسەعید پاشا دەگێڕنەوە کە زۆر بایەخی بەخوێندن داوەو قوتابخانەی روشدیەی لەسلێمانی کردوەتەوە، کەمال فوئاد پێیوایە خێزانەکەی بەڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە سەر خەندان، ئەو ژنەی کە رەچەڵەکی چینایەتی دەگەڕێتەوە بۆ خێزانی دەرەبەگی بابانییەکان.کە لەنێویاندا ژەنراڵ شەریف پاشای خەندان دەرکەوتووە، کە داخوازییە رەواکانی گەلی کوردی گەیاندە کۆنگرەی ئاشتیی لەپاریس لەساڵی ١٩٢٠دا.

د. کەمال لەتەمەنی ١٥ساڵیدا بەشداریی یەکەمین چالاکیی بەکۆمەڵی کردووە لەگەڵ هاوڕێکانیداو لەدژی بەڕێوەبەرێتی دواناوەندییەکە مانگرتنێک سازدەکەن، لەساڵی ١٩٤٧ فوئاد هەستدەکات مەیلێکی بەهێزی هەیە بۆ حزبی شیوعی، پەیوەندییە دۆستایەتییەکەی لەگەڵ عوسمان شێخ عەلی هاوڕێی خوێندنگای یارمەتیدەری بووە بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەندامانی حزبی شیوعیدا، پاش ئاشنابوونی لەگەڵ عومەر عەلی شێخ خوێندکاری کۆلیژی ئەندازیاریی بەغدا، وردە وردە لەپڕەنسیپە گشتییەکانی حزبی شیوعی تێدەگات، زۆری پێناچێت لەسەردەستی ئەو پەیوەندیی بەحزبی «تەحەرور»ەوە دەکات، کەڕووی ئاشکرای حزبی شیوعی عیراق بوو لەو سەردەمەدا.

### لای وابوو مەیلی نەتەوەییەکەی دژ بە شیوعییەت نییە

لەسەردەمێکی ئاڵۆزدا پەیوەندیی بەحزبی تەحرور-ەوە کردووە، ژیانی سیاسیی لەو سەردەمەدا سەرباری سەرکوتو پاکتاوکردن لەوپەڕی هەڵچوندابووە، سروشتی سیاسیی لەو خوێندنگا دواناوەندییەدا کە فوئاد تێدا دەیخوێند، رەنگدانەوەی روونی ئەو رەوشەبوو، چونکە لەکۆی ٤٠٠ خوێندکار، نزیکەی (٣٥٠)یان مەیلی بەلای حزبی دیموکراتی کوردییەوە هەبووە «کەمۆرکی نەتەوەیی» هەبوو یا سەربە حزبی-تەحەڕر-بوون کە باڵێکی حزبی شیوعی عیراق بووە. مەیلی حزبی شیوعی عیراق لەو سەردەمەدا بۆ زاڵکردنی لایەنی ئایدۆلۆژی بەسەر لایەنە براگماتیکیەکاندا، پێدەچێت فاکتەرێکی هاندەربووبێت بۆ پەیوەندیکردنی کوردە نیشتیمانپەروەرەکان بەڕیزەکانی ئەو حزبەوە. حزبی شیوعی سەرکەوتووبوو لەوەی ئەو بۆچونە لای کورد دروستبکات کە لەبەرژەوەندیاندایە، پشتگیریی حزبی شیوعی بکەن، سەرکەوتنەکەشی زیاتربوو، کاتێک وای لەگەلی کورد گەیاندبوو کە حزبەکەیان هیچ مەیلێکی شۆڤینییان نییە لەبەرامبەر داواکارییەکانی کورد. کاتێک فوئاد قایل دەبێت پەیوەندیی بەو حزبەوە بکات، بڕوای تەواوی هەبوو کە مەیلی نەتەوایەتی ئەو دژ بەشیوعیەت نییە، لەوانەشە جەختکردنەوەی شیوعییەکان لەسەر یەکسانیو مافی کەمە نەتەوەکان ئەو کەشە سایکۆلۆژییە گونجاوەی دروستکردبێت تا ئەو پەسەندی بکات. بەهەرحاڵ فوئاد لەشەوو رۆژێکدا نەبۆتە شیوعییەکی نموونەیی، پەسەندکردنی رێبازی شیوعییەت لەلایەن گەنجێکی هەرزەی ١٥ ساڵەوە هەرگیز کامڵ نەبووە، کەمال فوئاد هێدی هێدی لەچەمکی شیوعیەت گەیشتووە، یەکەمین نامیلکەی بیروباوەڕی لەعومەرەوە پێگەیشتووە کە رێکیخستبوو بۆ حزبی شیوعی، ئەو نامیلکەیە بەزمانێکی ئاسانی کوردی نووسرابۆوە بەناونیشانی «داگیرکەر چییە»؟ کە دەچێتە خانەی بەرنامەی سادەی هۆشیاریی حزبی شیوعی عیراقەوە، ناونیشانی ئەو نامیلکەیە کە حەمید عوسمان نوسیووی بەوردی گوزارشتی لەدەقەکەی دەکرد، کە وەک زۆربەی زۆری پرۆگرامەکانی هۆشیارکردنەوەی حزبی شیوعی، رقو کینەی دژی داگیرکاریی خۆرئاوا نیشاندەدا، وەک پەتایەک وەسفی دەکرد کە جەستەی گەلە دواکەوتوەکان دادەڕزێنێت. کە لەتێزی ئەو نامیلکەیە دەگەیشت، عوسمان نامیلکەکەی فەهدی خستە بەردەمی «پێداویستیەکانی خەباتی نیشتیمانیمان». پاش ئەوە فوئاد سەرقاڵ بوو بەخوێندنی بابەتەکانی دیکەی پرۆگرامەکانی هۆشیارکردنەوە. دوای ئەوە نامیلکەکەی فەهدی خوێندەوە «حزبی شیوعی، سۆشیالیست دیموکرات نییە».

لەساڵی داهاتودا رێکخەرانی کتێبەکانی «ستالین»ی دایە، کتێبەکانی «مادیی دیالیکتیکیو مادیی مێژووی «و مارکسیزم و پرسی نەتەوەیی «لەسەریەک خوێندەوە، کتێبەکانی لینینی تاڕادەیەک درەنگ خوێندۆتەوە.

### کاریگەریی گەلاوێژی بەسەرەوە بوو

پەرۆشیی بۆ خوێندنەوە تەنها ئارەزوویەکی خودی نەبووە، بەڵکو رەنگدانەوەی رەوشی سایکۆلۆژی خێزانەکەشی لەسەربووە، باوکی خوێنەرێکی باشبووەو کتێبخانەیەکی تاڕادەیەک باشی هەبووە، جگە لەوەش خوێنەرێکی باشی گۆڤاری گەلاوێژ بووە، کە پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەر بووە، د. کەمال فوئاد ئەو خووەی لەباوکییەوە



پۆرترێتی مارکسو ئەنگڵسو لێنینو ستالین رابەرانی کۆمۆنیزمو سۆشیالیزم

> گواستنەوەی بەردەوامی خانەوادەکەی لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە، هەستی نەتەوایەتی ئەوی بزواندو یارمەتیدەری بوو کە بتوانێت بەچەندین شێوەزار بدوێت

# ـــوون لەحزبی شیوعی عیراقدا



بۆ ماوەتەوە، تێزە نەتەوەییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ کاریگەریی زۆریان لەسەری هەبووە، سەبارەت بەو گۆڤارە «فوئاد»دەڵێت: «ئەو گۆڤارەم لەبەرگەوە بۆ بەرگ دەخوێندەوە، لەڕاستیدا من قەرزاری ئەو گۆڤارەم، نەک بەتەنها لەبەر پەرەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەییم، بەڵکو ڕێزی بۆچوونەکانی ئیبراهیم ئەحمەدی لەناخمدا چاند»، بەم شێوەیە فوئاد بۆچوونێکی نایابی لەسەر ئیبراهیم ئەحمەد لەلا دروست دەبێت، تەنانەت بەرلەوەی حزبی شیوعی بەجێبهێڵێتو پەیوەندیی بە حزبەکەی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بکات. فوئاد هەندێک جار زیادەڕۆیی دەکرد لەخوێندنەوەدا، بەڕادەیەک ماوەیەک کتێبی لەکتیبخانەیەکی گەڕەکەکەی دەهێناو بۆ هەر شەوێک ٤ فلسی دەدا لەبەرامبەر خوێندنەوەی کتێبەکەدا.

کەواتە، ئێمە لەبەردەم لاوێکداین، ئارەزووی زانستەو بەجۆشە بۆ کارکردن، ئەمەش ئەو واقیعە گرنگە، جەختی لەسەر دەکاتەوە، چونکە فوئاد لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا، یەکێک بوو لەو پێنج ئەندامەی ئەو لیژنەیەی کە حزبی شیوعی هەڵیبژاردن لەبەغدا بۆ سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی ١٩٥٢ی بەغدا، لیژنەکە لەپاڵ د. کەمال فوئاددا پێکهاتبوو لەحەمدی ئەیوب، مەهدی عەبدولکەریم، جەمال خەلیل، وەجدی شەوکەت سری. بەهۆی چالاکییە شۆڕشگێڕییەکانییەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە دەستگیردەکرێتو دەخرێتە بەندیخانەوە، لەبەندیخانە ئاشنایەتیی لەگەڵ «نوری ئەحمەدی تەها» پەیدا دەکات کە سەربە پارتی دیموکرات بووە، ئەو ئاشنایەتییە دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت کە لەڕێبازی نەتەوەخوازەکانی کورد تێبگات.

## دڵڕەق بوو بەڵام ئیداریی بوو

ساڵی ١٩٥٤ شیوعییەکان لەسلێمانی لەبارودۆخێکی خراپدابوون، هێزەکانیان بەرەو لەناوچوون دەچوو، ناوبانگیشیان وەک حزبێکی پۆڵاین بەرەو توانەوە دەڕویشت، لیوا عومەر عەلی پارێزگاری سلێمانی -کە زۆر دڕبوو-، سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر شیوعیەکاندا بەدەستهێناو شانە نهێنییەکانی ئەو حزبەی لەناوبرد، حکومەت بەتایبەت ئەوی ناردبوو بۆ سلێمانی، تا هێزی شیوعییەکان لەناوبەرێت، ئەو ژەنەراڵە بەڕەچەڵەک تورکمان بوو، زۆر رقی لەکوردو شیوعییەکان بوو، حکومەت لەسوپاوە گواستبوویەوە بۆ سەر وەزارەتی ناوخۆ، بەمەبەستی لەناوبردنی حزبی شیوعی لەشاری سلێمانی، بەهۆی دڵڕەقیو شارەزایی ئیداریو لێهاتوویی، توانی ئەو ئەرکەی کە پێیسپێردرابوو، بەتەواوی جێبەجێی بکات، لەسەر دەستی ئەو ژەنەڕاڵەدا حزبی شیوعی لەسلێمانی زۆر لاوازبوو، لیوا عومەر عەلی شانەکانی حزبی شیوعی هەڵۆشاندەوەو زۆربەی سەرکردە ناوخۆییەکانی خستە بەندیخانەوە، سەرباری ئەوەش هەیبەتێکی گەورەی بۆ خۆی پەیداکرد، بەتایبەت پاش ئەوەی بەتەواوی باندەکەی خولەپیزەی لەناوبرد.

لەو بارودۆخە ناهەموارەدا حزبی شیوعی «فوئاد»ی هەڵبژاردو ئەو ئەرکە قورسەیان پێسپارد، کە بریتیبوو لەچالاککردنەوەی کاری نهێنی شیوعییەکان لەسلێمانی، د. کەمال تازە لەبەندیخانە ئازادکرابوو، لەساڵی ١٩٥٢ەوە شاری سلێمانی بەجێهێشتبوو، لەخویدا رادەبینی چالاکییەکانی لەسلێمانی دەستپێبکاتەوە، هەموو خولیایەکی ئەوەبوو بیسەلمێنێت کە سەرباری سەرکوتکردنیش، شیوعییەکان دەتوانن جارێکی دیکە بژێنەوە، فوئاد کە گەڕایەوە بۆی دەرکەوت دۆخی حزبی شیوعی سلێمانی زۆر پەرێشانە، ژمارەی ئەو کەسانەی توانیبویان پارێزگاریی لەنهێنییەکانی حزب بکەن، تەنها ٦٧ کەس بوون، پاش تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر گەڕانەوەیداو بەهەوڵو ماندوبوونێکی زۆر، توانیی شانە نهێنییە پەرتەوازەکان کۆبکاتەوە، یەکێک لەکارە پێشنینەکانیشی ئەوەبوو بیسەلمێنێت کە حزبی شیوعی زیندووە، هەڵمەتێکی ڕێکخراوی ئەنجامدا بۆ بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی بەیاننامە شۆڕشگێڕییەکان لەهەموو جێگەیەکدا، ئەم کارەش عومەر عەلی-ی زۆر تورە کردو مەترسیی ئەوەی لێنیشت کە لەناوبردنی شیوعییەکان تەنها پڕوپاگەندە بێت، داوای لەپۆلیسە نهێنییەکانو سیخوڕەکانی کرد چاودێریی چالاکیی شیوعییەکان بکەن، ئەوەش نیشانەی نیگەرانیبوو لەزیندوبوونەوەی بزووتنەوەی شیوعییەکان لەسلێمانی، سەرباری هەوڵەکانی، بەڵام شکستی هێنا لەبەرپەرچدانەوەی شیوعییەکان، بەڵام کەمال فوئاد سەرباری وریاییو بەئاگایی، لەکۆتاییدا پۆلیس دەستگیریان کرد، یەکێک لەسیخوڕەکان بەرێکەوت دەیناسنو پۆلیسی لێ ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام دەسەڵاتداران شکستدەهێنن لەسەلماندنی پەیوەندیی ئەو بەحزبی شیوعییەوە، لەماڵەکەیدا کە حەشارگەیەی چاپەمەنی بوو، هیچ بەڵگەیەکیان نەدۆزییەوەو پاش یەک هەفتە لەدەستگیرکردنی ئازادیانکرد.

## ناکرێت لە بزووتنەوە نەتەوەییەکە داببڕێت

هەر لەساڵی ١٩٥٤ وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە ڕوویدا لەڕێبازی حزبی شیوعی، تا ئەو سەردەمە حزبی شیوعی شانازیی بەکۆمەڵێک بەهای ئەخلاقییەوە دەکرد کە هەرە مەزنەکەیان حزبێکی نەتەوایەتی نین، واتە وا خۆی دەبینی کە حزبێکە هیوای پێکەوەژیانی هەمووانە لەنیشتیمانێکی یەکگرتوودا، دوور لەدەمارگیریی رەگەزییو ئاینیو تایفی، بەڵام شیوعییەکان بۆیان دەرکەوت ئەستەمە تا کۆتایی بتوانن پارێزگاریی لەو ئامانجە بکەن. پێداویستییە پراگماتیکییەکان هێدی هێدی خەریکبوو بەسەر پێداویستییە ئایدیاییەکاندا دەردەکەوت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لەهەڵچوونێکدا بوو، حزبی شیوعی ناچارکرد چاو بەسیاسەتی هاوسەنگیی نەتەوەییدا بخشێنێتەوە، لەگەڵ دەستپێکردنو توندبوونی هەڵچونی پرسی فەڵەستین، حزبی شیوعی بەئاشکرا مەیلی بەلای خۆ گونجاندن لەگەڵ پێداویستییە نەتەوایەتییەکاندا زیادی کرد، درەنگ بۆی دەرکەوت کە دەکرێت ئەکتیڤانە بەشداریی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بکرێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی حزبی شیوعی. بەم شێوەیە بۆی دەرکەوت قۆناغ بەقۆناغ لەگەل ڕەوتی بزووتنەوە نەتەوەیاتییەکاندا ڕێدەکات. ساڵی ١٩٤٨ کاتێک عەرەب لەیەکەم جەنگیاندا دژ بەجولەکە شکستیانهێناو دژایەتیکردنی جولەکە لەعیراق زۆر پەرەیسەندو هەڵچوونی جەماوەریی دژ بەجولەکەو بەریتانیا هەڵکشانی بەخوەبینی، هەروەک سیاسەتە نەتەوەییەکانی عەبدولناسر جۆشو خرۆشی جەماوەریی زیادکرد، بەمەش حزبی شیوعی گەیشتە قەناعەت ناکرێت لەبزووتنەوە نەتەوەییەکان جیاببێتەوە.

## داوا نەتەوەییەکانی پشتگوێ خست

هەمان ساڵ بۆیان دەرکەوت مەیلی نەتەوەیی دزەی کردوەتە نێو ریزەکانی حزبی شیوعییەوە تا ئەو رادەیەی عەرەبە شیوعییەکان، هەندێک رەفتاریان لەبەرامبەر کورد کردووە لەمەیلی زۆری نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبوو. ڕەوشی ئەدەبیو مۆراڵی لەڕیزەکانی حزبی شیوعیدا جۆرێک لەدووفاقی پێوە دیاربوو، حزبی شیوعی عیراق پشتیوانیی خۆی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرب دەردەبڕی، بەبیانوی پێویستیی پشتگیریکردن لەداواکارییەکانی فەلەستینو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی عیراق بەخۆرئاوای داگیرکەرەوە، ئەم سیاسەتە وایکرد حزبی شیوعی پشتگیریی بکات لەداواکارییە نەتەوەییەکانی عەرەب، بەڵام لەهەمان کاتدا داوا نەتەوەییەکانی کوردی پشتگوێ دەخست، کوردە شیوعییەکان هەستیان کرد کە قورسە بتوانن تێڕوانینی ئایدۆلۆژییان کە لەسەر بنەمای نێونەتەوەییو یەکسانی لەمافدا بنیاتنراوە لەگەڵ پێداویستییە بڕاگماتیکییەکانی سیاسەتی ناوەندیی حزبدا بگونجێنن. ئەو سیاسەتە وایکرد تاکبینانە بڕوانێتە پرسی نەتەوەیی، لەکاتێکدا دەبینین حزبی شیوعی مۆرکێکی شۆڕشگێڕیی دەبەخشێتە بزووتنەوەی نەتەوەی عەرەبی، لەبەرامبەردا لەبەر چەند پاساوێکی لاواز ئەو مۆرکە بەڕەوا نازانێت بۆ بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد. ئەمەش پەیوەندیی بەهەڵوێستی ئایدۆلۆژییەوە نییە لەبەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەییدا، بەڵکو پەیوەندیی بەلایەنگیرییو مۆرکی نەتەوەییەوە هەیەو بۆ بزووتنەوەیەکو نەک بزووتنەوەیەکی دیکە. بەهەند وەرنەگرتنی داواکاریە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەلایەن حزبی شیوعییەوە گوایە ئەو داواکارییانە لەگەڵ داواکارییە ئایدۆلۆژیەکاندا یەک ناگرێتەوە، هەنجەتی حزبی شیوعی ئەوەبوو کە گوایە: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد «نەبۆتە پرسێکی گەشەسەندوو».

## چاوی بە شەهید قاسملو کەوت

ئەو ڕووداوانە ئازارێکی زۆری لەناخی ئەودا دروستکرد، ڕووداوێکی دیکەی مانا بەخشو یارمەتیدەربوو لەتێگەیشتنی ریزبەندیی پەرەسەندنی بیرۆکەی جیابوونەوە لەحزبی شیوعی لەساڵی ١٩٥٥.

عەبدولرەحمان قاسملۆ کە دواتر بووە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەسەردانێکی نهێنی دەگاتە سلێمانیو چەند ڕۆژێک لەماڵی خەسرەو تۆفیق دەمێنێتەوە، فوئاد لەوێ چاوی پێیدەکەوێتو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، لەوە تێدەگات کە حزبی دیموکراتی ئێران، پەیوەندیی لەگەڵ حزبی تودەی شیوعی ئێراندا هەیەو پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوانی هەردوو حزبدا هەیە، واتە تودە ڕێکخستنی کوردەکانی ئێرانی

> بۆ جیابوونەوە لە حزبی شیوعیو دروستکردنی ڕێکخراوێکی شیوعیی کوردی دەیویست سوود لە ئەزموونەکەی شەهید قاسملو حزبی تودەی ئێران ببینێت



## شەش دەیە خەبات

بۆ حزبی دیموكرتی كوردستانی ئێران بەجێهێشتووەو تودە هیچ ڕێكخستنێكی نهێنی لەنێو كوردەكاندا نییە، ئەو پەیوەندییە دەتوانرێت لەڕووی كردارییەوە وا پۆلین بكرێت كە جۆرێكە لەكۆنفیدرالی سیاسیی نێوان هەردوو حزبەكە.

لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا، د. كەمال فوئاد هەوڵیدا داواكارییە نەتەوایەتییەكانی لەگەڵ بیرو بۆچوونە كۆمۆنیستیەكانیدا بگونجێنێت، لەیەكەم چاوپێكەوتنیدا لەگەڵ سەلام عادل سكرتێری حزبی شیوعی، هەوڵیدا سەرنجی بۆ ئەوە رابكێشێت كە سیاسەتی مەركەزیی حزب لەبەرامبەر كورد لەگەڵ داخوازییە نێونەتەوەییەكاندا نایەتەوە، دیالۆگی نێوان ئەو دوو كەسە رەنگدانەوەی دوو تێڕوانینی جیاوازبوو، بەڵام تا بایكۆتكردن نەبوو، فوئاد جەختی كردەوە مۆركی نەتەوەیی عەرەبی رەنگیداوەتەوە لەسەر حزبی شیوعی، عادل بەهێمنی وەڵامی دەداتەوە، بەڵام بەسووربوونەوە دەڵێت: بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب، بزووتنەوەیەكی دژ بەداگیركەرەو پێشكەوتنی پێوە دیارە، عادل بەوە دەناسرا كە بایەخی بەنەتەوەی عەرەب دەداو داوایدەكرد كوردە شیوعییەكان بەشدارییەكی توندو بەهێزی تێدا بكەن , ئەوەی جێگەی سەرنجە كەمال فوئاد وەك كەسێكی نەتەوەیی، بەتوندی وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: ناكرێت لەشاری سلێمانی پڕوپاگەندە بۆ عەرەب بكەین، ئێمە لێرە دەتوانین تەنها پڕوپاگەندە بۆ نەتەوەی كورد بكەین، پاساوەكانی عادل بۆ پێویستیی بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەب بەبیانوی گوایە دژی داگیركەری بەریتانیایەو لەلایەن هاوڕێیانی رووسیاوە پشتگیریی دەكرێن، ئەوە ئاشكرا دەكات تا چ ئاستێك بونیاتی نەتەوەیی كاریگەریی بەسەر سیاسەتی مەركەزیی حزبی شیوعیدا بەجێهێشتووە.

### دۆزینەوەی زمانی هاوبەش لەگەڵ پارتی

هەرچۆنێك بێت كەمال لەو دیالۆگەی لەگەڵ عادلدا سەرپشك كرا پەیوەندیی بەنەتەوە خوازەكانی پارتی دیموكراتەوە بكات. سەرباری ئەو زمانی دۆستانەیەی كە عادل قسەی پێكرد سەبارەت بەدیدگای خۆی لەبارەی داواكارییەكانی گەلی كوردەوە، بەڵام كەمال فوئاد هیچ جۆرە پەرۆشییەكی بەقسەكانی عادلەوە بەدی نەكرت سەبارەت بەبزوتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی كورد. كاتی ئەوە هاتبوو فوئاد تێڕوانینی نەتەوایەتی خۆی بخاتە سەر مەحەك، یەكەمین كار كە فوئاد ئەنجامیدا پاش ئەو سەرپشككردنەی لەرێگەی محەمەدو قادری حاجی تاهیر كە هەردووكیان برابوون، پەیوەندیی كرد بەپارتی دیموكراتەوە، هەوڵەكانی یارمەتیدەربوون لەدۆزینەوەی زمانێكی هاوبەش لەگەڵ ئەواندا، فوئاد بەو كەسانەی وت كەلەگەڵیاندا گفتوگۆی دەكرد هیچ رێگەیەكی دیكەمان نییە جگە لەیەكترنزیكبوونەوە، وتیشی ئەو بەجدی هەوڵی گۆڕینەوەی بیرورِا دەدات لەگەڵ ئەوانداو پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو حزبەكە پتەوتر بكرێتو بەشدارییان لەتەكدا بكات لەپێناو دارشتنەوەی سیاسەتێكی یەككگرتوو ،كە مۆركی نەتەوەیی پێوە دیاربێت بەمەبەستی بەهێزتركردنی پێگەی ئەدەبیی گەلی كورد. لەڕووی سیاسییەوە، ئەو گفتوگۆیەی فوئاد پارتی دیموكراتی دڵخۆشكرد، تاڕادەیەكیش لەوانەیە بڕوایان بەوە نەكردبێت ئەو جۆرە قسانە كە مۆركی نەتەوەییان پێوە دیاربووە



یوسف سەلمان- فەهد

لەشیوعییەكەوە ببیستن، پاشان بەخێرایی پرسیارێك ئاراستەی فوئاد دەكرێت لەلایەن ئەو كەسانەی كە لەگەڵیاندا كۆببۆوە كەزۆر نیشانەی سەرسوڕمانی پێوە دیاربوو، ئەویش ئەوەبوو كە لێی دەپرسن ئەو شتانەی كە بیستمان بۆچوونی تایبەتی خۆتە یاخود رەنگدانەوەی رینماییەكانی حزبەكەتە؟ فوئاد زۆر بەمتمانەوە وەڵام دەداتەوە «ئەوە بۆچوونی تایبەتیو مەركەزیشە» لەهەمان كاتدا ناتوانین لەبۆچونی نەتەوەیی فوئاد بەوردی تێبگەین، بەبێ زانینی رۆڵی گەورەی لەهاندانی حزبی شیوعی بۆ راستكردنەوەی بیریان سەبارەت بەداواكارییە نەتەوەییەكانی گەلی كورد. ئەوەش بەباشترین شێوە لەكۆنفرانسی ساڵی ١٩٥٦دا دەركەوت كاتێك توانیی بۆچوونی نەتەوەیی خۆی بسەپێنێت بەسەر كۆنفرانسەكەدا لەبەغدا، لەو ساڵەدا حزبی شیوعی لەیەكێك لەحەشارگەكانیدا لەناوچەی تەل محەمەد كە یەكێكە لەناوچە پەراوێزخراوەكانی شاری بەغدا كۆنفرانسی خۆی بەست بەبەشداریی ٣٥ ئەندامی شیوعی، كە پێنج لەو ئەندامانە كورد بوون، لەنێویاندا فوئاد، ساڵح، جەمال حەیدەری، حیكمان فارس، كاكەی فەلاح، حەمید عوسمان بەهۆی سەرقاڵیی و بەشداریكردنی لەڕێكخستنی مانگرتن لەكاركردن لەشاری موسڵ، ئامادەی كۆنفرانسەكە نەبوو.

### قسەی لە مافی چارەنووس بۆ كورد كرد

فوئاد لەو سەردەمەدا تەمەنی تەنها ٢٤ساڵ بوو كە بەتەمەن لەهەموو ئەندامانی كۆنفرانس بچووكتربوو، بەشداریی جدیو كارای تارادەیەك زۆربەی ئەندامانی تووشی سەرسوڕمان كردو وایكرد نەتوانن كۆنفرانسەكە لەماوەی سێ رۆژدا كۆتایی پێبهێنن وەك لەسەرەتاوە پلانی بۆ دارێژرابوو، بەهۆی مشتومڕو بەهێزیی بەڵگەو سووربونی لەسەر دانانی ئایدۆلۆژیا لەبری هۆكارە تەكتیكییەكان، بریاردرا رۆژێكی دیكە بۆ كۆنفرانسەكە زیادبكرێت، فوئاد گفتوگۆكانی راشكاوانە دەستپێكردو ئاماژەی بۆ ئەوەكرد كە حزبی شیوعی خۆی دزیوەتەوە لەپابەندبوونە ئەخلاقیو ئەدەبیو ئایدۆلۆژییەكانی لەبەرامبەر گەلی كورد، دەستی كرد بەخستنەڕووی بابەتی مافی كورد لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆی، بەپشتبەستن بەپاساوی ئایدۆلۆژییو دوور لەپاساوی تەكتیكی، فوئاد ئاماژەی بۆ ئەوە كرد نۆبەرەی حزبی شیوعی بریتیبووە لەخەباتكردن لەپێناو یەكسانیدا، لەكۆنفرانسەكەدا رایگەیاند: »پرسی نەتەوەیی، پرسێكی گرنگەو نابێت فەرامۆش بكرێت، مافی چارەنووسی كوردیش پێویستە بەڕوونیو بێ پێچو پەنا دانی پێدابنرێت « لەكاتێكدا فوئاد باسی لەكەمتەرخەمیی حزبی شیوعی دەكرد لەئەركە نێونەتەوەییەكەیدا لەبەرامبەر گەلی كورد، بەئەنقەست رەخنەی لەو چارەسەرە گرت كە حزبی شیوعی بانگەشەی بۆ دەكرد كەبریتیبوو لەمافی ئۆتۆنۆمی هەرێمیی سنووردار. فوئاد لەدیدگای حزبی شیوعییەوە ئابڕوی تێزی ئۆتۆنۆمی برد كە ئەوان بانگەشەیان بۆ دەكردو داوای كرد دەست لەو پروپاگەندانە هەڵگرنو نارەزایی دەربڕی كە بانگەشە كردن بۆ ئۆتۆنۆمی تەنها بانگەوازێكی مەنشەفییە. لینین لەگفتوگۆ توندەكەیدا لەگەڵیاندا ریسوای كردو وتی: چارەسەری بەلشەفی بۆ كێشەی كورد بریتییە لەدانانان بەمافی بڕیاردانی چارەنووسدا نەك مافی ئۆتۆنۆمی ئیقلیمی، د. كەمال فوئاد ئەو پرسیارەی وروژاند: چۆن حزبی شیوعی دەتوانێت كێشەی نەتەوەیی چارەسەر بكات، گەر پشت بەماركسیزم نەبەستێت؟ ئەو زۆرانبازییەی كە پاش داكۆكیكردنەكەی لەمافی نەتەوەیی گەلی كورد هات لەبڕیاردانی چارەنووس، بریتیبوو لەململانێكردن لەدوو بۆچوونی جیاواز لەسەر كێشەی كورد، ئەو لێدوانەی كەمال كە وتی: «حزبی شیوعی لەرێگە چارەی لینین بۆ چارەسەركردنی كێشەی نەتەوەیی دووركەوتۆتەوەو بۆتەهۆی توڕەكردنی عەرەبە شیوعییەكانو ئەوان پێشنیازیان كرد پێشنیازەكەی فوئاد كە داوادەكات حزبی شیوعی دان بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی كورددا بنێت، بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە ئەوان لەوە دڵنیابوون خۆیان براوە دەبن بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەندامە عەرەبەكانەوە، سووربونی ئەوان كە دەبێت كەمینە ملكەچی زۆرینە بێت.

### كۆی دەنگ نەك زۆرینە

رەنگدانەوەی ئارەزووی ئەوانی دەرخست بۆ پڕوباگەندەكردن بۆ دەستەواژە بریقەدارەكانو مەیلی ئەوانی ئاشكراكرد بۆ پابەندبوونیان بەو دیمەنانەی كە دیموكراسیی پێهەڵخەڵتێنن، ئەگەر دەنگدانەكە بكرایە، بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەوانەوە فوئادو هاوڕێ كوردەكانی دەیاندۆڕاند. عادل كێشەكەی زۆر لێهاتووانەو مەبدەئیانە یەكلاییكردەوەو روونیكردەوە كێشەی عەقیدە بەدەنگدان یەكلاناكرێتەوەو باشتروایە قەناعەتێكی تەواو بدۆزرێتەوە كە كۆنفرانس بڕیاری لەبارەوە بداتو وتی: «ئەوەی زانراوە لەحزبی شیوعیدا بڕیارەكان بەكۆی دەنگ بڕیاری لەبارەوە دەدرێت نەك بەزۆرینەی دەنگەكان» سووربوو لەسەر ئەوەی فاكتەرە ئەدەبییەكانی ناكۆكییەكان لەفاكتەرە مادییەكان مەترسیدارترە، ئەگەر لێهاتووانە چارەسەرنەكرێت. عادل داوایكرد «لیژنەیەكی دووقۆڵی لەعامر عەبدوڵڵاو كەمال فوئاد پێكبهێنرێت تا بۆچوونەكان بەشێوەی نووسراو پێشكەش بكرێت، پاش ئەوەی لێكۆڵینەوەیەكی وردی لەبارەوە دەكات، بەم شێوەیە ئەو دووكەسە پاش پێكهێنانی لیژنەكە سەرقاڵ بوون بەگەڕان بەدوای فۆرمێكی گونجاودا كە لەگەڵ داواكارییە ئایدیۆلۆژییەكاندا بگونجێتو دژی پێداویستییە تاكتیكیەكان نەبێت. هەر لەسەرەتاوە عەبدوڵڵا بەزمانی خۆی وتی: ئەو زۆر پێویستی بە لەیەككگەیشتنە سەبارەت بەفۆرمێك كە بایەخ بداتو زامنكردنی بەردەوامی هەڵچوونی بزووتنەوەی عەرەبی لەبەرچاوبگرێتو لەهەمان كاتدا مەترسیی دروستنەكات لەلای كوردە نەتەوە پەروەرەكان. پاش هەوڵێكی بێوچان فوئادو عەبدوڵڵا گەیشتنە فۆرمێكی تایبەت سەبارەت بەكێشەی كورد كە كۆنفرانس لەراپۆرتی خۆیدا بڕیاری لەسەردابوو و لەناملیكەیەكی تایبەتدا بڵاویكردەوە پاشان لەرۆژنامەی»ئیتیحاد ئەلشەعب» كە ئۆرگانی رەسمیی حزبی شیوعی بوو بڵاوكرایەوەو لەراپۆرتەكەدا هاتبوو «گەلی كورد لەعیراق بەشێكی دانەبڕاوی نەتەوەی كوردە لەسەرجەم بەشەكانی كوردستاندا كە داگیركەر دابەشیكرد، سەبارەت بەئۆتۆنۆمیش كە فوئاد لەبایەخی كەمكردەوە لەپڕوپاگەندەكانی حزبی شیوعیدا، لەراپۆرتەكەدا هاتبووكە» ئۆتۆنۆمی بەپێی یەكێتی ئارەزوومەندانەی برایانە چارەسەرێكی كاتییەو بەرژەوەندییەكانی هەردوو گەلی كوردو عەرەب وادەخوازێت. بەشێوەیەكی سەرەكیش بەرژەوەندیی گەلی كورد واتە ئەوە چارەسەری كۆتایی كێشەی نەتەوەیی گەلی كورد نییەو نابێتە ئەڵتەرناتیف بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی كورد «. لەوێ فوئاد توانیی كاركردنی دروست بۆ حزبی شیوعی لەنێو گەلی كورددا بنیات بنێت، بەڵام جۆشو خرۆشی لەكاركردندا تووشی ئاستەنگ هات كە بریتی بوو لەسووربوونی مەركەز لەسەر سەپاندنی فەرمانەكانی بەسەر لقی كوردی حزبدا، ئەو سووربونەش تەنها دەچووە خانەی گومانكردن لەمەیلی نەتەوەیی كوردە شیوعییەكان، یەكەمین كۆبوونەوەی



فایەق سامەڕایی

سەلام عادل هاوڕێ لەگەڵ شەریف شێخ پاش كۆنفرانس، لەگەڵ لێپرسراوانی لقە كوردییەكانی كەركوك، گفتوگۆیەكی گەرمی بەخۆەو بینی لەبارەی رێكخستنی پەیوەندیی نێوان ناوەندو لقەكان، ئێمە لەسەر دوو هێڵی دژ بەیەكین « لەكاتێكدا ناوەند ئارەزووی دەكرد بەتوندی لقەكان كۆنترۆڵبكاتو بیانخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە، لەبەرانبەردا كوردە شیوعییەكانی داوایان دەكرد پەیوەندییكی ئەدەبیانەیان لەگەڵ ناوەندا هەبێتو ئازادیی فراوانیان هەبێت لەكاری ئۆرگانیدا لەكوردستان، فوئادو حەیدەریو عوسمان بەناچاریی رازیبوون لقە كوردییەكە بخرێتە ژێر ئیدارەی شەریف شەیخەوە كە كەسێكی نزیكبوو لەلای سەلام عادل.

### بەرتەسككردنەوەی پەراوێزی مانۆڕە سیاسییەكانە

ئاشكرایە كە كەمال فوئاد حەزی نەدەكرد پێداویستییە نێونەتەوەییەكان ببنە كۆسپ لەبەردەم بۆچوونە نەتەوایەتییەكانی، راشیگەیاند ئەو پێداویستییە نێونەتەوەییانە نەبوونە گرفت لەبەردەم بەشداریكردنی حزبی شیوعی لەبزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیدا، پێدەچێت لەبەر هەمان هۆكار نەبەنە كۆسپ لەبەردەم بەشداریكردنی لقە كوردییەكەش لەبزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورددا.

جەنگەكەی ئەو لەگەل شەریف شێخدا ئەوەندەی جەنگ بوو لەنێوان دوو لێكدانەوەی جیاواز بۆ مانای نێونەتەوەییو نەتەوەیی، ئەوەندە جەنگی ئایدۆلۆژی نەبووە، لەكاتێكدا شەریف شێخ و هاوڕێكانی لەناوەندی حزبی شیوعی، پێیانوابوو كە مەیلی نەتەوەیی كوردە شیوعییەكان، گیانی نێونەتەوەییو یەكپارچەیی باوەڕو ئایدۆلۆژیی پاكی حزبی شیوعی دووچاری مەترسیی گرمۆڵەبوون دەكات، فوئادو هاوڕێكانی لەكوتلەی شیوعییە كوردەكان پێیانوابوو، جیاكردنەوەی كوردە شیوعییەكان لەبزووتنەوە نەتەوایەتییەكان پەراوێزی مانۆڕە سیاسییەكان بەرتەسكتر دەكاتەوەو دەبێتە مایەی تێكچوونی پەیوەندیی نێوان شیوعییەكان و دەوروبەریان.

د. كەمال بەڵگەیەكی بەهێزی پێشكەشكرد كە تێكەڵاوبوونی شیوعییە كوردەكان لەبزووتنەوەی كوردایەتیدا، لەوانەیە ببێتە هۆی باشتر بڵاوبوونەوەی شیوعییەت، پاش كۆنفرانسەكە بەماوەیەك، هەواڵی كۆچی دوایی شیخ مەحمود بڵاوبۆوە، ،شێخ مەحمود پاشای كوردستان بوو، بەریتانییەكان لەبیستەكانی سەدەی رابردوودا لەسەركار لایان بردبوو، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی

لەكاتێكدا ناوەندیی شیوعی ئارەزووی دەكرد بەتوندی لقەكان كۆنترۆڵبكات، لەبەرامبەردا ئەندامە كوردەكان داوایان دەكرد ئازادیی فراوانیان هەبێت لەكاری ئۆرگانیدا لەكوردستان





سەلام عادل

هەواڵەکەدا جەماوەری کوردستان خرۆشان، د. کەمال فوئاد رێوشوێنی ریشەیی گرتەبەر، لەوانە بەشداریکردنی شیوعییە کوردەکان لەپێشوازیکردن لەرِوفاتی شێخ، ئەو رۆژەی کە روفاتەکە لەبەغداوە گەیشتە شاری سلێمانی، پشێوییەکی زۆر دروست بوو، جەماوەر رژانە سەر شەقامەکان بۆ پێشوازیکردن لەرِوفاتی شێخ، لەمەراسیمی پێشوازییکردنەکەدا بەهۆی هەستی نەتەوایەتییەوە، هەستی جەماوەر بزواو بوو بەخۆپیشاندانێکی جەماوەری، جەماوەری راپەڕیو هێرشیان کردە سەر بینای سەراو پێکدادان لەگەڵ پۆلیسدا دروست بوو، د. کەمال فوئاد هانی شیوعییەکانی دابوو بەشدارییەکی کاریگەرانە لەخۆپیشاندانەکەدا لەگەڵ نەتەوەخوازەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بکەن، بەپێی بەرنامەکەی د. کەمال فوئاد کە لەگەڵ نوری ئەحمەد تەها-ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا هەماهەنگی کردبوو، لەنیوە شەودا پۆلیس هەردووکیان لەگەڵ نزیکەی ٢٠٠کەسی دیکە دەستگیردەکات، لەوانەی بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان کردبوو. لەو ماوەیەی کە ئەو سەرپەرشتیی شانەکانی حزبی شیوعی دەکرد لەسلێمانی، سەرکەوتوبوو لەدروستکردنی کەشێکی ئەدەبی، کە هانی کوردە شیوعییەکانی دەدا پەیوەندیی بەهێز دروستبکەن لەنێوان خەباتی چینایەتیو خەباتی نەتەوایەتیدا، ئەوەش وایکرد بیرۆکەی دۆزینەوەی جۆرێک لەهاریکاریی لەگەڵ پارتی دیموکراتدا لەلا دروست بێت، ئەو سەرەتا هەرگیز نەیدەویست پرۆژەکەی بەتێکەڵکردنی ئۆرگانی کۆتایی پێبێت، هەڵسنگاندنی بارودۆخەکە وای لێکرد پێی وابێت چەندین هۆکاری بەرجەستەو تاکتیکی وادەخوازێت کە داخوازییەکانی بزووتنەوەی شیوعییەت تێکەڵ بەبزووتنەوەی نەتەوایەتی بکرێت لەکوردستان.

### یەکەمین ژمارەی «ئازادیی کوردستان»

ئەو بەپێچەوانەی بڕیاری ناوەندیی حزبەکەیەوە پێیوابوو ئەوە لەبەرژەوەندیی شیوعیەکاندایە نەکلەدژیان. یەکەمین ژمارەی «ئازادیی کوردستان» کە لقی کوردی حزبی شیوعی پاش کۆنفرانس بڵاویکردەوە، مەیلی زۆری شیوعییە کوردەکانی دەردەخست بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی زیاتر، ئەو ژمارەیە لەهەر بڵاوکراوەیەکی دیکە زیاتر کاریگەرییەکی زۆری بەجێهێشت بەسەر ناوەندیی حزبەوە، چونکە سەرکردایەتیی حزبی لەوە ئاگادارکردەوە کە شیوعییە کوردەکان ئاواتیان لەجۆرێک لەسەربەخۆییە لەحزبێکی شمولی نهێنیدا کە ئامادەنییە دەستبەرداری ناوەندێتی رەها بێت، حزب پێیوابوو وتارەکانی رۆژنامەکە وەکو پێویست لەگەڵ هێڵی سیاسی و بۆچوونی حزبدا ناگونجێت، شەریف شێخ داوایکرد گوشار بخرێتە سەر کوردە شیوعییەکانو بەخۆیاندا بچنەوە بەر لەبڵاوکردنەوەی هەر شتێک، پاشان داوایکرد بەهەموو ئەو بابەتانەدا بچێتەوە کە ئامادەکراوە بۆ بڵاوکردنەوە بەر لەبڵاوکردنەوەی.

جیاوازییەکانی نێوان ناوەندو لق بەشێوەیەکی زیاتر لەڕووداوێکی دیکەی ماناداردا دەرکەوت. لیژنەی لقی کوردستان وتارێکی ئامادە کردبوو بەناونیشانی «لەپێناو رزگارکردنی کوردستاندا» کەدەیویست لەڕێگەی ئەو وتارەوە بۆچوونی کوردە شیوعییەکان نیشانبدات، کە ناکرێت رۆڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەهەند وەرنەگیرێت لەخەباتی گشتیدا، کاتێک لق ویستی رەزامەندیی ناوەند وەرگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکە، زۆر بەتوندییو توڕەیی وەڵامدرانەوەو وتارەکە لەبەغدا دەستی بەسەرداگیراو ناوەند نەیگەڕاندەوە. هەموو ئەوانە وایکرد د. کەمال فوئاد بەپەرۆشییەوە بیر لەدۆزینەوەی جۆرێک لەهاریکاریو لێکتێگەیشتن بکات لەنێوان حزبەکەیو پارتی دیموکراتدا، هاوشێوەی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانوحزبی تودە، کە دواترلەگەڵ حەیدەریدا بەبێ راوێژکردن لەگەڵ ناوەندیی حزبدا دەستیانکرد بەپەیوەندییکردنی بەهێز لەگەڵ نەتەوەپەروەرەکانی پارتیدا، تەنها بیرۆکەش کە مێشکو بیری سەرقاڵ کردبوو، دەتوانرێت بەکردارییو لەڕووی رێبازەوە ئەکرێت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان یەکبخرێت، لەئەنجامدا نەتەوەییەکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانو شیوعییەکانی لقە کوردییەکانی سەربە حزبی شیوعی عیراق لەیەک حزبی شۆڕشگێڕیدا کۆکردەوە کە پەیوەندییەکی تایبەتیان بەحزبی شیوعیی عیراقەوە هەبێت، هەموو بۆچوونەکانی خۆی لەراپۆرتێکی تایبەتدا بەناوی «قەڵغان» کۆکردەوە، لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنە پینج قۆڵییەکەشدا بەشداریکرد لەنووسینەوەی راپۆرتێکی دیکەدا، کە هەمان ناوەڕۆکی هەبوو.

### حەیدەریو فوئاد کۆتایی گەمەکە

لەو بارودۆخەدا قورس نەبوو پەیوەندیی نێوان کوردە شیوعییەکانو مەرکەزدا بەگرژ وەسفبکرێت، لەهەمانکاتدا کوردە شیوعییەکان هێدی هێدی لەبنیاتنانی رێبازێکی ئایدۆلۆژیی نزیکدەبوونەوە کە لەگەڵ خواستی مەرکەزیی حزبدا نەدەگونجا، بەمشێوەیە رێبازێک لەهزری کوردە شیوعییەکاندا دروستبوو لەڕێبازی ئیبراهیم ئەحمەدەوە نزیکتر بوو تا رێبازەکانی حزبی شیوعی، باوەڕێک کە لەسەر بنەمای چەمکی جووتکردنی پەیوەندیی ئۆرگانیو یەکێتی ئایدۆلۆژیی نێوان پارتی دیموکراتو حزبی شیوعییدا بونیاتنرابێت، هاوشێوەی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حزبی تودەی ئێران. هۆکاری بایەخ پەیداکردنی ئەو رێبازە بۆ ئەو کەشە ئاڵۆزەی نێوان شیوعییە کوردەکانو ناوەندی بڕیاری حزبی شیوعی دەگەڕێتەوە زیاتر لەوەی ئەو باوەڕە چەسپاوو بەهێزبێت، جگەلەوەش ئەو رێبازەی کە ئیبراهیم ئەحمەدو شیوعییە کوردەکان لەسەری رێککەوتبوون، لەناوچەکەوە نزیک بوو، ئەزموونی تودەی ئێرانیش هێزیکی کاریگەریی پێبەخشی.

یەکەمین ئاماژە سەبارەت بەمەیلی شیوعییە کوردەکان کە سەربەخۆو دوور لەهێڵی توندی ناوەند بیربکەنەوە، لەدوو راپۆرتەدا دەرکەوت کە لەیەک هەفتەدا نووسران، راپۆرتی یەکەم د.کەمال فوئاد نووسی و راپۆرتی دووەمیش گوزارشتکردنی هاوبەشی پینج شیوعی بوو کە بریتیبوو لە حەیدەری، کەمال فوئادو مەجید عەبدولڕەزاقو حەمید عوسمانو لەتیف نانەوا.

### متمانەیان بەخۆیان هەبوو

خەسڵەتی سەرەکیی هەردوو راپۆرتەکە بۆ ناوەڕۆکی راپۆرتەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بۆیریی دارِشتنی تێزەکە دەگەڕێتەوە کە بەجادوو و لادانی وەسفدەکات بۆ حزبێک کە پڕوپاگەندەو بۆ بنەمای رێکخستنی ئاسنینو گوێ رایەڵی توند بکات.

ئەو شێوازەی کە قەوارە پێنج ئەندامەکە گوزارشتیان لەبیربۆچوونی خۆیان پێکرد، نیشانەیەکی روونە کە متمانەی زۆریان بەخۆیان هەیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە قەوارەکە بیروبۆچونی خۆیان لەناوەندی بڕیاری حزبی شیوعی نەشاردەوە، هەرچەندە بانگەوازی بۆ بنەمایەک دەکرد کە حزبی شیوعی بەپێچەوانەی ئایدیای شۆڕشگێڕیی دەزانی کە شایستەی چینی کرێکاران نییە. ئەو دوو راپۆرتە بانگەشەی بۆ یەکێک لەمەترسیدارترین تێز دەکرد کە بەردەوام حزبی شیوعی رەتیدەکردەوە.



عەلی ساڵح

کە ئەویش بریتیبوو لەوەی حزبی شیوعی ناوچەی کوردستان بەجێبهێڵێت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەو بیرۆکەیە چەندین ساڵ ئیبراهیم ئەحمەد بانگەشەی بۆ دەکرد، حزبی شیوعی پێیوابوو دەبێت بەتوندی رووبەڕووی ئەو پلانە ببنەوە. د. کەمال فوئاد لەڕاپۆرتەکەیدا لە»١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٧» ئاشکرایکرد کە لەسلێمانی چاویکەوتووە بە ئەندامانی پارتیو گفتوگۆیان کردوە لەسەر رێوشوێنی بەدیهێنانی «یەکگرتنی رێکخراوەیی» لەنێوان حزبی شیوعیو پارتی دیموکراتدا، هەردوولا پێیان باشبوو»بەزوترین کات» ئەو یەکگرتنە ئەنجامبدرێت، فوئاد پاساو بۆ پرۆژەکەی دەهێنێتەوەو دەڵێت: «من پێم وانییە هەڤاڵانی پارتی لەئێمە کەمتر شیوعی بن»، کەمال فوئاد بەم کارەی دەیویست شەرعییەتی ئایدۆلۆژی ببخشێتە پەیوەندیکردنی شیوعییە کوردەکان بەپارتیەوە. نەتەوەخوازەکانی پارتی لەگفتوگۆکانیاندا لەگەڵ فوئاددا توانیان ئەو بۆچونەی لەلا دروست بکەن کە «بەدیهێنانی یەکگرتنی رێکخراوەیی» لەنێوان هەردوو حزبدا، خزمەت بەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی دەکاتو بەرەو پێشەوەی دەبات. توانیان بەلێهاتوویی چوارچێوەیەکی مۆراڵی دروستبکەن، کە هەوڵی شیوعییە کوردەکان بۆ پەیوەندیکردن بەپارتییەوە هەوڵێکی جدییە لەپێناو قوڵترکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕیی لەنێو پارتێکی نەتەوایەتیدا کە پێویستی بەئەندامی شۆڕشگێڕ هەیە.

### راپۆرتی دووەمیش
### بە هەمان ئاڵۆزیی تێپەڕیی


پاساوی فەلسەفی فوئاد بۆ ئەو یەکگرتنە دەگەڕێنێتەوە بۆ چوونیەکیی هەردوو حزبەکەو پشتگیریی لەتێزەکە کردو رایگەیاند: هەڤاڵانی پارتی هەمان ئەو ئامانجانەیان هەیە کە حزبی شیوعی کاری بۆ دەکات، هەردوو راپۆرتەکەو پاشکۆکانی، زۆر بەجوانی تێڕوانینی ئەندامانی قەوارە پێنج کەسییەکەی دەردەخست، بەشێوەیەک کە یەکگرتنە پێشنیازکراوەکەی بەکۆتاییەکی لۆژیکی نیشاندەدا بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەکانیان.

فوئاد لەپاشکۆی راپۆرتەکەیدا باس لەکەموکوڕی دەکات لەناو پارتیدا، بەڵام ئەو کەموکوڕییانە جێگەی نیگەرانی نینو زۆر بەوردی ئەوکەموکوڕییانەی دەستیشانکردبوو و بەراوردی کرد لەنێوان پەیوەندیکردن بە پارتی دیموکراتو نەهێشتنی ئەو کەموکورتیانەدا. کەمال لەنووسینەکەیدا دەڵێت: «ئێمە دەتوانین ئەو کەموکورتیانە نەهێڵین کاتێک لەنێو ئەو حزبەدا بین «و هەوڵیدا ناوەند تێبگەیێنێت گەر یەکگرتنی نێوان هەردوو حزبەکە ئەنجام نەدرێت، «ئەوا زیان بەبزووتنەوەی نیشتیمانیو شیوعیش دەگات»، ئەو پێی باش بوو ئەو تێزە لەنهێنی شاراوە بەدووربێت، راپۆرتی دووەمیش بەهەمان ئاڵۆزی تێپەڕی، بەڵام پێشنیازەکانی تەواوکەری تێزەکانی راپۆرتی یەکەم بوو بەگشتی کە د.کەمال فوئاد نووسییەوە، بەوردی سیمای یەک ئامانجی بەهەردوو راپۆرتەکەوە دیاربوو.

لەوانەیە راپۆرتی دووەم راشکاوانەتر بووبێت لەراپۆرتی یەکەم ، بەڵام هەردووکیان تیۆریان کردە بنەمای پاساوو نەخستنەڕووی روونکردنەوە، بەپشت بەستن بەبۆچوونی ئەو کەسانەی کە ئیمزایان کردبوو لەسەر راپۆرتی دووەمی رۆژی «٢٢ی حوزەیران ساڵی ١٩٥٧»، سوربوون لەسەر ئەوەی یەکگرتنی رێکخستنەکان حزبی شیوعی نەک لاواز ناکات، بەڵکو بەهێزتری دەکات» سەرئەنجام بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیو شیوعییەت لەکوردستان بەهێزتر دەکات.

ئاڵۆگۆرکردنی یەکگرتنەکە بەهێز، لێرەدا گرنگی زۆر بەدەست دەهێنێت، چونکە لایەنی کرداری عەقڵیەتی قەوارە پێنج کەسییەکە دەردەخات، سەرباری ئەوەش هەوڵێکە بۆ قایلکردنی ناوەند مافی خۆیانە ریزەکانی حزبی شیوعی بەجێبهێڵنو پەیوەندیی بەپارتییەوە بکەن، ئەوەش سیفەتی شۆڕشگێڕی دڵسۆزی حزبی شیوعییان لێ زەوت ناکات، تەنانەت ئەگەر پەیوەندیشیان بەپارتیکی نەتەوەییەوە کردبێت. بەڵام ئەگەر ئەو هەموو متمانەیەیان بەڕێبازەکەیان هەبوو، چۆن دەتوانن بەو ئاسانیە کشانەوەی خۆیان لێکبدەنەوە؟ حەیدەری لەیاداشتەکانیدا هیچ روونکردنەوەیەکی لەبارەی دیاردەکەوە باس نەکردووە، توندیی ناوەند، پرنسیپێکی کار پێکراوە لەسەر ئاستێکی فراوان لەنێو حزبی شیوعیدا، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئازادیی باوەڕدا نایەتەوە، لەکاتێکدا پاساوی شەرعی بۆ ناوەندێتی بەهێز، پاراستنی هێزی یەکڕیزی ناوخۆ بێت، ئەوکات پاساوی شەرعی ئازادیی بیروباوەڕ مافی جیاوازییە، کاتێک هەوڵی پاراستنی هێزی یەکگرتوو دەبێتە خوویەکی چەسپاو، ئەو مافی جیاوازیی هاوتەریب دەبێتەوە، تەنانەت لەوانەیە ببێتە گشتی. حەیدەریو فوئاد بەمتمانەیەکی زۆرەوە بۆچوونی خۆیان ئاشکراکر، کە بەدڵنیاییەوە ئەو بۆچونانە لەگەڵ بۆچونی ناوەندا جیاوازبوون، هەرچەندە ئەو متمانە بەخۆکردنە، پێداویستییە ئایدۆلۆژییەکان پاڵپشتیان نەدەکرد، ئەو دووکەسە کە زیاتر لە١٠ساڵ لەپێناوی رێبازی شیوعیەتدا خەباتیان کرد، سروشتی دروستبوونی باوەڕو رێکخستنو سایکۆلۆژی حزبی شیوعیو ئاسۆی بەرتەسکی ئازادیی رادەربرینی نێو ئەو حزبەیان فەرامۆش نەکرد، زۆربەی جیابوونەوەکان لەریزی حزبی شیوعیدا تەنها یەک هۆکاریی سەرەکی هەبوو، ئەویش حزب نەیدەتوانی لەگەڵ بیروبۆچوونە جیاوازەکانی نێو ریزەکانیدا بژێت. ساڵی ١٩٥٧ حزبی شیوعی بەچەند ئەزموونێکی تاڵی جیابوونەوەدا تێپەری، حزبی شیوعی نەیتوانی سوود لەو جیابوونەوانە وەرگرێتو رێز لەبیروبۆچوونی یەکتر بگرن، بۆچی حەیدەریو فوئادو هاوڕێکانیان بەو راشکاوییەو سووربوون لەسەر

> «لەپێناو رزگارکردنی کوردستاندا» ناونیشانی ئەو وتارە بوو کە د.کەمال دەیویست لەڕێگەی ئەوەوە بۆچوونی کوردە شیوعییەکان نیشانبدات، کە ناکرێت رۆڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەهەند وەرنەگیرێت



# شەش دەیە خەبات

خستنەڕووی بۆچونەکانیان کە پێچەوانەی بۆچوونەکانی مەرکەزیی حزب بوو؟ راسترە بڵێین کەسیان ناپاکییان لەبەرامبەر ناوەندی حزب نەکرد، هەرچەندە دەیانزانی بۆچوونەکانیان دژ بەبۆچونەکانی ناوەندەو لەگەڵ پێکهاتەی کلاسیکیی حزبێکی شۆڕشگێڕیدا ناگونجێت، کە بەدەرکەوتنی بۆچونی جیاواز لەنێو ریزەکانیدا قەڵس دەبێت، دەتوانین راستریش بڵێین بەئاشکرا دەربرینی بۆچون بەوشێوەیە، جۆرێک لەساویلکەیی پێوە دیارەبوو، هەرچەندە زۆر ئازایانە خستیانەڕوو. راستنییە ئەگەر حەیدەریو د. کەمال توشی سەرسامی هاتبن لەهەڵچوونی ناوەندیی حزب، بۆچوونەکانیان هەرچەندە بەلێهاتوویی متمانەی زۆرو بەشێوازێک نووسرابوونەوە کە وەک لادەرو خیانەتکار دەرنەدەکەوتن، بەڵام لەکۆتاییدا پێچەوانەی رێبازی ناوەندو هێڵی سیاسیی حزب بوو کە ئامانجی ئەوەبوو حزبی شیوعی وەک تەنها حزبێکی شۆڕشگێڕی کارا دەربخات لەسەرتاسەری عیراقدا، پاساوی «بەهێزکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی‌و شیوعی» بەبۆچونی ناوەندی بڕیار پاساوێکە پێداویستیە ئایدیۆلۆژییەکان پشتگیری ناکات.



د.عەبدولڕەحمان قاسملو

## هەمیشە جوداخوازەکانی بەخیانەتکار ناودەبات

لەکەرکوک حەیدەریو فوئاد کەوتنە بەر شورایەکی زەبەلاحی تووڕەوە، بەهیچ شێوەیەک لەبەرامبەر ئەو رەفتارە تێگەیشتن نەبوو، لەبەرامبەر ئەوەدا حەیدەری پێیوابوو قورسە بتوانێت سووربێت لەسەر هەڵوێستەکەی، بەڵام هەر سووربوو لەسەر بۆچوونی خۆی، ناوەند بەهیچ شێوەیەک لەو رەفتارەیان رازی نەبوو، بەڵام نەدەگەیشتە ئاستی تاوانبارکردنیان بەخیانەتکار، ئەوەش زۆر کەم وێنەبوو چونکە حزبی شیوعی بەوە ناسراوە هەمیشە جوداخوازەکانی بەخیانەتکارو نۆکەر تاوانباردەکات، ئەگەر فوئادو حەیدەری ئەو تۆمەتیان نەخرایە پاڵ، هۆکاری بۆ پێزانینی ناوەند دەگەڕێتەوە، بەهەرحاڵ ئەوان بەلادەر تاوانبارکران، ئەو تۆمەتەش مانای وایە کە پەڵەیەک بەپاکی شۆڕشگێڕیانەوە هەیەو گومان لەدڵسۆزیی چینایەتیان دەکرێت. ناوەند بەمە کۆتای پێنەهێنا، بەڵکو حەیدەریی و فوئادیان ناچارکرد کە رەخنە لەخودی خۆیان بگرن‌و دان بەوەدا بنێن بۆچوونەکانیان هەڵەبووە، توندیی مەرکەز وایکرد شۆڕشگێڕێکی وەک حەیدەری گومان لەدروستیی رێرەوی شۆڕشگێڕیی خۆی بکات، مەرکەزی حزب



هەمزە عەبدوڵڵا

رایگەیاند ئەو رەفتارانەی کە پیادەیان کردووە، دەبێت چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو هەردووکیان لەبەر ئەوەی پابەندن بەهێڵی شۆڕشگێڕیی حزبەوە، رەخنەیەکی ئاشکراو توندو راشکاوانە لەخۆیان بگرن. لەبەرامبەر ئەوەدا ئەو پاشگەزبوونەوەیە لەهەڵوێستی خۆیان ناچارکران بەیاننامەیەکی سیاسیی رەخنە لەخۆگرتن بڵاوبکەنەوە کە لەگەڵ پێگەی کومەڵایەتییان نەدەگونجا، دەرکەوت ئەو رەخنە لەخۆگرتنە سەبارەت بەو هەڵوێستەیان، سوکایەتی پێکردنێکی بەئەنقەست بووە تا لەپێگەیان کەم بکەنەوە، نەک بەئامانجی راستکردنەوەی هەڵەکە. ناوەندی حزب لە ١٥ی تەمموزدا پەیامێکی دارشت و لە ٢٠ی ئاب بڵاویکردەوە لەشێوەی نامیلکەیەکدا بەناونیشانی «لەوەڵامی چەند چەمکێکی بۆرژوازییو نەتەوەییو پاکتاویدا» کە بەتایبەت بڵاکرابۆوە بەمەبەستی رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی حەیدەری و فوئاد، حەیدەریو فوئاد لەئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە تێنەگەیشتن کە بەو شێوە بەرفراوانە بڵاوکرایەوە. ئامانجە سیاسییەکان لەبنەمایەکی دیاریکراوەوە دەستپێدەکات، ئامانجە سیاسییەکەی وتارەکە دیاری نەبوو، گیانی دۆگمای حزبی شیوعی بەسەردا زاڵ بوو. حەیدەری لەڕەشنوسی یاداشتەکانیدا دەڵێت: «ئەو وتارە لەلایەن شەریف شێخەوە نوسرابۆوە، شێخ بەوە ناسرابوو دەیزانی چۆن هەڵە ئایدیۆلۆژیەکانی نەیارانی بقۆزێتەوەو لەپێناو شکاندنی شکۆیان بەکاری بهێنیتەوە، هەرچەندە وەڵامەکەی بەشێوەیەک دابۆوە کە شێوازی سەرپێی پێوە دیارنەبوو، ئەو ئامانجی ئەوەبووە سووکایەتییان پێبکات، بەوەش وازی نەهێنا، بەڵکو لەگەڵ ئەوانیشدا سوکایەتیی بەپارتی کردبوو، رەزامەندیی ناوەندی حزب لەسەر وەڵامەکەی شێخ، نیشانەی ئەوەبوو کە شێخ کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی حزبی شیوعی، لەوانەشە هێرشە توندەکەی بۆ سەر پارتی کە بەشێوەیەک نوسیبووی گیانی گفتوگۆی بۆ نەهیشتبۆوە، مانای ئەوەبووبێت کە ناوەندی بڕیاری حزبی شیوعی گومانی ئەوەیان کردبێت کە تێزەکانی حەیدەریو کەمال رەنگدانەوەی پیلانێک بێت کە پارتی دیموکرات دژی حزبی شیوعی داڕشتبێت.

## هەمان تێزی لینین دژ بە مەنشەفییەکان

شێخ چەندین تۆمەتی توندو بێ بنەمای دابووە پاڵ پارتی دیموکراتو بەنۆکەری داگیرکەرو کۆمپانیا نەوتییەکانو دەربەگایەتیی تۆمەتباری کردبوو و یەک دەرئەنجامی هەڵهێنجابوو ئەویش ئەوەیە جیگەی سروشتیی شیوعییەکان لەنێو حزبی شیوعیدایە نەک حزبێکی دیکە، بیانووەکانی شێخ کە بەکاری هێنابوو بەهێزنەبوون، لەناونیشانی وتارەکەوە ناچاربوو پشت بەرووداوێک ببەستێت کە مانای دیاری خۆی هەبوو لەمێژوی «پارتی کرێکارنی سۆشیالیستی - دیموکراتی روسیادا کە لینین سەرۆکایەتی دەکرد، کاتێک شیوعییە روسییەکانی سەربە مەنشەفییەکان داوای کۆتایهێنان بەخەباتی نهێنی شۆڕشگێڕانە دەکەنو حزبی کرێکاری سۆشیالیستی - دیموکراتی هەڵبووەشێننەوەو خۆیان لەگەڵ کاری سیاسی ئاشکرادا بگونجێنن. لینین بەتوندی ئیدانەی ئەو پێشنیازەی کردو ئەوکەسانەشی کە بانگەوازیان بۆ ئەو بیرۆکەیە کردبوو بەکودەتاچی وەسفکردبووکە دەیانویست حزب لەناوبەرن بۆ خزمەتکردنی دوژمنانی چینی کریکار«برۆلیتاریا».

لەو کۆنفرانسەشدا کە لەساڵی ١٩١٢ لەبراگ بەسترا، لینین بڕیاریدا ئەو کەسانە دەربکات. وتارەکەی شێخ بەوردی رەنگدانەوەی بیرۆکەکەی لینینی پێوە دیاربوو، وتارەکەی بەچەندین نموونەی دوورو درێژ لەسەر مارکس‌و ئەنگلزو لینین‌و تەنانەت ستالینیش پڕکردبوو کە نیوەی نامیلکەکەی پێ پرکردبۆوە، شێخ نووسیبوی: «ئامانج لەنووسینەوەی ئەم وتارە کە بایەخێکی زۆری پێبدرێت لەلایەن سەرجەم تێکۆشەرانی حزبەوە بەتایبەت لەکوردستان‌و سەرجەم نیشتمانپەروەرو نەتەوەخوازانی دژ بەداگیرکەرو دواکەوتن»، سەرکردایەتی حزبی شیوعی بەروودانی ئەو لادانە بەتوندیی ئاگاداربووە لەسەر پێویستیی بەرزرکردنەوەی خەباتی هزری حزب لەدژی هزری خۆرئاوا بەتایبەت دزەکردنی ئەو هزرانەش بۆ هزری باشترین هاوڕێکانی حزب، واتە مەترسییەک هەیەو پێویستە لێی بەئاگابین، بڵاوکردنەوەی ئەو نامیلکەیەش بەشێکە لەخەباتی فیکریی‌و سیاسیی حزب دژبە بەکرێگیراوانی داگیرکەرو دواکەوتن، لەپێناو بەئاگاهێنانەوەی هاوڕێیان لەبەرامبەر ئەو مەترسیە. سەبارەت بەبابەتەکەش شێخ رایگەیاندبوو»دوو هاوڕێی حزب لەبری ئەوەی چالاکبن بۆ حزبو هەوڵی یەکگرتنی هێزە نیشتیمانییەکان بدەن لەکوردستان، لەگەڵ نۆێنەرانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان کەوتبوونە دانوستان لەپێناو یەکگرتنێکدا کە هیچ بنەمایەکی ئایدۆلۆژیو سیاسیو کۆمەڵایەتی نەبووە، واتە لەپێناو یەکێتییەکی هەلپەرستانەدا بووە»، پارتی دیموکرات رێکخراوێکی مارکسی لینینی نییە، بەڵکو حزبێکی نەتەوەیی بورژوازییە، کە رەفتارێکی نادروستو دژ بەحزبمانو ئایدیا مارکسیو لینینیەکان پەیڕەو دەکاتو سیاسەتێکی هەلپەرستانەش لەنێو ریزەکانی ئەندامانی حزبدا دەچێنێت بەمەبەستی دروستکردنی ئاژاوەو پشێویی، بزووتنەوەی گەلی کوردیش بەرەو لادانو گۆشەگیرییو جیابوونەوە دەبات.

پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی گەمارۆداوە لەڕووی ئایدۆلۆژیو سیاسیو رێکخراوەییدا لەچوارچێوەی نەتەوەیی بەرتەسکدا، هەوڵی شاردنەوەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریاو جوتیاران دەدات لەژێر چەمکی نەتەوایەتیدا دەیانخنکێنێت، تەنها نەیارانی سەرەکیی بزووتنەوە نەتەوەییو نیشتیمانییەکان سودی لێدەبینن، ئەویش لەڕێگەی دژایەتیکردنی چالاکییەکانی حزبی شیوعی لەکوردستان، دژایەتیی هۆشیاریی سۆشیالیستی دەکەن، دژایەتیی مارکسیزمو لینیزم دەکات، هاوشانی بۆرژوازو دەربەگەکان دەوەستن دژ بەکرێکارانو جوتیاران». حەیدەریو کەمال فوئاد تووشی شۆک هاتن کاتێک زانیان کە وتارەکە لەنامیلکەیەکی سەربەخۆدا بڵاوکراوەتەوە، کەمال فوئاد بەپێچەوانەی حەیدەرییەوە هەڵوێستی توندی نیشاندا لەبەرانبەر ئەو نامیلکەیەداو پێیوابوو هەڵوێستەکەی ئەو پاک بووەو نەیویستووە ناپاکی لەبەرامبەر حزبی شیوعی بکات، بەڵام هەڵکشانی گومانەکانی ناوەند لەبەرامبەر نیازەکانی د. کەمال فوئاد، بوونە کۆسپ لەبەردەم گەیشتن بەرێککەوتن لەسەر چەند خاڵێکی هاوبەش، حەیدەری راسپێردرا گفتوگۆ لەگەڵ فوئاددا بکاتو رازیی بکات لەهەڵوێستەکەی پاشگەزببێتەوە.

حەیدەری بەرەو سلێمانی بەڕێککەوت بۆ دیداری کەمال فوئاد، بەڵام هیچ پێشنیازو بەڵێنێکی پێنەدرابوو، تەنها دەسەڵات کە پێی درابوو ئەوەبوو بەناوی ناوەندیی حزبەوە قسەبکات، بەڵام بێئەوەی هیچ بەڵێنێک بدات، بێبەشکردنی حەیدەری لەدەسەڵاتو بەڵێندان وایکرد کە گفتوگۆکەی هەر لەسەرەتاوە قورس بێتو



گەلاوێژ
گۆڤارێکی ئەدەبی و ثەقافی مانگی کوردی یە
ژمارە ١و٢
سال ٢
کانونی ٢ وشبات ـ ١٩٤١
لەم ژمارەیە دا:
127

شکستخواردوو بێت، گێلیی ناوەند تەنها لەهەڵبژاردنی حەیدەریدا نەبوو کە خۆی هاوسۆزی د. کەمال فوئاد بوو، بەڵکوو لەپێنەدانی دەسەڵاتیشدابوو، چونکە هەموو دانوستانکارێک پێویستی بەدەسەڵاتو پێدانی بەڵێن‌و گفت هەیە. ناوەند ئەرکە دانوستانکارییەکەی حەیدەریی لەدوو خاڵدا کورتکردبۆوە: یەکەم هەوڵی خۆی بداتو لەوانەیشە دواین هەوڵ بێت تا فوئاد قایل بکەن لەتێزەکەی پاشگەزببێتەوە، دووەمیش ئەگەر هەستی کرد سەرکەوتوو نەبووە لەکارەکەیدا، باشتروایە رێکخستنەکانی حزب لەسلێمانی لەد. کەمال فوئاد وەربگرێتەوە بەهەر نرخێک بێت. پاشان حەیدەری بۆی دەرکەوت ناوەند زۆر بەلایەوە مەبەست بوو دەسەڵاتەکان لەکەمال فوئاد وەربگرێتەوە، واتە کۆنترۆڵکردنی شانەکانی حزبی شیوعی لەسلێمانی لێوەربگرێتەوە، بەنیازبوون کاری رێکخراوەیی فوئاد لەسلێمانییەوە بگوێزنەوە بۆ بەسرەی ئەوپەری باشووری عیراق. بەپێی یاداشتەکانی حەیدەری بەهیچ جۆرێک دڵخۆش نەبوە بەئەرکەکانیو لەیاداشتەکەیدا نووسیویەتی»من خودی خۆم تووشی دڵەڕاوکێی فیکریی هاتبووم، چونکە بەهێڵی حزب قایل نەبومو هەوڵیشم دەدا چاو بەو بیرۆکانەدا بخشێنمەوە کە پێشتر پێشکەشم کردبوو و دەستبەرداریشی بم، نەمتوانی خۆم قایل بکەم بەهێڵی حزب، بەو هۆیەوە کەوتمە قەیرانێکی فیکرییەوە، پێموابوو هزرم بەتاڵ نییە لەئەنجامی راست کە سەرکردایەتی تێی ناگات، لەو بارودۆخە فیکرییەدا نەمتوانی درێژە بەکاری حزبی بدەم لەنێو حزبی شیوعیدا.

## لەگەڵ حەیدەری رێککەوتن

ئەگەر حەیدەری هەموو توانایەکی دیپلۆماتی خۆی نەخستبێتەگەڕ لەدانوستانەکەیدا لەگەڵ کەمال فوئاد، لەبەرئەوەبووە چونکە ئەو لەبنەڕەتدا باوەڕی بەو ئەرکەی خۆی نەبووە، پاشان حەیدەریو کەمال فوئاد رێکدەکەون هەردووکیان ریزەکانی حزبی شیوعی بەجێبهێڵن، ئێستا لەدەستنیشانکردنی ئامانجەکەدا زۆر روونتربوون، حەیدەری و فوئاد بەو توندییە بڕیاری بەجێهێشتنی حزبی شیوعییان نەدەدا ئەگەر هەستیان بەوە نەکردایە کە بەئەنقەستو بەئاشکرا سووکایەتیان پێکراوە. تائێستا هۆکاری ئەوە نەزانراوە کە داخۆ ئەو فاکتەرانە چی بوون کە وایکرد حزبی شیوعی رێوشوێنێکی توندی لەو شێوەیە بگرێتە بەر دژ بەفراکسیۆنی کوردیی حزبی شیوعیو پەیوەندیەکانیشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا تێکبدات؟ هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکیان لەبەردەستدا نەبوو کە ئەوە بسەلمێنێت کە پارتی لەگەڵ پیلانەکەی فوئادو حەیدەریدا تێوەگلابێت لەپێناو لاوازکردنی نفوزی حزبی شیوعی لەکوردستاندا. حەیدەریو د. کەمالو پاشانیش لەتیف نانەوا رێککەوتن دانوستان لەگەڵ پارتیدا بکەن، حەیدەریو کەمال فوئاد هیچ کۆسپێکیان لەبەردمدا نەما تا پەیوەندیی بەپارتیەوە بکەن، یەکەمین دیدار لەنێوان حەیدەریو د. کەمال فوئاددا لەگەڵ نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی سازکرا، نوری ئەحمەدی تەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی سەرۆکایەتی وەفدەکەی پارتی کرد، لەگەڵ دوو ئەندامی دیکەی پارتیدا، پاشان دیدارێکیان لەگەڵ حەمزە عەبدوڵڵا سازکرد. حەیدەری بیری لەوە دەکردەوە کە پارتی دان بەگرنگیی ئەودا بنێتو زۆر بەوە دڵتەنگبوو وەک سەرکردەیەکی قێزەون دەرکەوێت لەلایەن حزبی شیوعییەوە، بیرۆکەی پێکهێنانی حزبێکی نوێی پێشکەش بەپارتی کرد، کە خۆیو هاوڕێکانی ببنە دەستەی دامەزرێنەری ئەو حزبە، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتی پارتی رازی بوون بەوەرگرتنی





برایم ئەحمەد

حەیدەری لەڕیزەکانی پارتیدا، بەڵام ئامادەنەبون هەلی بەدیهێنانی سەروەرییەکی گەورەی پێببەخشن بەهەڵوشاندنەوەی حزبەکەیانو دامەزراندنی حزبێکی نوێ، پڕۆژەکەی ئەویان ڕەتکردەوە بەبیانوی ئەوەی سیاسەتی کورد پارتی دیموکراتی کوردستانی بەسە. حەمزە پەرۆشترین کەس بوو بۆ وەرگرتنی حەیدەریو کەمال فوئاد لەڕیزەکانی پارتیدا، کاریگەریی حەمزە زۆر روونبوو لەهاندانیان بۆ پەیوەندیکردن بەپارتییەوە، حەیدەری لەیاداشتەکانیدا دەڵێت: «حەمزە داوای لێکردین پەیوەندیی بەپارتیەوە بکەین، لەنێو ئەو حزبەدا کاربکەین تا بیکەینە پارتێکی شۆڕشگێڕ. ئەو سیجالە بەپەیوەندیکردنی حەیدەریو کەمال فوئاد بەڕیزەکانی پارتییەوە کۆتایی پێهات، پاشان پارتی بەیاننامەیەکی هێمنی بڵاوکردەوەو رایگەیاند چەند ئەندامێکی دیاری حزبی شیوعی بەئارەزوی خۆیان بڕیاریاندا ریزەکانی ئەو حزبە بەجێبهێڵنو پەیوەندییان کرد بەڕیزەکانی پارتی دیموکراتەوە».

حەیدەری پیاوێکی وردبین بووە لەتێبینیەکانیدا، پێیوابووە هەموو پارتی خۆشحاڵ نەبوون بەوەرگرتنیان لەڕیزەکانی پارتیدا، لەیاداشتەکەیدا دەڵێت: «عومەر دەبابە کە یەکێک بوو لەسەرکردەکانی پارتی، ئاگاداری کردۆتەوە نەوەک بەیاننامەی پەیوەندیکردنیان بەپارتیەوە بکەوێتە دەست پۆلیسی نهێنییەوە، حەیدەری پێی وابووە دەبابە لەوە ترساوە نەوەک پۆلیسی نهێنی چیرۆکی پەیوەندیکردنی ئەوان بەپارتییەوە وەک پڕوپاگەندە لەدژی ئەو بەکاربهێنرێت، بەگشتی لایەنگرانی پارتی، لەدەوڵەمەندو خاوەن زەویوزارو ئایین پەروەرەکانو نەتەوەپەروەرە توندڕەوەکان خۆشحاڵنەبوون بەپیوەندیکردنی شیوعییەکان بەڕیزەکانی پارتییەوە. ئەو کەسانە ئارەزوویان دەکرد پارتی وەک کۆمەڵەیەکی نهێنی، نەتەوەیی کاربکات بەبێ تاقیکردنەوەی ئەزموونی قورسی شۆڕشگێڕییو دوور لەو سیاسەتانەی کە پارتی لەهێڵی نێونەتەوەیی نزیکدەکاتەوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەش وەرگرتنی قەوارە شیوعییەکە لەنێو ریزەکانی پارتیدا بەوپەری نهێنی، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەکردە سەر ئاستی جەماوەریی. لەڕووی سایکۆلۆژییەوە پەیوەندیکردنی ئەو شیوعیانە بەڕیزەکانی پارتییەوە ئەنجامێکی گەورەی لێکەوتەوە، حزبی شیوعیی زۆرتوڕەکردو بۆی دەرکەوت کە شەڕێکی سیاسی گەورەی لەگەڵ پارتیدا دۆڕاندووە، کە هەمیشە ئەوان لەبایەخی پارتییان کەمدەکردەوەو سووکایەتیان بەتواناکانی ئەو حزبە دەکرد، بەهەرحاڵ ئەو حزبەی کە بەسوک تەماشاکراوە، یەکەمین سەرکەوتنی سیاسی بەدەستهێنا، لەبەرامبەر گەورەترین حزبی سیاسیی عیراقدا. سەلام عادل نامەیەک دەنێرێت بۆ حەیدەریو داوای لێدەکات بەخۆیدا بچێتەوە، نامەکەی لەڕێگەی ئەحمەد مەحمود حەلاقەوە ڕەوانە دەکات، عادل لەنامەکەیدا هەوڵدەدات حەیدەری ئارام بکاتەوە، بەڵام بەتوندیی ڕەخنەی لێدەگرێت کە حزبی شیوعی بەجێهێشتووەو ستایشی رابردووی حەیدەری دەکاتو داوای لێدەکات لەکەرکوک چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ڕێکبخات، بەڵام حەیدەری بەتوندی وەڵامی دەداتەوەو ئەو دیدارە ڕەتدەکاتەوە. حەیدەری ماوەیەکی زۆر لەنێو ریزەکانی پارتیدا کاردەکات بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارێتییەکی هەبێت، پاش دەستگیرکردنی حەسەن مستەفای بەرپرسی شانە نهێنیەکانی پارتی لەهەولێر، حەیدەری جێگەکەی ئەو دەگرێتەوەو بەجۆشو خرۆشێکی زۆرەوە کارەکانی ڕادەپەڕێنێتو هەوڵێکی زۆر دەدات پارتی بکاتە حزبێکی شۆڕشگێڕی ئەکتیڤو ئەزموونەکانی پێشووی بەشێوەیەکی میکانیکی دەگوێزێتەوە بۆ پارتی دیموکرات، ئەزموونەکانی پێشوی



عومەر دەبابە

لەئیدارەدانی شانە نهێنیەکاندا لەنێو ریزی حزبی شیوعیدا، یارمەتیدەرێکی باشی دەبێت لەئەرکە نوێیەکەیدا. لەسەر دەستی ئەو هەرەمی ڕێکخستنەکانی پارتی لەهەولێر بوو بەنموونەیەکی کتومت لەهەرەمی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی، بەڵام بەئاسانی نەیدەتوانی بیروباوەڕی شیوعییانەی خۆی لەنێو ئەندامانی پارتیدا بڵاوبکاتەوە. پەیوەندیکردنی حەیدەری بەپارتییەوە بەسەرەتای کۆتایی ژیانی سیاسی ئەو دەژمێردرێت، سەرکەوتنی ئەو لەوەی توانی سەرکەوتنێکی سیاسیی بۆ پارتی تۆماربکات بەسەر حزبی شیوعیدا، هیچ سەروەرییەکی بۆ کەسایەتی خۆی پێنەبەخشی، بێ بەختی ئەویش ئەو سەرکەوتنە زۆر لاوازبوو لەبەرامبەر شکستهێنانی لەدامەزراندنی حزبێکی شۆڕشگێڕی نوێ بەپێی مەرجەکانی ئەو. ساڵەکانی پاش ئەوە حەیدەری بەپشتیوانی حەمزە عەبدوڵڵا هەوڵی پەراوێزخستنی قەوارەکەی ئیبراهیم ئەحمەد - جەلال تاڵەبانی دەدات کە دەیەوێت پارتی بکاتە ڕێکخراوێکی شیوعی لەناوەڕۆکداو نەتەوەیی لەڕووکەشدا، بەڵام هاتنەوەی مەلا مستەفا لەسۆڤێتەوە هیچ بوارێکی بۆ ناهێڵێتەوە بۆ سەرخستنی پلانەکەی.

# چەند وشەیەک کە پێویستە بوترێت



سەلاح رەشید

سەرەتایی ١٩٧٦ بوو، کە بەندە لەشاری بەرلینی خۆرئاوا د.کەمال فوئادم لەنزیکەوە ناسی، ئەویش تازە خۆیو ماڵو منداڵی لەبەرلینی خۆرهەڵاتەوە هاتبوونە ئەوێ.

لەو کاتانەدا تازە یەکێتیی نیشتمانیی دروستببوو، سەرەتای دەستپێکردنی چالاکیی سیاسییو حزبی یەکێتی بوو لەئەوروپا، بەوهۆیەوە لەوکاتەوە ناسینو پەیوەندییو دۆستایەتیم لەگەڵ کاک کەمال بەخەستی بووە، بەهۆی ئەوەی هەردووکیشمان لەبەرلین دەژیاین، پەیوەندیەکانمان قاڵبێکی تایبەتی وەرگرتبوو.

کاک کەمال فوئاد، چەند وەک سیاسییەک ناسراوە، ئەوەندە زیاتر وەک رۆشنبیرێکو زمانزانێک ناسراوترە، زوربەی هەرە زۆری نووسینە کەمەکانی دەربارەی زمانو ئەدەبو مێژووی کورد بووە، هەتا ئەوانە کە بەزمانی ئەڵمانیش نووسیونی.

سەرەتای حەفتاکان، کاتێک لەئەڵمانیاوە گەڕایەوە کوردستان، لەجیاتی ئەوەی پۆستێکی حزبی وەربگرێت، بوو بەمامۆستاو سەرۆکی بەشی کوردی کە هەر خۆیشی دروستیکرد لەزانکۆ سلێمانی. پێگەیاندنی لاوی کوردو خۆشەویستیی بۆ زمانو ئەدەبی پێ گرنگتربوو لەپۆستی حزبی یان پۆستێکی دیاری ناو حکومەت.

دەرفەتم هەبووە کەچاوێکم بەکتێبخانەکەی ماڵی کاک کەمال بکەوێت لەبەرلین، کێتێبخانەیەکی گەورەی هەمەڕەنگو هەمەجۆرە، کەم کەس هەیە ئەوەندە بەسەلیقەوە کێتێبخانەکەی وا رێکخستبێت. ئەوەی کاک کەمال هەیەتی، تەنها کتێبخانە نییە، بەڵکو گەنجینەیەکە لەبەڵگەنامەی مێژوویی کە لەنووسراوی دانسقەو نامەی شەخسیی زۆر کۆنو کاسێتی دەنگیی زۆر تایبەتو فلیمی دیکۆمێنتاری، کە هەموو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد دەگێڕێتەوە بێ رتوشو لەدەستی یەکەمەوە.

کاک کەمال نەک تەنها کتێبخانەکەی گەنجینەیەکی گەورەیە، خۆشی وەک رۆژمێرێکو فەرهەنگێکی کوردیو عیراقیو جیهانی وایە، کەم رووداوی گرنگ هەبووە کە مێژووەکەی بەوردەکارییەوە نەزانێتو بەتامو چێژێکی تایبەتەوە باسی رووداوەکە نەکات.

یەکێک لەسیما بەرزەکانی کاک کەمال بریتیبوو لەوەی کە راوبۆچوونو هەڵوێستی خۆی لەهەمووکاتو شوێنێکدا بەروونو ئاشکراو بێ پەردە دەربڕیووە، قسە بەناوبانگەکەی کە ناسیاوێکی پارچەیەکی تری کوردستان لێی دەپرسێتو دەڵێت کاک کەمال لای ئێوە بەکێ دەڵێن قورمساغ؟ ئەویش راستەخۆو بێ پەردە دەڵێت بەیەکێکی وەکو تۆ!! ئەم قسەیەی دەتوانرێت بۆ وەک پێوەرێک بۆ سەرجەم هەڵوێستەکانی دابنرێت.

هاوڕێ سیاسیو حبزبییەکانی شاهیدی ئەوەن کە کاک کەمال هەمیشە راو بۆچوونی تایبەتی خۆی لەدانیشتنە سیاسییەکان بەگشتیو کۆبوونەوە حزبییەکاندا بەتایبەتی راکشاوانە دەربڕیوەو زۆر گوێی نەداوەتە راو بۆچوونی زۆرینە یان لێپرسراوی یەکەم.

یەکێک لەسیما تایبەتەکانی کاک کەمال، رێکخستنی کەلوپەلو سەرمێزەکەیو رێکخستنی ناو ماڵو شوێنی دانیشتنی بووە. یەکسەر هەستی دەکرد ئەگەر قەڵەمێکت لەجێگای قەڵەمێکی تر دابنایە، یاخود وەرەقەکانیت کەمێک خوار بکردایەوە.

لەیادم ناچێ کە تازە یەکترمان ناسیبوو، رۆژێک نامەیەکم بە پۆستدا بۆ نارد، دوای چەند رۆژێک یەکتریمان بینیو سەیرم کرد زەرفێکی نامە ناردنو قەڵەمو راستەیەکی هێناوەو نیشانیدام کە نامە چۆن بەپۆستدا دەنێرێت! نیشانیدام کە ناونیشانی خۆتو ئەوەی بۆی دەنێریت لەکوێ دەنووسرێتو پوولەکەشی لەکوێدا پێوە دەنرێت !. لەو رۆژەوە فێربووم کە نامەکانم بەرێکوپێکی بنێرمو تائێستاش ئەگەر نامە بنێرم، راستەو قەڵەمەکەی کاک کەمال فوئادم بیردەکەوێتەوە!

ئەگەر مێژووی لێپرسراوێتی کاک کەمال بەراورد بکەین لەگەڵ زوربەی هەرە زۆری لێپرسراوان لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، تائەمڕۆ، رەنگە کاک کەمال لەسەرەوەی لیستەکە بێت کەدەسەڵاتی حزبایەتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکار نەهێنابێت.

کاک کەمال وەک شارەزاو مامۆستایەکی بواری زمانو ئەدەبو مێژووی کورد، لەکاری سیاسیو حزبایەتیدا بەهەمان شێوە لێوەشاوە بووە، راستگۆ بووەو راو بۆچوونی خۆی وتووەو دووربووە لەتەکەتولی حزبیی تەسک، هەربۆیە ئەوانەی تەکەتولیان دەکرد، ناوی نابون (ئەحباب چاوەشلی) کە دەڵێن بەتورکی بەو دیدارە ئەو ناوەی لێ دەنێن.

لەبواری رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتیو فەلسەفیدا کاک کەمال ئەندامی سەرکردایەتیی تەکەتولەکەی مامۆستا بەشیر موشیر بووە، هەر لەبەر ئەوە باشترین پەیوەندیی رۆحی هەبوو لەگەڵ بەشیرستەکانی هەموو کیشوەرەکانو هەموو حزبەکان، بەبێ گوێدانە ئینتمای سیاسیو حزبیو فیکریو ئایدۆلۆجیو هەندێکجار نەتەوەییش.. بۆ دڵنیابون لەسەر مەسەلەی مەشروعییەتی بەشیریزم، هەموو سنوورەکانی دەپچراندو بەبێ سڵەمینەوە بەرگریی لەبەشیریستەکان دەکرد، ئەگەر لەوڵاتی چینیش بوونایە!

> ئەگەر مێژووی لێپرسراوێتی کاک کەمال بەراورد بکەین لەگەڵ زوربەی لێپرسراواندا رەنگە لەسەرەوەی لیستی ناوی ئەوانەدا بێت کەدەسەڵاتی حزبایەتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکار نەهێناوە



لەراستەوە: د.جەمال فوئاد، عەبدولرەزاق فەیلی، د. ئیحسان فوئاد، سەلاح رەشید، فائیح عەبدوللا، د. کەمال فوئاد



# عادل موراد: د. کەمال خۆڕاگرەو ئارامگرو بیرمەندە



عادل موراد ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.کو سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی لەبارەی ناسین و یەکەم دیدارو خەسڵەتە تایبەتەکانی تێکۆشەری دێرین د.کەمال فوئادەوە رایدەگەیەنێت کە لەسەرەتای ناسینی ئەو کەسایەتییەوە تائێستا وای ناسیووە کە کەسایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمیی خۆش مەحشەرو قسە نەستەق و هەست ناسک و هاکات توندبووە لەبەرامبەر ناحەقی و خیانەتی نیشتمانیی و نەتەوەیی و کەسێکی نەزیەو رەوشت بەرزو بێ دەعیەو فیزبووە. لەوبارەیەوە لەدیدارێکی تایبەتدا بۆ ئەم پاشکۆ تایبەتە گەڕایەوە بۆ سەرەتاکانی ناسین و بینین و کارکردنیان پێکەوەو پەیوەندییە هاورێیەتییەکەیان کە تائێستاش بەردەوامە.

**ئامادەکردنی: جەمال ئاریز**

## رۆڵی د.کەمال لە KCC

عادل موراد وتی: کاتێک خوێندکار بووم لە زانکۆی بەغدا بەو پێیەی لەڕیزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا بەرپرسیارێتیم هەبوو هەواڵی ئەوەم دەزانی کە کۆمەڵێک خوێندکاری کورد لەساڵی ١٩٥٦-ەوە لەئەوروپا رێکخراوێکیان دروستکردووە بۆ بەرگریی لەمافی خوێندکارانی کوردی هەر چوار پارچەکەو لەنێو ئەو کەسانەشدا کە ئەوکاتە ناویمان بەرگوێ دەکەوت د. کەمال فوئاد رۆڵی سەرەکیی هەبووە لەدامەزراندنی ئەو رێکخراوە، کە لەشاری-ڤیس بادن- لەئەڵمانیا کاریان دەکرد، هەروەها سەعدی دزەیی و د. وریا رواندزیی و ئەسعەد خەیلانی و چەند برادەرێکی دیکە بوون کە نزیکەی ١٥-١٦ کەس دەبوون و د. کەمال لەناویاندا ناوێکی دیاربوو کە ئەوکات بەهۆی ئەوەی تەنیا ئەو رێکخراوە هەبوو لەئەوروپادا، چالاکیی و هەڵسوڕانی زۆریان هەبوو کە بەرگرییەکی زۆریان لە کوردانی عیراق و ئێران و سوریاو تورکیا دەکرد لەدەرەوە.

## زانکۆی سلێمانی و یەکەم دیدار

هەڤاڵ موردا هەروەها دەگێڕێتەوە کە ئەو ناسینە تەنیا وەکو ناو بوو، بەڵام سەرەتای یەکتربینینیانی گەڕاندەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ کە ئەوکات د. کەمال فوئاد سەرۆکی بەشی کوردی بووە لەزانکۆی سلێمانی و خۆی سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووەو دەڵێت: «یەکەمجار د. کەمال فوئادم لەزانکۆی سلێمانی بینی کە ئەوکاتە سەرۆکی بەشی کوردیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانی بوو، منیش سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم، بەحوکمی کارەکەم پەیوەندییم پێوەکرد، بینیم پیاوێکی زۆر خۆش مەحشەر، قسەخۆش و رایگەیاند کە بۆیەکەمجاریش قسە خۆشەکانی بەشیر موشیرم لەدەمی د. کەمالەوە بیست، تەنانەت کە هەندێک قسەمان دەکرد یەکسەر پێی دەوتین ئەمە بەشیریاتە، یان ئەوەیان بەشیریات نییە».

راوبۆچوونەکانی حسابی بۆ دەکرا

هەروەها دەگێڕێتەوە کە ئەوکاتە بەپێی کارەکەی ئۆفیسی لەبەغدا بووەو تەنیا زانکۆی سلێمانی هەبووە کە مانگی جارێک یان دوومانگ جارێک دەبوو بێت سەردانی بکات، بەڵام دەڵێت: «لەهەموو ئەو سەردانانەم بۆ سلێمانی سەردانی د. کەمال فوئادم دەکردو پێکەوە دادەنیشتین، یان بەشەو دادەنیشتین، وتیشی: لەبەرئەوەی ئەو بەتەنها دکتۆر نەبوو، بەڵکو توێژەریش بوو، چ خوێندکارەکان و چ مامۆستایانی زانکۆش حیسابیان بۆ راوبۆچوونەکانی دەکردو کەسێکی گوێلێگیراوبوو چ لەڕووی سیاسیی و چ لەڕووی زانستیشەوە، ئەوەی منیش لەنزیکەوە هەستم پێدەکرد کەسێکی خۆشەویست بوو لەلایەن خوێندکارەکانەوە، چونکە هاتوچۆی بەشی ناوخۆیی خوێندکارانی دەکرد، ئەگەرچی ئەرکی ئەویش نەبوو، بەڵام ئەوە ئاماژەبوو بۆ خاکێتیی و بێ دەعیەیی ئەو» بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو سەربارى ئەو خۆشەویستییەی لای خوێندکاران، هەندێکیان دەیانوت: زۆر توندە بەتایبەتی لە مەوعیدو موحازەرەو ئاستی زانستیی و وانەوتنەوەدا زۆر توندو جدی بوو و هیچ سازشێکی لەسەر نەدەکرد.

برۆام پێی نەبوو،

## بەڵام پارەم بۆ هێنان

عادل موراد هاتە سەرباسی قۆناغی دوای هەڵوەشاندنەوەی گفتوگۆی ١٩٧٠-١٩٧٤ی شۆڕش و حکومەتی ئەوکاتەی عیراق و چۆڵکردنی شارەکان بەهەموو دەزگاو دامەزراوەکانەوە بەزانکۆی سلێمانیشەوە، کە ئەو بۆچوونی تایبەتیی خۆی هەیە سەبارەت بەو چۆڵکردنەی شارەکان و دامودەزگاکان و بەهەڵەیەکی مێژوویی لەقەڵەم داو وتی: وردەکاریی ئەو هەڵەیە هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکی تر. بەڵام تەنیا جارێ قسە لەسەر هاتنی مامۆستایان و ئیدارەو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەکەم کە نزیکەی ٨٠٪یان هاتبوونە دەرەوە تەنها خوێندکارە عەرەبەکان نەهاتبوون، هەروەک هەموو مامۆستاکان جگە لە د. حیکمەت تۆفیق فیکرەت کە سەرۆکی زانکۆ بوو لەبەرئەوەی نەخۆش دڵی هەبوو نەهات، ئەگەرنا ئەوانی دیکە هەموویان هاتنە دەرەوەو بێ شوێن و رێگا هەموویان بەخوێندکارو مامۆستاو ئیداریی و کارگوزارەوە لەشاری قەڵادزێ کۆبوونەوەو منیش کە هەواڵم بیست ئامادەیی کوڕان و کچانی قەڵادزەو خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندییەکانیان و ماڵانیان کردۆتە شوێنی حەوانەوەو وەزعیان زۆر خراپە لەمەکتەبی سیاسییەوە لە گەڵاڵە پارەیەکی زۆرم بۆ هێنان و لەوێوە لەگەڵ کاک سالار عەزیزو شەهید جەبار حاجی رەشید کەوتینەڕێ بەرەو قەڵادزێ، ئیتر من بەپارەکەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە کۆبوونەوەیەکم کرد کە زانکۆکەیان لەوێ پێکهێنابۆوە، بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم هیچ کام لەمامۆستاکان ئەگەرچی مووچەشیان وەرنەگرتبوو ئامادەنەبوون پارەکە وەربگرن و وتیان ئەو پارەیە بۆ خوێندکاران هاتووە، جا ئەو هەیئەتە بریتی بوون لە: د. کەمال فوئاد، د. جەلال شەفیق، د. کەمال خۆشناو، د. دارا رەشید جەودەت، د. عەلی عەسکەری، د. عەلی تۆفیق، د. ئەڵڵا وێردی، د. حەمە عەلی، د. کەمال سەعید خەیات، مامۆستا خالید خاڵ، د. کەمال مەزهەرو د. حەسەن فوئادو چەند دکتۆرو مامۆستایەکی تر.

د. کەمالیش لەگەڵ

## بۆچوونەکەی ئێمە بوو

بەڵام هەر ئەوسا منو چەند هەڤاڵێک سەیرمان لەوە دەهات کە زانکۆیەک بەبێ هیچ پێداویستییەکی زانستی و تەکنیکی و لەڕووی شوێنی جوگرافیشەوە لەشوێنێکی تەختی وەک قەڵادزێ بەبێ هیچ بەرگرییەکی ئاسمانی چۆن بەڕێوەدەچێت؟ ئەوەبوو پاش چەند رۆژێک لەگەڕانەوەی ئێمە بۆ گەڵاڵە فڕۆکەکانی رژێم هێرشیان کردەبووە سەر قەڵادزێ و زانکۆکەیان بۆردومان کردبوو ئەو کارەساتەیان خوڵقاندبوو کە چەندین خوێندکاری تێدا شەهیدو بریندارببوو. رۆژبەڕۆژیش ئەو خەڵکانەی بۆچوونیان لەگەڵ بۆچوونەکەی مندا دەهاتەوە، زۆردەبوون وەک شەهید ئارام، کاک دارۆ، کاک سالار، سەربەست بامەڕنی و دەرکەوت د.کەمال فوئاد-یش هەمان بۆچوونی هەبوو کە پێمانوابوو خوێندکاران بگەڕێنەوەو خوێندنەکەیان تەواوبکەن، بەڵام بەداخەوە ئەوکات لەلایەن هەندێک کەس و لایەنەوە ئەم بۆچوونە بەهەڵە تەفسیر دەکرا.

لەئەوروپاوە پشتگیرینامەی بۆ ناردین

هەر پەیوەست بە د. کەمال، عادل موراد باسی لەوەکرد کە لەدەوروبەری مانگی ئەیلولی ١٩٧٤ د. کەمال نەخۆش کەوت، بۆیە سەرکردایەتی ئەوکات رەوانەی ئەوروپای کردەوە، بۆیە دەڵێت: دوای ئەوەی شۆڕشی کورد رووبەڕووی ئاستەنگ بۆوەو شەڕەکە پەرەی سەند بۆ شەڕی ئێران- عیراق، ئیتر ئەوە شکستی بەعیراق هێناو بۆ راستکردنەوەی باری خۆی ناچاربوو رێککەوتننامەی ئادار لەجەزائیر لەگەڵ شای ئێران ئیمزابکات و بەوەش شۆڕشی کورد رووبەڕووی هەرەس و تێکشکان بکاتەوە.



مام جەلال و هێرۆخان

ئەوکاتە بەشێک لەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵە زوو زوو سەردانی ئێمەیان دەکرد لەسکرتاریەتی قوتابیان، ئەوەبوو کە بڕیاری کۆتاییهێنان بەشۆڕش و مقاوەمەت دراو پێمان راگەیەندرا شۆڕش تەواو کە هەرکەسەو بچێتەوە ماڵی خۆی یان بچێتە دیوی ئێران چونکە حکومەتی محەمەد رەزا شا لە ١٩٧٥/٤/١ سنوور دادەخات، ئێمە بڕیاری مقاوەمەکردنمان داو لەوکاتە نامەیەکی د. کەمال فوئادمان لەئەوروپاوە پێگەیشت کە پشتگیرییکردن بوو لەو هەڵوێستەی ئێمەو پشتیوانی لەو تێڕوانینە دەکرد.

## تەنیا منو عەبدولڕەزاق ماینەوە

نامەیەکمان لەمام جەلال-یشەوە پێگەیشت کە بچین ببینین لەشام، رۆژی ١٩٧٥/٤/٢٠ بۆ خۆمان شتێکی نوێ دروستدەکەین، ئێمە وتمان ئاخر بەچی؟ وتی بۆ کاکە ئێوە کەمن؟ خێرا تەلەفۆنی کرد بۆ د. فوئاد مەء×وم لەقاهیرەو ئەو هات بووین بە چوار کەس، ئیتر دەستمان کرد بەکۆبوونەوە، بەهەر کەسێکمان دەوت شۆڕش دەکەین قەشمەریان لێ دەهات! دەمەوێ شتێک بۆ مێژوو بگێڕمەوە، مام جەلال نامەیەکی دا بەمن بردم بۆ جۆرج حەبەش کە هاورێی بوو، من نەمزانی ناوەڕۆکی نامەکە چییە، بەڵام کە نامەکەی خوێندەوە وتی: مام جەلال بەجدییەتی کە دەیەوێت شەڕبکات و سەدام بڕووخێنێت؟ وتم: بەڵێ جدییە ئەوا ئێمە شۆڕش دەکەین، وتی: «بابە شۆڕشێکی گەورە هەرەسی هێنا»، روسیاو ئەمریکا لەگەڵ سەدامدان، شای ئێران لەگەڵیدا رێککەوتووە،



بەخاک سپاردنی شەهیدانی قەڵادزێ



شای ئێران، س

لەتارانەوە بەرەو بەیروت کەوتینەڕێ بەیەک فڕۆکە منو نوری شاوەیس و رەنجەی کوڕی و دارا تۆفیق، حەبیب محەمەد سکرتێری حزب بوو، عەبدولڕەزاق عەزیز فەیلی، ئیتر هەندێک لەو برادەرانە جیابوونەوە لێمان و لەبەیروتەوە نەهاتن بۆ شام لەگەڵمان بۆ بینینی مام جەلال، تەنیا منو عەبدولڕەزاق ماینەوەو بەتەواوەتی لەڕووی مەعنەویاتەوە رووخابووین، بەڵام کە بینیمان مەعنەویات و ورەی مام جەلال ئاگرە، پێیوتین بابە بۆچی دەترسن، وتمان ئاخر هەموو ئەو برادەرانە رۆیشتن کە کاک مەسعود پشتی پێ بەستبوون، وتی: ئەوە قەیناکە وڵاتانی کەنداو هەموویان لەگەڵیدان، تەنانەت هەڵچوو وتی: منیش لەگەڵ سەدامم ئێوە چۆن شۆڕشتان پێدەکرێت، وتی: مۆسکۆو حزبی شیوعیش لەگەڵ سەدامدان، تەنانەت وتی: «جەلال شێتە؟» من زۆر جەلال تاڵەبانیم خۆش دەوێت و کەسێکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرەو ئیتر زۆر پێیدا هەڵدا، بەڵام ئەم ئیشەی پێناکرێت و ئەوە سەرکێشییە.

## یەکەم کۆبوونەوە ١١ کەس بووین

بەهەرحاڵ من وتم: وەڵڵا هەر شۆڕش دەکەین، ئەوەبوو گەڕامەوە بۆلای مام جەلال، وتی: دەچین بۆ ئەوروپا چەند کەسێکی



لە ڕاستەوە: د.کەمال خۆشناو، هۆمەر شێخ موس، مام جەلال، د.فوئاد مەعصومو عادل موراد



سێیەمین کۆنگرەی ی.ن.ک چەپکەگوڵی ڕێزلێنان لەخەباتی لەملی د.کەمال فوئادو عادل موراد کرد

دەستنیشانکرد بۆئەوەی قسەیان لەگەڵدابکرێت. ئەوەبوو چووینە ئەڵمانیاو کۆبوونەوە لەگەڵ چەند کەسێکدا کرا کە ١١ کەس بووین ئەمە بووە یەکەم کۆبوونەوە ئەوانیش بریتیبوون لە (د. کەمال فوئاد، کاک نەوشیروان مستەفا کە لەنەمساوە هات، د.ئەرجومەند سدیق، د. لەتیف ڕەشید، هێرۆخان، جەبار عەلی شەریف برای حیلمی عەلی شەریف، هەروەها عومەر شێخ موسو ئازاد مستەفا خۆشناو، د. حەمە عەلی، د.دڵشاد ئەحمەدی))، بەهەرحاڵ دواتر چەند کۆبوونەوەیەک کراو دەستەی دامەزرێنەر بەو حەوت کەسە ناوی دەرکرد کە هەتا ئێستا ڕاگەیەندراوە کە بریتین لە (مام جەلال، کاک نەوشیروان، د. فوئاد مەع×وم، د.کەمال فوئاد، هۆمەر شێخ موس، عەبدولڕەزاق فەیلی،



دام حسێن، هەواری بۆمیدیەن ڕێککەوتنی جەزائیر

عادل موراد).

لەدوای ئەوەوە ناوبەناو یەکترمان دەبینییەوە، بەڵام ئەوەندە زۆر نەبوو تا سەروبەندی ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین، بەتایبەتی لەساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٦ کە ئەوکات من لەهەولێر لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن بووم، ئەو لەمەکتەبی سیاسی بوو شەوانە بۆ نووستنو پشوودان لەگەڵ مولازم عومەر دەهاتنەوە میوانخانە کە تەنیا چەند هەنگاوێک لەماڵەکەی منەوە دووربوو، بۆیە ئەو سەردەمە بەو پێیەی زۆر لەگەڵی بوومو زوو زوو یەکتریمان دەبینی، زۆر شتی لێ فێربووم، یەکێک لەو شتانەی زۆر سەرنجڕاکیش بوو بۆمن نەزاهەتەکەی، نەرمونیانیو سروشتە ناسکەکەی، لەبەرامبەردا سووربوونی لەسەر ڕای خۆی لەمەسەلە باشەکانو توندیی لەسازش نەکردن لەسەر مەسەلە نیشتمانیو نەتەوەییەکان.

## لەگەڵ حوکمی ئیعدام بوو

لەو بارەیەوە عادل موراد نموونەی بەوە هێنایەوە کە جارێک بەفەرمانی سەرکردەی نەمر جەبار فەرمان-کە ئەو سەردەمە وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆش بوو بەوەکالەت- کۆمەڵێک کەس گیران کە عەمودی کارەبایان دەشکاندو تەلی کارەباکەیان دەپچڕاندو دەیانتواندەوەو دەیانکرد بەقاڵبی مسو دەیانفرۆشت بەوڵاتانی دەوروبەر، لەدادگا بڕیاردرابوو لەسێدارە بدرێن، کاتێک کە کاک جەبار مەسەلەکەی لەکۆبوونەوەیەکدا باسکرد، هەندێک لەبرادەران بەپاساوی جیاجیا دەیانویست لەسێدارەدانەکە جێبەجێ نەکرێت، بەتایبەتی لێپرسراوە حزبییەکان، بەڵام یەکێک لەو کەسانەی زۆر سووربوو لەسەر لەسێدارەدانیان، د.کەمال بوو، کەبووە مایەی سەرسوڕمانی هەموو ئەوانەی لەکۆبوونەوەکە بوون، چونکە دەیوت: لەژێر باری ئەو هەموو ئابڵۆقە ئابوورییەدا بەهەزار حاڵ ئێمە ئەتوانین سێ چوار سەعات کارەبا دابین بکەین بۆ خەڵک، ئەمانە بێنو هێڵی گواستنەوەی کارەباکە بپچڕن بۆ سوودی خۆیان، ئەگەر سنوورێکی بۆ دانەنرێت، ئەوا کارەباش بەرهەم بهێنرێت هێڵی گواستنەوەی نامێنێت بۆ شارو گەڕەکو کۆڵانەکان، بۆیە ئەوانە دەبێت بکرێنە عیبرەت تا کەس نەتوانێت ئەو کارە بکات، ئەوەبوو لەسێدارە دراو چیتر ئەوکارە دووبارە نەکرایەوە.

## ئەزموونی مانگێک ئیختیفای دووبەدوو

هەروەها عادل موراد ئەوەی ئاشکراکرد کە د.کەمال یەکێک بوو لەوانەی هەر لەسەرەتاوە دژی شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤ بوون، بەتایبەتی شەڕ لەناو شاری هەولێردا کەپایتەختەو وتیشی: منو د.فوئاد مەع×ومو عەدنان موفتیش هەمان بۆچوونمان هەبوو، بەڵام شەڕەکە هەر ڕوویداو لەئیرادەی ئێمەمانان بەدەربوو.

پاشان هاتە سەر باسکردنی قۆناغێکی ژیانی نهێنیو کە ماوەی مانگێک پێکەوە لەمانگی ئەیلولی ١٩٩٦دا لەماڵێکدا لەهەولێر خۆیان حەشارداوەو دەڵێت یەکێکی تر لەو خەسڵەتانەی د. کەمال فوئاد ئەوەبوو کە هەرگیز لەهیچ شتێک نەدەترسا کە لەو قۆناغو ڕۆژگارە هەستیارو مەترسیدارانەشدا لەئارادابوون، لەوبارەیەوە وتی: بەو پێیەی ماڵەکەم لەنزیک میوانخانە بوو، فریای دەرچوون نەکەوتین لەهەولێرو لەهێزەکەی خۆمان دابڕاین، بۆیە لەماڵێکدا بەنهێنی شوێنێکمان بۆ دابینکرا لەلایەن ڕێکخستنەکانی ناو هەولێرەوە، بەڵام ئەوەی لەو پیاوەدا بەدیمکرد چاونەترسیو لەدەستنەدانی هاوسەنگی بوو، تەنانەت لەوکاتەدا کە سوپای عیراق لەچەند لایەکەوە هاتبووە ناوشاری هەولێرەوەو هێزەکانی یەکێتی بەرەو باداوان لەپاشەکشەدابوون، من بەهۆی نزیکیی ماڵەکەمەوە لەمیوانخانە پێمباش بوو د. کەمالیش لەگەڵ خۆمدا ببەمو بەیەکەوەبین، کەچی هێندە چاونەترسو مەسەلەکەی بەئاسایی وەرگرتبوو دەیوت بۆستە با حەمامێک بکەم، وتم کوڕە ئەوە مقەڕی حزبی دەعوە گیراوە حەمامی چی؟ ئەوەش بەهەرحاڵ کە ئێمە بەجێماینو بەتەواوەتی نەمانزانیبوو کە هێزەکانمان بەوجۆرە پاشەکشەیان کردووە، بەڵام لەماڵێکدا خۆمان حەشاردا ئەوەی ترسو سڵەمینەوە بێت لەو پیاوەم نەبینی، ئەوە شتێکی نوێ بوو بۆ من، بۆیە دواتر لەهەموو مەجلیسێکدا باسی ئەو چاونەترسییەیم دەکرد، پێشی ناخۆش بوو، بەڵام پێموت: پێشت ناخۆش بێت هەر باسی ئەو جوامێرییەت دەکەم.

## فەترەی -تحت المائی-

هەڵوێستێکی تریشی لەو کاتی ئیختیفایەدا ئەوەبوو مانگی ئەیلول لەهەولێر زۆر گەرم بوو، جگە لەوە شوێنەکەی ئێمە ژوورێکی بچووک بوو کە بۆمان ئامادەکرابوو، هەروەها کارەباش نەبوو، لەبەرئەوە بەنۆرە دوو سەعات دوو سەعات دەنووستینو یەکێکمان باوەشێنی ئەوی ترمان دەکرد، جارێکیان من لەئانقەست وازم لێهێنا پێنج شەش سەعات بنوێت، کە بەخەبەرهات زۆر تووڕەبوو لێم وتی: تۆ بۆچی بەخەبەرت نەهێناوم، تۆ زۆر ماندووبوویت، منیش پێموت: حەزم کردووە بخەویت تۆ ماندوویت، چونکە من گەنجتربووم، ئەو ماوەیە چەند ناخۆشو خەمناک بوو، بەڵام هێندەش خۆش بوو لەگەڵ کاک کەمال چونکە ئەو لەوێشدا لەنوکتەو قسەی خۆش نەکەوت پێی دەوت (فەترەی تحت المائی).


## بەقاچی شکاوەوە هەڵسایە سەرپێ

هەر لەو ماوەیەدا ئامێرێکی فاکسمان دەستکەوت، کە ڕۆژانە هەواڵەکانی هەولێرمان لەڕێگەی برادەرانی ڕێکخستنەوە پێ دەگەیشتو د. کەمال دەینووسیو برادەرێکی تاجر بەفاکس دەینارد بۆ بەرلینو لەوێوە دەنێردرایەوە بۆ مام جەلال کە ئەوکاتە لەقاسمەڕەش بوو، تەنانەت جارێک لەگەڵ کاک کەمال نامەیەکمان نووسی بۆ مامۆستا عوسمانی ڕەگەزنامە کە ئەویش بریندابوو و لەناو شاردا بەئیختیفا مابۆوە، نامەکەمان بەناوی مەکتەبی سیاسییەوە نووسی، مامۆستا عوسمان دواتر گێڕایەوە کە لەخۆشیدا نەیزانیووە قاچی بریندارە یەکسەر هەڵسابووە سەرپێو وتبووی هێشتا مەکتەبی سیاسی لەهەولێرە؟ ئەوەبوو ورەیەکی باشمان دا بەو هەڤاڵانەی کە لەناو هەولێردا ئیختیفا بوون، هەرچەندە بەداخەوە هەندێک لەبرادەران دەستگیرکران، بەڵام ئەو نامانەی منو کاک کەمال بۆ ئەو ڕۆژگارە ورەیەکی باشبوو بۆ هەڤاڵان.


## نازناوی عادل بێگ هی د. کەماڵە

مرۆڤ چەند کاک کەمال بناسێت تا لەهەڵوێستو حاڵەتی لەوجۆرەدا نەیبینێت نازانێت ئەو پەپوولەیە چەند بەورەو چاونەترسە، ئێستاش بەداخەوە کە ڕەوشی تەندروستی خراپە، هەرجارێک بچمە ئەوروپا سەردانی دەکەم، هەرچەندە زۆر بەزەحمەت قسە دەکاتو چاو هەڵدەبڕێت، بەڵام یەکسەر دەڵێت: عادل بێگ موراد بێک، ئەو ناوە ئەو لێیناوم.


ڕەنگە ئەمەی دەیڵێین کەم بێت سەبارەت بە د.کەمال، چونکە تا ڕادەی ئەوپەڕی نیشتمانپەروەرە، نەزیەو بێگەردەو دوورە لەگەندەڵی، ئەم نەخۆشییە ئەوەشی ئاشکراکرد کە کەسێکە سەرباری ئەوەی چەند ساڵێک لێپرسراوی مەکتەبی داراییو ئیدارەی گشتیی یەکێتی بوو، کەچی پارەی نییە، تەنانەت ماوەی ٣٠ ساڵە هەر ئەو خانووەی هەیە لەبەرلین کە تەنیا دوو ژوورە، لەکاتێکدا بەملیۆنان دۆلاری یەکێتی لەداراییو ئیدارەی گشتی لەبەردەستی ئەودابوو، بۆیە دەکرێت بەکورتی پوختی بڵێین د. کەمال خۆڕاگرەو ئارامگرو بیرمەندە. واتە خۆڕاگرە لەتەنگانەو بارودۆخی نالەباردا، ئارامگرە لەبەرامبەر برسێتی، تەنگانە، نەبوونی، مەترسی، بیرمەندیشە بەهەموو مانایەکو ئەو تێڕوانینانو شیکردنەوانەی ئەو کە لەکۆبوونەوەکاندا دەیخستنەڕوو هەمیشە ئامانجی پێکاوەو زۆر دووربینانەو دوور لەهەڵچوونی کاتی بڕیارو هەڵوێستی دەربڕیووەو هەرگیز ئامادەنەبووە سازش لەسەر بۆچوونە ڕاستو دروستەکانی بکات.




هۆمەر شێخ موس



نوری شاوەیس



د. ئەسعەد خەیلانی



دارا تۆفیق



بەشیر موشیر



# د.کەمال فوئاد، جووت ئەستێرە هەردەم پڕشنگدارەکەی کوردستان



مومتاز حەیدەری

ئەگەر بەپەلە سەیرێکی ڕەوتو ژیانی کۆمەڵایەتیو کەلتووریی کوردی بکرێت، لەدێر زەمانەوە، تا ئەم ڕۆژگارە، دەبینین، بەپێچەوانەی ڕەوتی هەرە دژواری کۆمەڵگەی کوردەواریو سەرەڕای لەمێژینەیی داگیرکاریی دەوڵەتە خوێنڕێژەکان، تاکی کورد لەدەرەوەی پاڵپشتی حکومەتیو گشتی کۆمەڵگە، لەهەر بوارێکی ژیان بووە، بەتواناو هێزی بازوو و فیکری تایبەتی خۆی، خۆی پێگەیاندووە، بگرە ڕۆڵێکی باڵای لەمەیدانی پسپۆڕایەتییەکەی بینیووە، لەوانە بۆ نموونە کارامەیی وەستایەکی بینا، یان دارتاشێکی هونەرمەند، تا دەگاتە گەورە نووسەران، ڕۆشنبیران، شاعیران. بەکورتی ئەو ڕێچکەیە لەبابا تاهیری عوریانەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە گەورە تێکۆشەرو گەورە نووسەری کوردستان، د.کەمال فوئاد، هەڵبەت دروستبوونی ئەو گەورەییە، لەهەر بوارێکی ژیاندا بووبێت، وا بەئاسانی دروست نابێت، بەڵکو بەهێزو توانای عەقڵیو شەونخونییەکی دژوارو پشوودرێژیی دروست دەبێت. ئەوە دیارە، ناوە پڕشنگدارەکانی گۆڕەپانی خەباتو ئاسمانی ڕەسەنی کەلتووریی کوردان.

نموونەی شەرەفخانی بەدلیسی، ئەحمەدی خانی، شێخی جەزیری، حاجی قادری کۆیی، حسێن حوزنی موکریانیو عەلائەدین سەجادیو بەسەدانی دیکە.

ئەگەر مرۆڤ بەوردی بەژیاننامەی ئەو زاتانەدا بچێتەوە، لەبەردەم گەورەییان، کڕنووش بۆ ڕۆحی پاکییان دەبات، ئەوەتا نموونەیەکی دیکەی گەورە د. کەمال فوئاد ـە.

لەکۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕێگایەکی سەختی دژواری خەباتی نەتەوەیی هاتەپێشەوە، کە دەبێ حزبی نیشتیمانی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرێکی زانستی شۆڕشگێڕیی لەپێناو ئازادیی نیشتمانو کامەرانیی نەتەوە ستەمدیدەکەی دەگرێتەبەرو شۆڕشگێڕانە قۆناغەکانی سەختی تێکۆشان دەبڕێ. بەش بەحاڵی خۆم ناوی د.کەمال ـم لەڕێگەی ساڵح حەیدەریی برا گەورەمەوە بیست کە ساڵی ١٩٥٦ لەکۆنفرانسی حزبی شیوعی عیراقدا ئامادەدەبێ، بیستوومە، دیارە لەو کۆنفرانسەدا مامۆستا کەمال فوئاد وەکو نوێنەری شاری سلێمانی لەتەک کۆچکردووی گەورە کاکەی فەلاحی شاعیرو ڕۆژنامەنووس ئامادەبووە، پاشان هەر لەسەروبەندی تێکۆشانی حزبی شیوعی عیراق لقی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ کاک ساڵحو کاک کەمال فوئادو هی دیکە لەڕوانگەی بڕوایەکی تازەوە، کە دەبێ کورد حزبێکی پێشڕەوی تایبەت بەخۆی هەبێو سەرکردایەتیی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی بکات.

جا لەو ساڵەدا ئەو هاوڕێیانە لەحزبی شیوعی عیراق جیابوونەوە، لەئەنجامیشیدا کاردانەوەیەکی دووسەرە پەیدابوو: حزبی شیوعی زۆر بەتوندی بەدەرکردنی نامیلکەیەکی تیۆری ـ سیاسی بەرەنگاری ئەو هەڵوێستەی کاک ساڵحو د. کەمال یان کردو گرژییەک لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو حزبی شیوعی عیراق دروست بوو. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕێبازێکی تازەی خەباتی


کردستان
بسم الله الرحمن الرحیم

هاوچەرخانەدا درێژە بەخەبات بدات. نموونەی تیۆری مارکسیزم..هتد.

ئیتر لەوساتەوە، د. کەمال وەکو تێکۆشەرێکی سەرسەختی ڕێگای کوردایەتیی سەردەمانە بەردەوام بوو، تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هاتەکایەوە، دیارە لەناوجەرگەی ئەو پێشهاتو گوڕانکاریيانەو دەرهاویشتەکانی ڕەوشەکەو سەرهەڵدانی بەرگریی چەکداری،

– شۆڕشی ئەیلول ـو بەرپابوونی دەیان ڕووداوی گەورە گەورەداو بگرە زۆر ئاڵۆزیی هەمەجۆر، د.کەمال فوئاد وەکو تێکۆشەرێکی ڕۆناکبیر ڕێگەی خەباتی بەرنەداو، هەمان کات وەکو ڕووناکبیرێکی دیار لەمەیدانی خوێندنو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەئەوروپا، بەتایبەتی لەئەڵمانیا چ بەتەواوکردنی خوێندنی باڵا لەمەیدانی زمانداو لەهەمان کاتدا گەڕان لەکتێبخانەو ئەرشیفەکانی ئەو وڵاتانە بەدوای دیکۆمێنتو چاپەمەنیی کوردیدا، کە سەرەنجام سەرمایەکی مەزنی لەنووسینو دۆزینەوەی زۆربەی هەرە زۆری ژمارەکانی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (ڕۆژنامەی کوردستان)ی بەدرخانییەکانی دۆزییەوەو ساغی کردنەوەو لەسەرەتای حەفتاکان ئەو ژمارانەی دەستی کەوتبوون چاپی کردنەوە. ئەو کارە نەتەوەییەی د.کەمال فوئاد، لەمەیدانی لێکۆڵینەوەو نووسینی مێژووی ڕۆژنامەنووسیدا گەورەترین خزمەتی بەڕەوتی مێژووی ڕۆژنامەنووسی بەتایبەتو کەلتووری کوردی بەگشتی گەیاند. بگرە بەخاڵێکی زێڕینی مێژووی هاوچەرخی ڕووناکبیریی کوردی دەژمێردرێ.


ئەمڕۆش، خەباتی د.کەمال فوئاد پاش ئەو تەمەنە پڕ کۆششە سیاسیو بەرهەمە ئەدەبیو زمانەوانیو ڕۆژنامەنووسییە هەمەرەنگە، دەبێ بەوپەڕی هەستی شارستانیو نەتەوەییەوە ڕێزێکی بێ پایانی لێبگیرێ.


بەبڕوای من ئەوەی دەکرێ بۆ دەورکردنەوەی کارو چالاکییەکانی ئەو گەورە پیاوەی کورد درەنگ وەختە! دەخوازم، ئەم کورتە نووسینەم قەرزێکی بچووک بێت لەبەرامبەر ڕەوتە هەرە گەورەکەی د.کەمال فوئادو لەکۆتاییدا دەڵێم:

بەراستی جووت ئەستێرەی پڕشنگداری
یەکەمییان ئاسمانی کوردایەتی
دووەمییان ئاسمانی کلتووری کوردان
هەردەم لەشساغو تەمەن درێژبن


د.کەمال فوئاد


ساڵح حەیدەری


مەلای جزیری


بابا تاهیری هەمەدانی



شەریف پاشای خەندان


شەرەفخانی بەدلیسی


حسێن حوزنی موکریانی


حاجی قادری کۆیی


عەلادین سوجادی


ئەحمەدی خانی

# ویستگەکانی ژیانی د. کەمال فوئاد لەزاری خۆیەوە

**جەمال لۆلۆ**

کەمێک دەگەڕێمە دواوە لەبەرئەوەی گوێگران‌و خوێنەرانی بەڕێز زیاتر بەرچاویان ڕۆشن بێت، ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە جەنەراڵێکی سەربازییان هێنا کە پلەی لیوا بوو بەناوی «عومەر عەلی»، کردیان بە موتەسەڕیفی سلێمانی، ئەوکاتە من لەبەندیخانەدا بووم، دیاربوو مەبەست لەهێنانی ئەو ژەنەراڵە ئەوەبوو کە هەرچی بزووتنەوەیەکی کوردایەتی یا نیشتمانی هەبێت بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ بەگژیاندا بچێ‌و ماوەی ئەوەیان نەدا کە چالاکی بنوێنن، چونکە لەساڵی ١٩٥٤ کە کابینە وەزارییەکەی فازڵ جەباری لەسەرکاربوو، هەندێک سەربەستی دیموکراتی هەبوو، زۆر خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوەی نارەزایی لەشارەکانی عیراق‌و بەتایبەتی لەسلێمانی بەڕێوەدەچوو، لەبەرئەوە حکومەتی عیراق بۆ دامرکاندنەوەی ئەو بزووتنەوەیە کەسێکی وەکو «عومەر عەلی»یان هەڵبژاردبوو کە تۆرانییەکی دژ بەکوردبوو دژ بەهەموو هێزێکی نیشتمانی بوو، زۆریش دڵسۆز بوو بۆ کاربەدەستانی ئەو سەردەمە کە سەردەمی پاشایەتی بوو، پاش ئەوەی من لەکۆتایی ئەو ساڵەدا لەبەندیخانە ئازادکرام، ئەوکاتە لەسەر ئەوە گیرابووم کە لێپرسراوی کۆمیتەی حزبی شوعی عیراق بووم لە بەغدا، لەڕووداوێکدا دەستگیرکرام‌و ماوەیەک لەبەندیخانەدا مامەوە، بەڵام پاش ماوەیەک لەوەی کە ئازادکرام، داوایان لێکردم کە بچم بۆ کەرکوکو ئیشەکەی پێشووم واز لێبهێنم، منیش کە چووم بۆ کەرکوک، لەوێ ئەو برایانەی کە لەکۆمیتەی حزبی شیوعی ناوچەی کوردستان بوون، هێشتا لقی کوردستانیش دروست نەببوو، وتیان ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە لەسلێمانی، ئەویش ئەوەیە کەوا هەرکەسێک دەنێرین بۆ سلێمانی یان دەگیرێت یان ناچار دەبێ ئەوێ بەجێبهێڵێت لەبەرئەوەی کەوا زەبروزەنگو توندوتیژییەکی زۆر هەیە لەسلێمانی، بەهۆی ئەوەی کابرایەکی عەسکەریی وەکو عومەر عەلی لەوێ دانراوە، لەبەرئەوە پێمان باشە خۆت کە خەڵکی سلێمانیت‌و ماوەیەکیشە دوورکەوتوویتەوە لەسلێمانی‌و لەبەرچاو ونبوویت، تۆ رەنگە زیاتر بتوانیت شوێنی خۆت بکەیتەوە.

بەپێی ئەو بڕیارە من هاتم بۆ سلێمانی، ئەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٤دا بوو، دەستبەکاربووین‌و توانیمان کەمێک ڕێکخستنەکان بگێڕینەوە، هەروەها ئەوانەی کە دابڕابوون بیاندۆزینەوە.

ئەو سەردەمە یەکێک لەو کارە باشانەی کە کردمان، پێکهێنانی پەیوەندییەکی ڕێکوپێکو توندوتۆڵ بوو لەگەڵ برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەتایبەتی من هەندێکیانم ناسیبوو لەبەندیخانە کە هاتمەوە بۆ سلێمانی وەکو لێپرسراوی کۆمیتەی ناوچەی حزبی شوعی عیراق یەکێک لەو کارانەی کەوا کردم پەیوەندییەکی ڕێکوپێکو باشم لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕێکخست، لەپاش ئەوەی ئێمە دەستمانکرد بەو کارانە، ئەوەبوو لەبەهاری ١٩٥٥دا عومەر عەلی توانیی بەفرۆفێڵ‌و دەسیسە پاشماوەی چەتەکانی خولەپیزە لەناوچەی شاربازێر لەناو ببات، بەمە ناوبانگێکی گەورەی بۆ خۆی پەیداکرد لای کاربەدەستان، چونکە ماوەیەکی زۆربوو ئەو بزووتنەوەیە هەبوو، بزووتنەوەیەکی چەکداریی چەتەیی بوو وەنەبێ ناوەڕۆکێکی سیاسی هەبووبێت، بەڵام حکومەتی زۆر هەراسان کردبوو، لەبەرئەوە سەرکەوتنی عومەر عەلی لەو کارەدا ناوبانگێکی بۆ پەیداکرد، عومەر عەلی خۆشی کابرایەکی سەرکەوتوو بوو لەڕووی ئیدارییەوە، لایەنی سیاسییەکەی لێ بگەڕێی کە کابرایەکی تۆرانی دژ بەکوردو دژ بەهەموو هێزێکی نیشتمانیی بوو، بەڵام لەڕووی ئیدارییەوەو لەڕووی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەوە کاربەدەستێکی سەرکەوتوو بوو، ئیتر لای عومەر عەلی وا دەرکەوت کە توانیویەتی سلێمانی بکات بەشامی شەریف‌و هیچ بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکاریی تێدا نەمێنێت، بەڵام بێگومان لەوەدا زۆر بەهەڵەدا چووبوو وەک لەپاشان دەردەکەوێت، ئەوەی کە زۆر سەرنج رادەکێشێت پاش ئەوەی کە ئەو چەتانەیان گرت‌و کوشت، بڵاویان کردەوە کە ئەمانە لەگەڵ ڕێکخراوە رووخێنەرەکاندا پەیوەندییان هەبووە، لەلایەن خەڵکەوە ئەم قسەیە بەدرۆیەکی گەورە دانرا کەس بڕوای پێ نەکرد، بەپێکەنینەوە ئەو تۆمەتەیان وەرگرت، بەڵام ئەوەی راستی بێت، وەکو لەپاشان بۆتان دەردەکەوێت ئەو قسەیەی ئەوان شتێک راستیی تێدابوو، چونکە وەکو رێکخراوی حزبی شیوعی لەسلێمانی، ئێمە جۆرێک پەیوەندییمان لەگەڵ ئەو چەتانەدا پەیداکردبوو، هەرچەندە شێوەیەکی رەسمی نەبوو، بەڵام وای بۆ دەچووین ئەو سەردەمە کە ئەمە بکرێت بەنەواتێک بۆ هێزێکی چەکداریی بەربەرەکانی لەناوچەکەدا دژبە رژێمی ئەوکاتە، لەو بۆچونەشماندا باشمان بیر لێکردبۆوە، کە ئەوانە واز لەڕێگریی‌و چەتەگەریی بهێنن با بزووتنەوەیەکی چەکداربێت پەیوەندییان لەگەڵ ئێمەدا هەبێت‌و ئێمە بتوانین بەو شێوەیە کەوا بۆ مەبەستە سیاسییەکان سودی لێ ببینین. ئێمە پەیوەندییان لەگەڵدا پەیدابکەین.

وابزانم سەرەتایەکی ئەوکارە پێکهاتبوو، هەندێک نامەی ئێمەیان لەگیرفانی ئەواندا دۆزیبۆوە، ئەم قسەیەیان کرد، بەڵام وەکو وتم: قسەکە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو بۆ رای گشتی‌و کەس بڕوای پێ نەکردو بەگاڵتەوە ئەو قسەیان دەگێڕایەوە، بەڵام دواتر بۆتان دەردەکەوێت کە چۆن ئێمە ئەو پەیوەندیانەمان دروستکردبوو، هەروەکو وتم: لەسەرەتادا بوو، هێشتا نەچوبووە ئەو قاڵبەی کەوا ئێمە بۆمان دانابوو. پاش ئەوە بەماوەیەک عومەر عەلی دەستیکرد بەوەی کە موزایەقەی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفید بکات کە ئەو وەختە لەداری کەلی بوو، هەر ساڵی ١٩٥٥ بوو دەورەی داری کەلیان داو شێخ مەحمودیان ناچارکرد کە بێت بۆ شاری سلێمانی‌و لەوێ دابنیشێت، پاش ماوەیەک شێخ لەتیفیان گرت، ئەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٦ بوو، پێش وەفاتی شێخ مەحمود بەچەند مانگێک، شێخ لەتیفان گرت‌و لەبەندیخانەی سلێمانی دایاننا، بەکورتی جۆرە گوشارێک پەیدابوو لەسەر بنەماڵەی شێخان، بەتایبەتی «شێخ مەحمود» ئینجا «شێخ لەتیف»، بیانووی عومەر عەلی‌و حکومەتی عیراقیش ئەوەبوو کە ئەمانە داڵدەی پیاوانی خراپ‌و رێگرو چەتەو پیاوکوژ دەدەن، راستیەکەشی ئەوەبوو کە ئەوانەی لێیان بقەومایە لەبەر هەر هۆیەک بوایەو پاشان وای لێهاتبوو لەبەر هۆی سیاسیش دەچوون هانایان دەبردە بەر شێخ مەحموود و شێخ لەتیف تا داڵدەیان بدەن، لەداری کەلی دادەنیشتن لەسیتەک دادەنیشتن‌و حکومەت دەستی نەدەگەیشتە ئەوانە، هەر




د.کەمال فوئاد



# شەش دەیە خەبات


شێخ لەتیف


کاکەی فەلاح


گۆران


دیلان

لەبەرئەوە عومەر عەلی-یان هێنا بۆ سلێمانی کە لەو مەسەلەیەدا خەڵکی سلێمانی نییەو کەس نایناسیو شەرمیش لەکەس ناکات، کابرایەکی عەسکەریی توندڕەویشەو هەر لەبەرئەوە هێنابوویان بۆئەوەی هیچ ئیعتبارێک دانەنێت بۆ پێگەی ئەو بنەماڵەیەو یەکێک لەو کارانەی کەوا کردی، ئەوەبوو شێخ مەحمودی ناچارکرد کە داری کەلی بەجێبهێڵێتو بێت بۆ سلێمانی و شێخ لەتیفیشی گرت. ڕووداوەکان بەو شێوەیە دەڕۆیشت، حەزدەکەم ئەوەشتان بۆ باس بکەم کە پێش ئەوەی بێم بۆ سلێمانیو ئەو بەرپرسیارێتییە وەربگرم، لەلایەن لێپرسراوانی حزبی شوعییەوە لەکەرکوک کە بەشێکی زۆریشیان کوردبوونو خەڵکی سلێمانیو هەولێرو ئەو ناوچانە بوون، داوایان لێکردم کە پەیوەندیی لەگەڵ چەند کەسێکدا بکەم، بەڵام وتیان ئەوە شتێکە کە نابێ کەس بیزانێ، دەبێت تەنیا خۆت پەیوەندییان پێوە بکەی، یەکێک لەوانە کە جێگەی سەرسوڕمانی من بوو، شێخ لەتیف بوو، یەکێکی تر لەوانە بەڕێوەبەری بەندیخانەی سلێمانی بوو، سێ کەسی تریش بوون کە پێویست بەناوبردنیان ناکات، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی بەمەسەلەکەوە هەیە ئەوەیە کە پەیوەندییەکان بەشێخ لەتیفو هەروەها بەڕێوەبەری بەندیخانەی سلێمانی، من کە هاتم بۆ سلێمانی، توانیم پەیوەندیی بکەم بەشێخ لەتیف-ەوە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی، تاوەکو نەگیرابوو چەند جارێکیش یەکتریمان بینی، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە شێخ لەتیف ئەو کاتە زۆر لەسەر ئەو وتەرەی ئەدا کە پارتیو حزبی شوعی لەیەکتر نزیکببنەوەو هاوکاریی یەکتریش بکەن، تەنانەت وتی: من خۆم ئامادەم لەسەر حسابی خۆم بچم بۆ دەرەوە هەوڵبدەم بگەمە لای مەلا مستەفای بارزانی کە ئەو وەختە لەیەکێتیی سۆڤێت بوو، بچم بۆلای ئەوو لەوبارەیەوە بیروڕای وەربگرم، بیروڕاو بۆچوونەکانی زۆر واقعی بوو لەگەڵ ئەو سەردەمەدا، ئەو زۆر لەگەڵ ئەوەبوو کە ئەو دوولایەنە زۆر لەیەکتریی نزیکببنەوە.

من نەمدەتوانی ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەری بەندیخانەی سلێمانی ببینم، بەڵام بەنامە پەیوەندیمان لەگەڵدا دەکرد. لەبەرئەوەی کە شێخ لەتیف گیرا، ئێمە دەمانتوانی کە پەیوەندیی لەگەڵدا بکەین بەتایبەتی کە ئەویش لەبەندیخانە بوو، بەڵام شێخ لەتیف نەیدەزانی کە ئەو نامانە چۆن دەگاتە دەست ئەو، نەیدەزانی کە بەڕێوەبەری بەندیخانە لەژێرەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، ئەو دوو کەسە ڕەنگە ئەو سەردەمەشو تائێستاش کەس هەستی بەوە نەکردبێ کە پەیوەندییەکی وایان هەبووبێ لەگەڵ حزبی شیوعی عیراقدا.

چەند مانگێک پاش ئەوە شێخ مەحموود لەبەر نەخۆشی ناچاربوون بیبەن بۆ بەغدا، وابزانم مانگێک یان دوو مانگ پێش وەفاتکردنی بوو، ڕۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ من لەماڵی خۆمان لەگەڕەکی کانێسکان دانیشتبووم، گوێم لەدەنگوباسی سەعات هەشتی بەیانی بەغدا دەگرت، یەکەم هەواڵی ئەوەبوو کەوا شێخ مەحمود لەفلان نەخۆشخانە وەفاتی کردوەو تەرمەکەی بەڕێ دەکرێتەوە بەرەو سلێمانی، من کە گوێم لەو هەواڵە بوو، یەکسەر لەماڵەوە هاتمە دەرەوەو چووم پەیوەندیم کرد لەگەڵ ئەندامەکانی لیژنەی محەلی ئەو سەردەمەدا کە بریتی بوون لە کاک لەتیفی نانەو+ کاک حەمە ساڵح دیلان، قادری میرزا کەریم، ئەحمەدی نانەوا، وتم: لەو بارەیەوە ئێمە دەبێ شتێک بکەین، پاش کۆبوونەوەیەکی خێرا، بڕیارماندا کە یەکەم هەنگاومان ئەوەبێ پەیوەندیی بکەین لەگەڵ لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە ئەو وەختە بەهۆی دوکانەکەی کاک حەمەی حاجی تایەرو کاک قادری حاجی تایەرەوە پەیوەندیمان لەگەڵدا دەکردن، وتمان ئێمە پێویستە یەکتری ببینین بۆئەوەی بەرنامەیەکی یەکگرتوو دابنێین بۆ پێشوازیکردن لەتەرمەکەی خوالێخۆشبوو شێخ مەحمود، ئەوانیش زۆر بەباشیو بەخێرایی هاتنە دەست، ئەوەبوو من هاوئاهەنگیم کرد لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک نوری ئەحمەدی تەهاو کارەکە بەرەوڕووی هەردووکمان کرایەوە، لەلایەن حزبی شیوعییەوە بەرەوڕووی من کرایەوە کە من شەخسی یەکەمیان بووم لەسلێمانیو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە بەرەوڕووی کاک نوری ئەحمەدی تەها کرایەوە، کە ئەویش ئەندامێکی گەورەبوو و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. پاشان لەوانەی کە لەلیژنەی محەلی لەگەڵماندا بوون خوالێخۆشبوو «محەمەد ساڵح دیلان» پێشنیازێکی کرد وتی: مامۆستا گۆران تازە لەزیندان بەربووە، با بچین سەردانێکی بکەین، بەڵکو بەو بۆنەیەوە ئەویش شتێک ڕێکبخات، چوینە ماڵەکەیان ماڵێک لەگەڕەکی مەڵکەندی لەگەڵی دانیشتین، من پێموت: شتێکی وا ڕوویداوە حەزدەکەم لەو بارەیەوە ئەگەر شتێک بنووسیت کە بەکەڵکی ئەوەبێت بکرێت بەسروود بۆ خوێندنەوەی لەسەر بڵندگۆی مزگەوتی گەورە، من مەبەستمە کە ئەو قسەیە بگێڕمەوە بۆ ئەوەی بزانن کە بیروڕاو بۆچوونی ئەو سەردەمە چۆن بووە، مامۆستا گۆران ئەوکاتە پەیوەندیی لەگەڵ حزبی شوعیی عیراقدا هەبوو، ڕووی کردە ئێمەو وتی: تائێستا ئێمە وا پەروەردە کراوین کە شێخ مەحمود کابرایەکی دەرەبەگە، وتی بۆ من زۆر زەحمەتە بتوانم شیعرێک بەو موناسەبەتەوە بڵێم، خوا هەڵنەگرێ مامۆستا حەمە ساڵح دیلان زۆر لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵدا کردو وتی بەڵێ، ئەوە بۆچوونی ئێمە بووە، بەڵام ئەمڕۆ شێخ مەحمود دەچەوسێتەوە، خۆیو بنەماڵەکەی دەچەوسێنەوە لەلایەن کاربەدەستانی عیراقەوە، ئەوەبوو شێخ مەحمودیان ناچارکرد لەداری کەلییەوە بێت بۆ سلێمانیو لەسلێمانی نەخۆش کەوتو بردیان بۆ بەغداو ئێستاش لەوێ وەفاتی کردووە، بۆیە پێویستە ئێمە ئەوە بەشەهیدێکی بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی دابنێین، ئەم قسانەمان کرد، مامۆستا گۆران نەختێک نەرم



بوو، وەختێکی بۆ دانایەو وتی سەعات دوانزە وەرنەوە ئەگەر شتێکم بۆهات دەتان دەمێو ئەگەر نەشهات گلەیم لێمەکەن، چونکە ئێمە تائێستا بەجۆرە بیروباوەڕێکی تر مێشکمان پەروەردە کراوە، کە سەعات دوانزە چووینەوە بۆلای، شتێکی زۆر جوانی نووسیبوو و زۆر بەکەڵکی ئەوە دەهات بکرێت بەسروودو زۆرجاریش پرسیوومە ئەوە لەکوێ مابێتو دەبێت لەکوێ دەستبکەوێتەوە، لەدیوانەکەیدا بڵاونەکراوەتەوە، لەهیچ شتێکی مامۆستا گۆراندا بڵاونەکراوەتەوە، هەتا لەو کەسانەی کە من ڕام سپاردبوون کە ئەوە بکەن بەسروودو بچن لەمزگەوتی گەورە بیڵێن، لەگەڵ ئەوانەشدا قسەم کرد ئەوانیش نە لایان مابوو نە لەبیریشیان مابوو، ئەوەندە دەزانم ئەو وشانەی کە ئەو نووسیبووی زۆر ڕێکوپێکو جوان بوو، ئاوازێکی زۆر جوانیشیان بۆ دانابوو، لەوکاتەوە ئێمە بۆمان بردن، هەتا پۆلیس فەرقی پێ کردین، ئەوانە بەشێوەی سروود لەسەر بڵندگۆکەی مزگەوتی گەورەوە ئەیان خوێندەوە، بەڵام لەپاشاندا کە پۆلیس بەتایبەتی هەستی بەمەکرد، چوو بەدوایاندا کە بیانگرێ، بەڵام ئەوان هەر ئەوەندە فریاکەوتن خۆیان دەربازکرد. بەڵام نزیکەی چوار پێنج سەعات ئەم سروودە بەبەردەوامی لەسەر بڵندگۆکەی مزگەوتی گەورەوە هەر دەوتراو دەوترایەوە.


لەوانەی ئەو کارەیان ڕووبەڕوو کرایەوەو ڕۆڵێکی باڵاشیان بینی لەدۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە سروودەکە بڵێنو ئاوازێکی جوانیشی بۆ دانان، مامۆستا کامیل ژیر بوو. من پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا کامیل ژیریش کرد، بەداخەوە ئەویش لەبیری نەمابوو دەنا یەکێکە لەپارچە هەرە جوانو نایابەکانی مامۆستا گۆران. وردە وردە ئێمە خەریکی ئەوەبووین خۆمان کۆبکەینەوە لەسەر ئەوەش ڕێککەوتبووین لەگەڵ پارتیدا کە ئێمە هەوڵبدەین زۆرترین کەس بچن بەپیر جەنازەکەی شێخ مەحمودەوە، بەڵام هەوڵبدەین کارەکە بەئاشتی بڕوات بەڕێوە، پۆل پۆل خەڵک کۆدەبوونەوە، بەپێ بەرەو قلیاسان دەڕۆشتن، ئەو کاتە سلێمانی ئەوەندە گەورە نەبوو، شاری سلێمانی لەباخی گشتی کۆتایی دەهات، ئیتر وردە وردە خەڵک لەوێ کۆدەبوونەوە، بەپێ بەڕێ کەوتبوون هەتا قلیاسان ئەولای قلیاسانیش چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە تەرمەکەی شێخ مەحمود دەگات، ئێمەش هەردوو حزبەکە هانی خەڵکمان دەدا بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی خەڵک بچن بەرەو پیری تەرمەکەو زۆر ئۆتۆمبێلیش بەڕێکەوتبوون، ئەو ئۆتۆمبێلانە هەندێکیان هەتا دوز خورماتوو ڕۆشتبوونو لەوسەرەوە کە بە شاری کەرکوکیشدا گەڕابوونەوە، حکومەت زۆر ترسو لەرزی لێنیشتبوو، چونکە بەسەدان ئوتۆمبێل بوون، سەدان ئۆتۆمبێل بۆ ئەو سەردەمە زۆر زۆر بوو، ڕەنگە شاری سلێمانی خۆی ١٠ ئۆتۆمبێلی تێدا نەبوو، جەماوەرێکی ئێجگار زۆریش کۆببونەوە، ئێمە لەسەر پلانی خۆمان بەردەوامبووین، ئەوەی کە تەرمەکە گەیشت وەریبگرینو لەم شەقامەی ئێستا کە پێی دەڵێن مەولەوی بیبەین هەتا بەردەرکی سەراو لەوێشەوە بیبەین بۆ مزگەوتی گەورە، ئیتر کە تەرمەکەمان دانا، بەخەڵکەکە بڵێین بڵاوەی لێبکەین، چونکە دەمانزانی کە حکومەت ئیجرائات دەکات، خۆشبەختانە لەو کاتانەدا عومەر عەلی لێرە نەبوو لەبەغدا بوو، ئەوەی کە جێگری عومەر عەلی بوو، لەگەڵ یاریدەدەرەکەی هەردووکیان دوو کوردی سلێمانی بوون، یەکێکیان فەوزی سائیب بوو، یەکێکیان عەبدوڵڵا بەگی حەمە عەلی بەگ بوو، ئەوانەش لەبەرئەوەی کە خەڵکی سلێمانی بوون، زۆر دەستیان دەپاراست، ئەگەرنا ئەو ڕۆژە کوشتارێکی یەکجگار زۆر دەکرا. ئێمە چاوەڕێمان کرد تا ئێوارەیەکی درەنگ، دیاربوو تەرمەکە دواکەوت، لەبەرئەوەی قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو، پێش ئەوەی بێتە سلێمانییەوە بەرامبەر گوندی ئابڵاخ ئەو پردەی لەسەر ئەو ڕێگەیە بوو، ئەوکاتە پێمان دەوت موشیرئاوا، ئێمە تەرمەکەمان وەرگرتو خەڵکی بەسروودی نیشتمانیو هوتافاتو بەڵام زۆر بەشێوەیەکی ئاشتیانەو بێ ئەوەی هیچ کارێکی توندڕەویی بەکاربێت، لەوێوە تەرمەکەمان هێنا هەتا گەیشتینە بەدەمی سەرای سلێمانی، گەیشتینە بەردەرکی سەرای سلێمانی، دەستەیەک دەروێشمان لێپەیدابوو، هەموو بەپرچی درێژەوە بەزکرەوەو بەشمشێرەوە تەرمەکەیان لەدەست فڕاندین، هەتا من خەریک بوو قسە بکەم، خوالێخۆشبوو نوری ئەحمەدی تەها پەلی گرتمو ڕایکێشامو وتی: خۆت تێکەڵی مەسەلەکە مەکە، چونکە ئەوانە لەحاڵەتێکی تایبەتیدان لەوانەیە هەرکەسێک ڕێگرییان بکات وابزانن ئەمە سەر بەحکومەتە بەشمشێر ملی بپەڕێنن یان زرکێکی پیابکەن. کۆنترۆڵ لەدەستمان دەرچوو، تەرمەکەیان برد بەرەو بەندیخانەی سلێمانی، خەڵکیش بەدوایانەوە، ئێمەش ناچار کە خۆمان پێشەنگی خۆپیشاندانەکە بووین دوای دەروێشەکان کەوتین هەتا گەیشتینە بەردەمی بەندیخانەی سلێمانی، منیش بێگومان دەمزانی کەوا بەڕێوبەری بەندیخانەکە لەخۆمانەو دەروێشەکان لەدوورەوە گوڕیان دەبەستەوە بەمستو بەسەرو بەدارو بەبەرد هەتا بەجەنازەکەش دەیانکێشا بە دەرگای بەندیخانەکەدا، پاش ماوەیەک دەرگای یەکەمیان شکاند، بەندیخانەکە سێ دەرگای هەبوو، کە دەرگای یەکەمیان شکاند کابرای بەڕێوەبەر لەلایەکەوە حەز ناکات تەقە بکات لەخەڵکەکە، لەلایەکی تریشەوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەر شانە، حکومەتیش نازانێ خۆ ئەم کابرایە لەژێرەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، بەڵام دیاربوو کابرایەکی زۆر زیرەک بوو، هەڵسا چووە سەر دیواری بەندیخانەکەو وتی: بەسەر سەر بەسەرچاو من شێخ لەتیفتان بۆ بەرەڵا دەکەم، شێخ لەتیف لەوێ بوو بۆیە وتی: بەڵام ئێوە بچن فەرمانێکم بۆ بهێنن لەموتەسەڕیفی سلێمانییەوە من بەتەنیا ناتوانم بەرەڵای بکەم، ئەم قسەیە چووە گوێی دەروێشەکانەوە،



# شەش دەیە خەبات

ئیتر دەروێشەکان بەتەرمەکەوە گەڕانەوە بۆ بەردەرکی سەرا، ئێمەش بەدوایانەوە، لەدەگاکەوە کە ئێستا دەروانێت بەسەر ساحەکەدا، دەروێشەکان بەتەرمەکەوە لەوێوە چوونە ژوورەوە، ئیتر چار نەما ئەوانەی لەناو دائیرەی سەرادا بوون چەند تەقەیەکیان کرد، کە تەقەیان کرد، دەروێشەکان تەرمەکەیان لەناوەڕاستی حەوشی سەرادا فڕێداو رایانکرد، ئەوە بۆ ئێمە بەڕاستی شتێکی زۆر ناخۆش بوو، ئەو تەرمە لەوێ بەوشێوەیە بەجێ بمێنێ، خەڵکەکە ئەوانەی لەگەڵماندا بوون، گوڕیان دایە خۆیانو بەڕاکردن چوون تەرمەکەیان هەڵگرتو هێنایانەوە، بەڵام دەروێشەکان هەر پاش ئەوەی تەقە کرا، کەسیان لەوێ نەمانو هەموویان پەرشو بڵاوبوونەوەو لەکۆڵ ئێمەش بوونەوە، چونکە بەڕاستی کارەکەیان لێتێکداین، لەو تەقەیەدا کۆمەڵێکی زۆر خەڵک برینداربوو و ئەختەری ژنی ڕەشۆل کە بەناوبانگ بوو و یەکێک بوو لەژنە ئازاکانی سلێمانیو زۆر دۆستی بنەماڵەی شێخان بوو، بەداخەوە لەوێ شەهید بوو. لەبەرئەوەی یەکەمین ژن بوو لەڕووداوێکی وادا بکوژرێ، ناوی چووە لاپەڕەی مێژووی شەهیدانی کوردستانەوە.

ئێمە پاش ئەوەی دەروێشەکان ڕۆشتن، توانیمان تەرمەکە بەرین لەمزگەوتی گەورە دایبنێین، هەندێک لەوانەی لەوێبوون، ئێمەیان دەناسی، نوری ئەحمەدی تەهایان دەناسی، منیان دەناسی، عەبدوڵڵا بەگ خزمی منەو هات پێیوتم کارێکی وا بکە ئەو خەڵکە بڵاوەی لێ بکەن، کوڕانی شێخ مەحمود، شێخ ڕەئوفو شێخ باباعەلی لەوێ بوون، ئەوان لەوێ دانیشتبوون زۆر مات بوونو هیچیان نەدەکردو هیچیشیان نەدەوت، هەمان تەکلیفیشیان لەخوالێخۆشبوو نوری ئەحمەدی تەها کرد، ئێمەش وەڵامەکەمان ئەوەبوو ئێمەش وەکو ئەو هەموو عالەمە هاتووین لەگەڵ جەنازەکەدا، هیچ دەسەڵاتیشمان بەسەر ئەو خەڵکەدا ناشکێ، ئەوان داوایان لێکردین بچینە سەر میکرۆفۆنەکەو داوا لەخەڵک بکەین بڵاوەی لێبکەن، ئێمە ئەوەمان نەکرد، هەرچەندە ئێمە لەبەرنامەی خۆماندا ئەوەبوو کە پاش گەیاندنی تەرمەکە بەمزگەوتی گەورە، ئێمە داوا لەخەڵکەکە بکەین هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی، بۆئەوەی ئەو ڕێوڕەسمەی کە پەیوەندیی بەناشتنەوە هەیە بەجێبهێڵین بۆ ئەو کەسانەی کە ئەمجۆرە کاروبارانە دەکەن. مەلایەکیان هێنا، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم شێخ عومەری خەتیبی سلێمانی بوو، ئەویان هێناو چووە سەر میکرۆفۆنەکەو لەو قسانەی کە بکەوێتەوە بیرم وتی: ڕاستە شێخ مەحمود کابرایەکی موقەدەس بوو، تەرمەکەی پیرۆزبوو، بەڵام ئەم کارەی کە کرا، لەشانو حورمەتی تەرمەکەی شێخ مەحمودی کەمکردەوە، کۆمەڵێک قسەی کرد دژی خۆپیشاندەرانو ئەو کەسانەی کە ئەو مەسەلەیەیان کرد، وەکو گێڕاشمەوە ئێمە بەڕاستی هیچ دەستێکمان نەبوو لەو مەسەلەیەدا، ئەو مەسەلەیە وا هاتبووە پێشەوە لەفڕاندنی تەرمەکەوە لەلایەن دەروێشەکانەوە ڕوویدا، کۆمەڵێک لەو قسانەی کرد، نزیک سەعات دوانزەی شەو بوو، وتی من تکاتان لێدەکەم بۆئەوەی زیاتر کوشتار نەبێو زیاتر نەقەومێ، بڵاوەی لێبکەن، هەرکەسێ با بچێتەوە ماڵی خۆیو ئیتر باکۆتایی بەم کارە بهێنین. ئێمەش ئەوکاتە داوامان کرد لەخەڵکەکە کە سروودی ئەی ڕەقیب بخوێننو ئیتر هەرکەسێ بچێتەوە ماڵی خۆیو ئەوەش کرا، ئێمە نزیکەی سەعات ١٢ بوو لەمزگەوتی گەورە بڵاوەمان لێکردو چووینە ماڵەوە، دەمانزانی کە دێن دەمانگرن، نزیکەی سەعات ١,٥ بوو، هێرشی گرتنو پەلاماردان دەستیپێکرد، یەکێک لەوانەی کەوا هاتن بەدوایدا من بووم، بەڵام من کەهاتن بەدوامدا دەمزانی دەمگرن، خۆم ئامادەکردبوو، کە چوومە دەرەوە تەماشام کرد ئەو پیکابەی هاتووە بەدوامدا، چەند کەسێکی تریشی لێیە لەخەڵکی گەڕەک، ئێمەیان برد بۆ گرتوخانەکەی سەرای سلێمانی، هەتا بەیانی لەخەڵک گرتندا بوون، نزیکەی ٢٠٠ کەسێک زیاتر گیران، چونکە ڕەشبگیربوو، ئەوانەی کە تێیدا بوونو لەسیاسەتدا بوون، بەڕاستی ژمارەکی ئەوەندە زۆر نەبوو، بەڵام ئەوان زۆر کەسی تریان تێوەگلاندبوو و لەوێ گرتیاننو ئیفادەیەکی کورتیان لێ وەرگرتنو فڕێیان دانە ژوورەوە، تا نزیکەی بەیانی خەڵک گرتن هەر بەردەوام بوو، سێ ڕۆژ نەیانهێشت هیچ کەس لێمان بپرسێتەوە، خواردنیشیان بۆ نەهێنانین، زۆر زۆر قەرەباڵغیش بوو ئەو



خوله پیزه

شوێنەی نزیکەی ٢٠٠ کەسی تێدابوو، دوو ژوور بوو کەوا بەهەردوکی جێگەی ١٠٠ کەسی لێ نەدەبۆوە. بەڵام بەڕاستی کەشێکی زۆر خۆش بوو، من پێش ئەوەش زۆجار گیرابووم، بەڵام ئەوە خۆشترین گرتنم بوو، چونکە ئەو کەشەی کە لەوێ بوو، کەشێکی زۆر خۆش بوو، هەستمان بەوە دەکرد کە کۆمەڵانی خەڵک هەموو لەگەڵماندایە، لەکاتێکدا عومەر عەلی ئەو فڕوفیشاڵەی کردبوو لای کاربەدەستانی حکومەت کە سلێمانی بووە بەماستی مەیوو و هیچ بزووتنەوەیەکی دژ بەحکومەتی تێدا نەماوە، کابرا بەدرۆ کەوتەوە، لەبەرئەوە هەموو ورەیەکی زۆر بەرزمان هەبوو، ئێستاش زۆرجار کە دادەنیشین باسی قسەخۆشەکانی ئەو دووسێ هەفتەیە دەکەین کە لەگرتووخانەکەدا بووین. ئەو شەوە بۆ بەیانی عومەر عەلی کە ئەمەی بیستبوو گەڕایەوە، بەیانی ئێمە گوێمان لێبوو لەحەوشی سەرا خەڵکەکەی کۆکردەوە، پێی وتن مەنعەتە جەولیان کرد لەسلێمانی، ئێستا دەچنە دەرەوە، ئەگەر لەدووکەس زیاتر پێکەوە بینران، داوایان لێبکەن کەوا جیاببنەوە، ئەگەر بەقسەیان نەکردن هەر بەو تەعبیرە خۆمان گوێمان لێبوو، چونکە لەو حەوشەیە کۆببوونەوە کە پەنجەرەی گرتوخانەکە دەیڕوانی بەسەریدا، وتی ئەگەر بڵاوەیان لێنەکرد (اچربە)، وشەکانی تائێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە، هێزێکی ئەو وەختە پێیان دەوت (قوەی سەییار) زۆریان هێنابوو لەهەولێرو کەرکوکو موسڵەوە بۆ سلێمانی، پڕبوو لەپۆلیسی سەییارە کە بەشی زۆریان عەرەب بوون، ئەوانە هەموو سەراو مەخفەرەکانیان گرتبوو، پاش سێ ڕۆژ، دوانزە کەسیان لەئێمە هەڵبژاردو ناردیانین بۆ مەخفەری پۆلیسی سەرشەقام، کە ماڵی خوالێخۆشبوو میرزا کەریم بوو، لەو کەسانەش کە لەگەڵمانبوون، عەزیزی کوڕێکی میرزا کەریمیشی تێدابووبوو تەنانەت ئەو ژوورەی کە تێیدا بەندکرابووین، لەبنەڕەتدا ژووری عەزیز خۆی بوو، ئەو کە دادەنیشت بیری دەکردەوە خەفەتی دەخوارد دەیوت: «ئەمە ژووری من بووە کەچی ئێستا بووە بەبەندیخانە بۆم. ئەوانەی کە لەگەڵ ئێمە گواستییانەوە بۆ ئەوێ لەو ٢٢ کەسە ئەوانەی بێتەوە بیرم: خوالێخۆشبوو نوری ئەحمەدی تەها-موحەڕڕەم محەمەد ئەمین-دکتۆر فارس ڕەحیم- حەمەی بەکر- حسە ڕەش-عومەری ئەجێ- فەتاح ئاغای نۆڕک- ئەحمەدی چایچی- ئەحمەدی نانەوا- دارای شێخ جەلالی حەفید، هەر ئەوەندەم ئێستا بیردەکەوێتەوە، لەوانەیە دانیشم هەر ٢٢ کەسیان ناویان بێتەوە بیرم.

هەرچۆنێ بێ ئەو کەسانەی لەژیاندا ماون، داوای لێبوردنیان لێدەکەم ئەگەر ناوەکانیانم لەبیرچووبێتەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵە خەڵکانەمان لەگەڵبوو، زۆر قسەخۆشیش بوون، هیچ تاقەتمان نەدەچوو، ئەهلی گەڕەکیش هەموو ڕۆژێ بەیانیان زوو خواردنیان بۆ دەناردین، هەر ماڵێکیش لەو ماڵانەی ئێمە کە گیرابووین، ئەو خواردنانەی کە دەیاننارد، یەک کەسیان گیرابوو، بەڵام خواردنی حەوتو هەشت کەسیان دەنارد، لەبەرئەوە ناچاربووین جوابمان بۆ ناردن وتمان ئەو خواردنانەی کە بۆمان دەنێرن بەئێمە تەواو ناکرێت، بەشی زۆری لەپاشاندا فڕێدەدەین، ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی هەر ڕۆژەی ماڵێک خواردن بنێرێت، نەک هەموو ڕۆژێک هەموو ماڵەکان خواردن بنێرن. ئەهلی گەڕەک ڕێگەی ئەوەشیان نەدەدا کە خەڵک خواردنمان بۆ بێنێت، چونکە هەموو بەیانییەک زوو خواردنیان بۆ دەناردین بۆ بەندیخانەکە، خواردنی بەندیخانەکەشمان دەدایەوە بە پۆلیسەکان کە خۆیان بیخۆن یان بیدەن بەفەقیرو هەژار. ئەوەشم لەبیر نەچێ کە بەڕێوەبەری مەخفەرەکە شێخ ڕەزای شێخ محەمەدی گواری بوو، ئەو وەختە ئەفسەر بوو کە پێیان دەوت معاون، لەژێرەوە ئەویش پەیوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو، بێگومان زۆر دڵنەوایی دەکردین بەشێوەیەکی وا کە کەس هەستی پێنەکات. پاش ماوەیەک ئەو کەسانەی کە گیرابوون ئەو دووسەد سێسەد کەسە، وردە وردە بەکەفالەت بەرەڵایان کردنو ئێمەشیان هێشتەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر، بەڵام دواتر لەبەرئەوەی هیچمان لەسەر ساغ نەبۆوە بەکەفالەت ئازادیانکردین. ئەو وەختە حکومی مەدەنی بوو، هێشتا ئیعلانی ئەحکامی عورفی نەکرابوو.

پاش ماوەیەک ١٠/٢٩ ئەو شەڕە قەوما کە عەرەب پێی دەڵێن (عدوانی سولاسی) بۆسەر میسر، کە ئینگلیزو فەرەنساو ئیسرائیل تێیدا بەشداربوون، ئەویش پاش ئەوەبوو کە جەمال عەبدولناسر بڕیاری خۆماڵیکردنی کەنداوی سوێسی دا، ئینجا دەستیان کردەوە بەخەڵکگرتنو زۆر بیانوویان کەوتە دەست، لەوەوپێش لەبەرئەوەی حکومەت مەدەنی بوو، بەڵگە نەبووایە نەیاندەتوانی خەڵک بگرن، زۆر خەڵکیان دەگرت، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک هیچیان دەستنەدەکەوت ناچار بەکەفالەت بەرەڵڵایان دەکردن، بەڵام کە ئەحکامی عورفی دانرا، دەستیان کرد بەخەڵک گرتن بەشێوەیەکی کوێرانە، من دەمزانی بێگومان ئەمجارە بەئاسانی ڕزگارمان نابێت، ئەو کەسانەی کە گیران بێئەوەی هیچی لەسەر ساغ ببێتەوەو حوکمێکی زۆریان دا بەسەریاندا، لەبەرئەوەی ئەمجارە کە هاتن خۆم نەدا بەدەستەوەو ڕامکرد، نزیکەی ساڵێک خۆم شاردەوە تا ئەحکامی عورفی نەما، تا عومەر عەلی گوێزرایەوە لەسلێمانی، وەکو بێتەوە بیرم مانگی ١٩٥٧/٦ بوو، هەتا ئەوکاتانە من خۆم دەرنەدەخست، چونکە دەمزانی کەوا ئەمری گرتنم لەسەرە.

ڕۆژی واهەبوو چوارجار دەچوونە سەرماڵەوە مانو بەدوای مندا دەگەڕان، پاش ئەوە کە ئەحکامی عورفی نەماو عومەر عەلیش لێرە نەما، وردە وردە خۆم دەرخستەوە. لەوانەی کەوا گیران حەزدەکەم کە یادیان بکەمەوە «مامۆستا گۆران»، مامۆستا گۆران هەتا شۆڕشی ١٤ تەمموز لەبەندیخانە مایەوە، هەروەها کۆمەڵێک خەڵکی تر کە بەتەنیا لەبەرئەوە گیرابوون، چونکە ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەمانە لەژێرەوە بەسیاسەتەوە خەریکن، دژی حکومەتن، لەبەرئەوە کە ئەحکامی عورفی هەبوو دەیانتوانی بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک هەبێ، خەڵکی چەند ساڵێک حوکم بدەن. ئینجا لەم ڕۆژەدا حەزدەکەم دروودو سڵاوی خۆمان بۆ گیانی پاکی شێخ مەحمود ڕەوانە بکەین، هەروەها بۆ هەموو ئەو شەهیدانەی لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەستدا، هەروەها هەموو ئەو کەسانەی لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستا وەفاتیان کردووە، بەتایبەتی مامۆستای بەڕێز گۆران، حەمەساڵح دیلان، کۆمەڵێک خەڵکی تر کە ئەو سەردەمە لەژیاندابوون لەچالاکی سیاسیدا بوونو هەوڵیان دەدا کەوا ڕۆژێک بێتەدی کورد تێیدا بتوانێت بەسەربەستی کاروبای خۆی بەڕێوەبەرێت، هەروەها بۆ عیراقێکی کۆماریی دیموکراتی لەتێکۆشاندا بوون.


د.کەمال مەزهەر


کامیل ژیر


موحەرەم محەمەد ئەمین


عومەر عەلی



# شەش دەیە خەبات





کۆبوونەوەکانی خوێندکاران لە ئەوروپا

زیاتر کوشتار نەبێو زیاتر نەقەومێ، بڵاوەی لێبکەن، هەرکەسێ با بچێتەوە ماڵی خۆیو ئیتر باکۆتایی بەم کارە بهێنین. ئێمەش ئەوکاتە داوامان کرد لەخەڵکەکە کە سروودی ئەی ڕەقیب بخوێننو ئیتر هەرکەسێ بچێتەوە ماڵی خۆیو ئەوەش کرا، ئێمە نزیکەی سەعات ١٢ بوو لەمزگەوتی گەورە بڵاوەمان لێکردو چووینە ماڵەوە، دەمانزانی کە دێن دەمانگرن، نزیکەی سەعات ١,٥ بوو، هێرشی گرتنو پەلاماردان دەستیپێکرد، یەکێک لەوانەی کەوا هاتن بەدوایدا من بووم، بەڵام من کەهاتن بەدوامدا دەمزانی دەمگرن، خۆم ئامادەکردبوو، کە چوومە دەرەوە تەماشام کرد ئەو پیکابەی هاتووە بەدوامدا، چەند کەسێکی تریشی لێیە لەخەڵکی گەڕەک، ئێمەیان برد بۆ گرتوخانەکەی سەرای سلێمانی، هەتا بەیانی لەخەڵک گرتندا بوون، نزیکەی ٢٠٠ کەسێک زیاتر گیران، چونکە ڕەشبگیربوو، ئەوانەی کە تێیدا بوونو لەسیاسەتدا بوون، بەڕاستی ژمارەکی ئەوەندە زۆر نەبوو، بەڵام ئەوان زۆر کەسی تریان تێوەگلاندبوو و لەوێ گرتیاننو ئیفادەیەکی کورتیان لێ وەرگرتنو فڕێیان دانە ژوورەوە، تا نزیکەی بەیانی خەڵک گرتن هەر بەردەوام بوو، سێ ڕۆژ نەیانهێشت هیچ کەس لێمان بپرسێتەوە، خواردنیشیان بۆ نەهێنایین، زۆر زۆر قەرەباڵغیش بوو ئەو شوێنەی نزیکەی ٢٠٠ کەسی تێدابوو، دوو ژوور بوو کەوا بەهەردوکی جێگەی ١٠٠ کەسی لێ نەدەبۆوە. بەڵام بەڕاستی کەشێکی زۆر خۆش بوو، من پێش ئەوەش زۆجار گیرابووم، بەڵام ئەوە خۆشترین گرتنم بوو، چونکە ئەو کەشەی کە لەوێ بوو، کەشێکی زۆر خۆش بوو، هەستمان بەوە دەکرد کە کۆمەڵانی خەڵک هەموو لەگەڵماندایە، لەکاتێکدا عومەر عەلی ئەو فڕوفیشاڵەی کردبوو لای کاربەدەستانی حکومەت کە سلێمانی بووە بەماستی مەیوو و هیچ بزووتنەوەیەکی دژ بەحکومەتی تێدا نەماوە، کابرا بەدرۆ کەوتەوە، لەبەرئەوە هەموو ورەیەکی زۆر بەرزمان هەبوو، ئێستاش زۆرجار کە دادەنیشین باسی قسەخۆشەکانی ئەو دووسێ هەفتەیە دەکەین کە لەگرتووخانەکەدا بووین.

ئەو شەوە بۆ بەیانی عومەر عەلی کە ئەمەی بیستبوو گەڕایەوە، بەیانی ئێمە گوێمان لێبوو لەحەوشی سەرا خەڵکەکەی کۆکردەوە، پێی وتن مەنعەتە جەولیان کرد لەسلێمانی، ئێستا دەچنە دەرەوە، ئەگەر لەدووکەس زیاتر پێکەوە بینران، داوایان لێبکەن کەوا جیاببنەوە، ئەگەر بەقسەیان نەکردن هەر بەو تەعبیرە خۆمان گوێمان لێبوو، چونکە لەو حەوشەیە کۆببوونەوە کە پەنجەرەی گرتوخانەکە دەیڕوانی بەسەریدا، وتی ئەگەر بڵاوەیان لێنەکرد (اچربە)، وشەکانی تائێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە، هێزێکی ئەو وەختە پێیان دەوت (قوەی سەییار) زۆریان هێنابوو لەهەولێرو کەرکوکو موسڵەوە بۆ سلێمانی، پڕبوو لەپۆلیسی سەییارە کە بەشی زۆریان عەرەب بوون، ئەوانە هەموو سەراو مەخفەرەکانیان گرتبوو، پاش سێ ڕۆژ، دوانزە کەسیان لەئێمە هەڵبژاردو ناردیانین بۆ مەخفەری پۆلیسی سەرشەقام، کە ماڵی خوالێخۆشبوو میرزا کەریم بوو، لەو کەسانەش کە لەگەڵمانبوون، عەزیزی کوڕێکی میرزا کەریمیشی تێدابووبوو تەنانەت ئەو ژوورەی کە تێیدا بەندکرابووین، لەبنەڕەتدا ژووری عەزیز خۆی بوو، ئەو کە دادەنیشت بیری دەکردەوە خەفەتی دەخوارد دەیوت: «ئەمە ژووری من بووە کەچی ئێستا بووە بەبەندیخانە بۆم. ئەوانەی کە لەگەڵ ئێمە گواستییانەوە بۆ ئەوێ لەو ٢٢ کەسە ئەوانەی بێتەوە بیرم: خوالێخۆشبوو نوری ئەحمەدی تەها- موحەڕڕەم محەمەد ئەمین- دکتۆر فارس ڕەحیم- حەمەی بەکر- حسە ڕەش- عومەری ئەجێ- فەتاح ئاغای نۆرک- ئەحمەدی چایچی- ئەحمەدی نانەوا- دارای شێخ جەلالی حەفید، هەر ئەوەندەم ئێستا بیردەکەوێتەوە، لەوانەیە دانیشم هەر ٢٢ کەسیان ناویان بێتەوە بیرم.

هەرچۆنێ بێ ئەو کەسانەی لەژیاندا ماون، داوای لێبوردنیان لێدەکەم ئەگەر ناوەکانیانم لەبیرچووبێتەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵە خەڵکانەمان لەگەڵبوو، زۆر قسەخۆشیش بوون، هیچ تاقەتمان نەدەچوو، ئەهلی گەڕەکیش هەموو ڕۆژێ بەیانیان زوو خواردنیان بۆ دەناردین، هەر ماڵێکیش لەو ماڵانەی ئێمە کە گیرابووین، ئەو خواردنانەی کە دەیاننارد، یەک کەسیان گیرابوو، بەڵام خواردنی حەوتو هەشت کەسیان دەنارد، لەبەرئەوە ناچاربووین جوابمان بۆ ناردن وتمان ئەو خواردنانەی کە بۆمان دەنێرن بەئێمە تەواو ناکرێت، بەشی زۆری لەپاشاندا فڕێدەدەین، ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی هەر ڕۆژەی ماڵێک خواردن بنێرێت، نەک هەموو ڕۆژێک هەموو ماڵەکان خواردن بنێرن. ئەهلی گەڕەک ڕێگەی ئەوەشیان نەدەدا کە خەڵک خواردنمان بۆ بێنێت، چونکە هەموو بەیانییەک زوو خواردنیان بۆ دەناردین بۆ بەندیخانەکە، خواردنی بەندیخانەکەشمان دەدایەوە بە پۆلیسەکان کە خۆیان بیخۆن یان بیدەن بەفەقیرو هەژار.

ئەوەشم لەبیر نەچێ کە بەڕێوەبەری مەخفەرەکە شێخ ڕەزای شێخ محەمەدی گواری بوو، ئەو وەختە ئەفسەر بوو کە پێیان دەوت معاون، لەژێرەوە ئەویش پەیوەندیی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو، بێگومان زۆر دڵنەوایی دەکردین بەشێوەیەکی وا کە کەس هەستی پێنەکات. پاش ماوەیەک ئەو کەسانەی کە گیرابوون ئەو دووسەد سێسەد کەسە، وردە وردە بەکەفالەت بەرەڵایان کردنو ئێمەشیان هێشتەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر، بەڵام دواتر لەبەرئەوەی هیچمان لەسەر ساغ نەبۆوە بەکەفالەت ئازادیانکردین. ئەو وەختە حکومی مەدەنی بوو، هێشتا ئیعلانی ئەحکامی عورفی نەکرابوو.

پاش ماوەیەک ١٠/٢٩ ئەو شەڕە قەوما کە عەرەب پێی دەڵێن (عدوانی سولاسی) بۆسەر میسر، کە ئینگلیزو فەڕەنساو ئیسرائیل تێیدا بەشداربوون، ئەویش پاش ئەوەبوو کە جەمال عەبدولناسر بڕیاری خۆماڵیکردنی کەنداوی سوێسی دا، ئینجا دەستیان کردەوە بەخەڵکگرتنو زۆر بیانوویان کەوتە دەست، لەوەوپێش لەبەرئەوەی حکومەت مەدەنی بوو، بەڵگە نەبووایە نەیاندەتوانی خەڵک بگرن، زۆر خەڵکیان دەگرت، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک هیچیان دەستنەدەکەوت ناچار بەکەفالەت بەرەڵڵایان دەکردن، بەڵام کە ئەحکامی عورفی دانرا، دەستیان کرد بەخەڵک گرتن بەشێوەیەکی کوێرانە، من دەمزانی بێگومان ئەمجارە بەئاسانی ڕزگارمان نابێت، ئەو کەسانەی کە گیران بێئەوەی هیچی لەسەر ساغ ببێتەوەو حوکمێکی زۆریان دا بەسەریاندا، لەبەرئەوەی ئەمجارە کە هاتن خۆم نەدا بەدەستەوەو ڕامکرد، نزیکەی ساڵێک خۆم شاردەوە تا ئەحکامی عورفی نەما، تا عومەر عەلی گوێزرایەوە لەسلێمانی، وەکو بێتەوە بیرم مانگی ١٩٥٧/٦ بوو، هەتا ئەوکاتانە من خۆم دەرنەدەخست، چونکە دەمزانی کەوا ئەمری گرتنم لەسەرە.

ڕۆژی واهەبوو چوارجار دەچوونە سەرماڵەوە مانو بەدوای مندا دەگەڕان، پاش ئەوە کە ئەحکامی عورفی نەماو عومەر عەلیش لێرە نەما، وردە وردە خۆم دەرخستەوە. لەوانەی کەوا گیران حەزدەکەم کە یادیان بکەمەوە «مامۆستا گۆران»، مامۆستا گۆران هەتا شۆڕشی ١٤ تەمموز لەبەندیخانە مایەوە، هەروەها کۆمەڵێک خەڵکی تر کە بەتەنیا لەبەرئەوە گیرابوون، چونکە ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە ئەمانە لەژێرەوە بەسیاسەتەوە خەریکن، دژی حکومەتن، لەبەرئەوە کە ئەحکامی عورفی هەبوو دەیانتوانی بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک هەبێ، خەڵکی چەند ساڵێک حوکم بدەن. ئینجا لەم ڕۆژەدا حەزدەکەم دروودو سڵاوی خۆمان بۆ گیانی پاکی شێخ مەحمود ڕەوانە بکەین، هەروەها بۆ هەموو ئەو شەهیدانەی لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەستدا، هەروەها هەموو ئەو کەسانەی لەو سەردەمەوە تاوەکو ئێستا وەفاتیان کردووە، بەتایبەتی مامۆستای بەڕێز گۆران، حەمەساڵح دیلان، کۆمەڵێک خەڵکی تر کە ئەو سەردەمە لەژیاندابوون لەچالاکی سیاسیدا بوونو هەوڵیان دەدا کەوا ڕۆژێک بێتەدی کورد تێیدا بتوانێت بەسەربەستی کاروبای خۆی بەڕێوەبەرێت، هەروەها بۆ عیراقێکی کۆماریی دیموکراتی لەتێکۆشاندا بوون.



هێزی پۆلیسی سەییارە



## (فۆنیمەکانی زمانی کوردی)

# وێنەکێشی پیتەکانی زمانی کوردییە



ع.ع. شەونم

(فۆنیمەکانی زمانی کوردی)، نامیلکەیەکە ،ساڵی ٢٠٠٠ لەسلێمانی چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە. لەبەرهەمی زانای گەورە د.کەمال فوئادە، لەوتارێکیدا لەبەرلینی خۆرئاوا پێشکەشی کردووە.

ئەم بەرهەمە، هەرچەندە بەقەبارە بچووکە، بەڵام بەناوەڕۆک بەهادارەو سەنگینە، چونکە بەشێوەیەکی زانیارییانە باسی نووسینی کوردی دەکاو هەوڵی داوە ئەو گیروگرفتو کەلوکۆمیانەی تیایەتی نەیهێڵێتو چارەسەری بکات. بیروبۆچوونەکانی قووڵبوونەوەو ڕەنجو تەقەلایەکی بەرفراوانە، بۆ بەدیهێنانی (ئەلفا بێ)یەکی پوختو بێ گرێ بۆ زمانی ئەدەبی کوردی خۆرهەڵاتو خوارووی کوردستان.

یەکی لەو شتە گرنگانەی کە دەری خستووە، گیروگرفتی هەمزەیە (١) (چوکڵە)یە بەڵێ راستە، چوکڵە، لەسەرەتای وشەوە دێتو (١) زانایانی پێشینانی کورد هەمزەیان بەکوردی ناوناوە چوکڵە، چاکوایە پەیڕەوبکرێ.

ڤاوڵ هەڵگرە، واتا یەکەم دەنگی چوکڵەی سەرو دەنگی کپە. یەکەم دەنگی چوکڵە لەگەڵ دەنگێکی زوڵاڵدا (ڤاوڵا)، دەبنە بڕگەیەکی (١)، دوو دەنگی کە چاکوایە ناو بنرێت (ورتە). ئەم ورتەیە دەبێتە پیتێک لە (ئەلفابێ)ی کوردیدا، بەو پێیە کە لە لاپەڕە (١٢) دا نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

تائێستا سێ ورتەی چوکڵەدار لەنووسینی کوردیدا بەکارهاتووە، ئەوانیش (ئا، ئە، ئە)ن.

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە شارەزایان بێئاگا بوون لەوەدا کە دەستەیەک ورتەی چوکڵەداری تر هەیە لەگەڵ ئەو سیانە دابڕاونو پێویستە لەگەڵیاندا جێگیربکرێن، ئەویش ئەم چوکڵە دارانەیە کە د.کەمال بەڕێز دەریخستوون، ئەگەر پێی باش بێت ئەم ناوانەیان لێبنرێت:

کارێکی جوانتری ئەم کتێبە ئەوەیە کە پیتی (و)ی درێژو (ی)ی درێژی لەدووپاتبوونەوەی (و، ی) رزگارکردو لەجێی دوو (وو) تەنها یەک (و) دەنووسرێو حەوتێک لەژێریدایە، هەروەها لەجێی دوو (یی) بۆ (ی)ی درێژ یەک (ی) دەنووسرێو حەوتێک دەخرێتە ژێری. بەمەش گرفتێکی نابەجێ لەنووسینی کوردیدا ناهێڵێ. ئەو رایەشی پەسەندکردووە کە (و)ی پێش پیتی کپی سەرەتای وشە بەیەک (و) بنووسرێ باشترە، چونکە جاری وا هەیە بەکارهێنانی (وو) جووتە، دەبێتە هۆی ئەوەی پێنج پیتی (و)بەدوای یەکتردابێن هەروەک لەنوونەکەی خۆیدا دەریبڕیووە (برزوو و ووریا)بەڵام بەبەکارهێنانی یەک (و) دەبینین لەهەمان نیمچە ڕستەدا تەنها سێ (و) بەدوای یەکتردا دێن.

ئەویش زۆر راستە کە دەنگی زەڵاڵی (ڤاوڵ) ناکەوێتە پێش وشەی کوردەییەوە. یان با بڵێین دەمودوان، بە ڤاول دەست پێ ناکات. ئەو ڤاوڵانەیش کە لە لاپەڕە (١٧)دا باسی کردوون، هەریەکەیان چوکوڵێک لەپێشیانەوە هاتووە، ئەو چوکوڵانە پیتی کپنو لەڕیزی دەنگە کپەکانی تری وەک (ت، د،ج، ..هتد)ە.

هەروەها ئەم کتیبە یەکەم نووسینە کە ژمارەی دەنگە زەڵاڵەکان بەزیاتر دەنگ بخاتەڕوو (بنواڕە لاپەڕە ١٣ و ١٤). بەڵام لەو یانزە ڤاوڵە، هەشتیان داناوە بۆ بەکارهێنان، لەکاتێکدا کە پێویستە بەلای کەمەوە نۆ دەنگیان لەکاردابێت. دەنگی نۆهەمیان، دەنگی وەستاوە. پێش ئەوەی باسی دەنگی وەستاو بکەین، با ئاگامان لەوەش بێت کە (و)ی دوای وشە لەناو (جافو زەنگەنە، فەیلی، لوڕیو گیلەکیو پشتکۆ) بەڕوونی کۆناکرێ، بەڵکو دەنگەکەی لەبەینی سەرو ژێردایە، وەکو ئەوە وایە، دوو کەس، بەیەکەوە یەکێکیان بڵێ (و)و،یەکێکیان بڵێ (وی) ئەم دەنگە بۆ ئەوە ناشێت بچێتە ڕیزی ڤاوڵەکانەوە، مامۆستای زاناش دکتۆر کەمال هەروای کردووە، چونکە بۆ زمانی ئەدەبی پێ ناشێت.

بەڵام دەنگی وەستاو، دەنگێکی ئاشکرایە، ئەگەر، قوبوڵ بکرێو ناوبنرێت (وسکە) لام وایە چاکترە لەوەی ناوی نەبێت.

ئەم دەنگی وسکەیە دو ئەرکی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە ڤاوڵێکی زۆر گرنگە. دووهەمیان ئەوەیە کە دەنگێکی کپەو لەهەردوو شێوەکەیدا پیتی (ب)ی بۆ دانراوە (ئەم پیتە یەکەمجار ئایەتوڵڵای مەردۆخی، لەپێشینەی فەرهەنگەکەیدا دایناوە بە (ب)، دووهەم کەسیش مامۆستا تۆفیق وەهبییە لە (قواعد اللغە الکردیە)دا پیتی (ژ)ی بۆ داناوە، کە ژاڵی عەرەبییە) (وسکە) دەنگە کپەکان دەخاتە بیستن، وەکو لەم وشانەدا دەردەکەوێت: (م+ب+ن= من) و (ک+ب+ر+ب+د+ب+ن=کردن).

ئەرکی دووەهەمی وسکە ئەوەیە کە دەنگی کپەو، دەوری گرنگ دەگێڕێ لەزمانی کوردیدا، وەکو لەم وشانەدا دەردەکەوێت:

ئە ب ا (بە هەورامی واتا، دایک) ،(ا ب ە= دۆشکڵەیەکی خڕە نان کەر بەهۆیەوە نانەکەی ئەدا بە ساجدا، یان بە تەنووردا.

لێرەدا وشەی ( ئە ب ا) دوو ورتەیە. یەکەمیان (ئە)یە، دووهەمیان (ب ا) یە کە پەیدابوون لەدەنگی کپو زەڵاڵ. بۆ پڕکردنەوەی ئەو دەنگە پیای (د) بەکاردەهێنرێ کە ناونراوە دالی کلۆر، کاتێک لەم دوو وشەیەدا بەکاری دەهێنین دەبێ بە (مادە، ئەدا)ئەمەش مەبەستی وشەکان بەتەواوی نادا بەدەستەوە. ناچار کورد لەجیاتی (ب ە) (یە) بەکاردەهێنیو ئەو دوو وشەیە دەکا بە (ئەیا، مایە). هەردووکیشیان شێواونو، مەبەستی تر دەگەیێنن. هەروەها وشەی (نان بدە) جێگای (نان بڕە) ناگرێتەوە. بەکورتی ئەو وشانەی کە وسکەکانیان بە دالی کلۆر دەڵێنو دەنووسن ناتەواون.

لێرەدا پێویستە بڵێینو نەبوونی وسکە لەناو نووسینی کوردیدا هۆیەکی مێژوویی هەیەو ئێستا جێگای ئەوە نییە لێرەدا باس بکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر دەنگی کوردیی تر لەمێژوودا شێواوە.

لەلاپەڕە (٣٧)دا، مامۆستا باسی دەنگی مینگە دەکاتو هاتووە پیتێکی بۆ داناوە کە (ن)ەو لەجیاتی خاڵەکەی ناوەڕاستی، بازنەیەکی زۆر بچووکی داناوە. لەمەدا کارەکەی جوانەو دانانی پیتێک بۆ ئەو دەنگە زۆر پێویستە، ئەو دەنگە لەڕەنگی زەنگ دەکات. جا ئەگەر بێتو نموونەکەی مامۆستا هەڵگەڕێتەوەو بکرایە، ئەوسا بەتەواوی لەزەنگ دەکاتو خاڵەکەی ناوەڕاستی لەدەسکی زەنگەکە دەکاتو زرەنگەی زەنگەیش ئەگەر بەدەنگی مینگنەکە دابنرێو پیتەکەیش ناوبنرێ زەنگی ڕەنگە ئەگەر قبووڵی بکاتو بەلایەوە پەسەندبێت ناوێکی خراپ نییەو پیتەکەیشی زۆر جوانەو کاریگەرە.

ئەم دەنگی زەنگییە بەجووتە پیتی (ند، نگ) پڕنابێتەوە. چونکە لەزۆر وشەی کوردیدا هەیەو بەدی دەکرێت کە ئەمانە هەندێکیانن:

درەنگ، مانگ، دەنگ، رەنگ، مانگا، سەنگ، شۆخوشەنگ، لەنگ، پێشەنگ، زەنگ، هەنگاو، زۆڵک، ڕەنگە (لەوانەیە)، جەنگ، تەنگ، وشکوبرنگ، برینگەورنگ، ئاونگ، پلنگ، قاگللە، قەڵەنگ، پالەهەنگ، هەنگ، هوشەنگ، ڕنگاڵ، سەنگین، رەنگین، چنگاڵ، دنگ، زرنگ، شنگ، گرنگ، چنگ، سنگ، لنگ، بێژنگ، زەنگ، مەنگ، تەنگ، بانگ، بانگکردن، زەنگیانە، سنگی مێخی.

ئینجا با بێمە سەر باسی ئەو بەشە گرنگەی (فۆنێمەکانی زمانی کوردی) کە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەمە، ئەویش ئەوەیە کە نووسینی ئارامی (١) کە سەرچاوەی نووسینی عەرەبییەو پەهلەوی، ئەشکانیو ساسانیو عیبریو زۆر نووسینی تریشە، یەکێکیان نووسینی کوردییە کە وێنەیەکە لەنووسینی عەرەبی.

دەمێکە باوەڕم بەوە نییە کەوا نووسینی ئارامی لەسەر ئەو بنەمایە دانرابێ گوایە پیتەکانی لەسەر وێنەی ملی حوشترو وێنەی چاوی مرۆڤو یەکەم پیتی دەم و..هتد دانراوە. کە چاوم بەکتێبی (فونیمەکانی زمانی کوردی) کەوت، باوەڕەکەم ئەوەندەیتر پتەوبوو، ئینجا هاتمە سەر ئەو بیروبۆچوونە. کە داهێنەری نووسینی عەرەبی، پیتەکانی لەشێوەی دەمودوان دەرهێناوە لەدوای ئەوەی بەوردیی وێنەی جووڵەی ئەندامەکانی دەمودوانی گرتووە بەو شێوەیەی کە ئەم کتێبی فۆنیمە باسی کردووەو بەوردی شێوەی دەنگەکانو وێنەی پیتەکانی خستۆتە بەردەسمان.

هەروەک لەلاپەڕە شەشدا وێنەی (ی،ا) دەردەخا کاتی کە دەڵێت: (بۆ وێنە ئەگەر سەرنج لەچۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکان بدەین لەوشەی (پاد)دا دەبینین لەدەربڕینی دەنگی یەکەم دا (ی) ئەندامەکانی وتوە (لێرەدا ناوەڕاستی زمانو مەڵاشو)تا ڕادەیەک لەیەکتر نزیک دەبنەوە بەڵام ناچنە سەریەک، هەوا ماوەی هاتنە دەرەوەی تەنگ دەبێت، بەڵام پێشی لێ ناگیرێ.

(١) بڕوانە بۆ کتێبەکەی د. ئەحمەد سوسە کە ناوی (می العرب و الیهود فی فلسگین)ە لەگەڵ سوپاس بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف کە خستیە بەردەستم.

لەدەربڕینی دەنگی دووەمدا (١) ئەندامەکانی وتن لەیەکتر دوور دەکەونەوەو، هەوا بەبێ کۆسپ لەدەمەوە دێتەدەرێ.

ئەوەندەی کە وتوویەتی بەسە بۆئەوەی وێنەی دەنگی (١) و (ی) بەشێوەی وێنەی فۆتۆگرافی بێتە بەردەسمان.

لەلاپەڕە (٩) دا دەڵێ:

(لە دەربڕینی دەنگی (ا) دا لێو بەشدار نابێت، زمان ئەوپەڕی باری نزمی وەردەگرێت لەناو بۆشایی دەمداو، لەناوەڕاستیدا، دەمێنێتەوە، چەناگەش بەرەو خوارەوە دەجووڵێت.

(لەدەربڕینی دەنگی (ی) دا، لێو بەشدار نابێ، پشتی زمان بەرزدەبێتەوە بەرەو پێشەوە دەچێت).

(لە دەربڕینی دەنگی (و)دا، دیسان هەردوو لێو بەشدار دەبنو بارێکی دائیری وەردەگرن. پشتی زمان زیاتر بەرز دەبێتەوەو زیاتر بۆ دواوە دەبێت).

لێرەدا هەڵوێستەیەک دەکەینو دەڵێینو تەماشای دەمولێو دەکەین لەکاتێکدا کە دەڵێ (و) دەبینین خڕی بەینی هەردوو لێو لەگەڵ هێڵی لێودا وێنەی پیتی (و) مان نیشان دەدا بەڕوونی وەکو وێنەی فۆتۆگراف. هەموو کەسێک دەتوانێ لەئاوێنەدا سەیری دەمولێوی خۆی بکاتو ئەو وێنەی پیتی (و)ە ببینی.

لە (لاپەڕە،١٩ و ٢٠) دا دەڵێت:

(ئەو دەنگانەی هەوا لەکاتی دروستبوونیاندا لەلووتەوە دێتەدەرێ، وەک دوا دەنگی ئەم وشانە: مام، مان، مۆم).

کە لەوە وردەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەو کاتەدا دەم دادەخرێ هێڵی نێوان هەردوو لێو لەهەردوو کۆتاییەکەیدا خاڵێکی خڕ پەیدادەبێ لەپیتی (م) دەکات. واتا لەو حاڵەتەدا وێنەی پیتی (م) دروست دەبێ.

کە لە (لاپەڕە ٢٤) ورد دەبینەوە، دەبینین وێنەی پیتی (س) بەڕووتی دیارە، چونکە لەوکاتەدا، کە دەوترێت (س)، دانی پێشەوە لەدەمدا دەردەکەوێتو وێنەی پیتی (س) بەڕوونی نیشان دەدات.

هەروەها لە (لاپەڕە ٢٤، ژمارە ١١)دا وێنەی پیتی (ە)بە روونی دیارەو دەبینین دوو کونەو زمانە بچکۆلە لەنێوانیاندایەو لەگەرووادایە، بەتەواوی وێنەی هەناسە دیارە، لەوەدا دەردەکەوێت کە داهێنەرەکەی بەشێوەیەکی هونەرمەندانە وێنەی ئەو دەنگەی گرتووە.

لە (لاپەڕە ٢١ و ٢٢- ژمارە یەک)دا دەڵێت:

(ئەو دەنگانەی هەردوو لێو لەدروستبوونیاندا بەشداردەبن، دوو لێوی ب پ ە )

کە لەدەمی داخراو ورد دەبینەوە لەوکاتەدا سەیری نیوەی خوارەوە دەکەین وێنە پیتی (ب) دێتە بەرچاویان. لێرەدا دەوەستینو دەڵێین: کورد واتەنی (مشتێک نموونەی خەروارێکە).

ئەوەندە بەسە بۆ نیشاندانی ئەو پیتانەی کە (فۆنیمەکانی زمانی کوردی) وێنەیان گرتووەو چۆنێتی شێوەیانی لەدەمو دواندا خستۆتەڕوو، ئەوەش جووتە لەگەڵ ئەو پیتانەی کە داهێنەرەکەی نووسینی عەرەبی کێشاونی. هەروەها راستی بیروبۆچونەکەی ئێمەیش دەسەلمێنی.

| ژمارە | ورتەی چوکڵەدار | ناوەکەی | نموونەی لەوشەدا |
|---|---|---|---|
| 1 | د | چوکوڵ | ئەو ، هو |
| 2 | ئا | چوکڵا | ئاوا، ئازا |
| 3 | ئە | چوکڵە | ئەرخە، ئەڕۆم |
| 4 | ئو | چوکڵو | ئومێد، ئو، تو، ئولکە |
| 5 | ئۆ | چوکڵۆ | ئۆردو، ئۆخە، ئۆین |

(1) بڕگە لە(المقطع)ی عەرەبییەوە هاتووە، چاکوایە بکرێ بەکوردیو ناوبنرێت (ورتە) کە لەمەبەست دەمو دوانێکی ناتەواوە


| ژمارە | ورتەی چوکڵەدار | ناوەکەی | نموونەی لەوشەدا |
|---|---|---|---|
| 6 | ئۆ | چوکڵو | ئوچ، ئۆی |
| 7 | ئی | چوکڵی | ئینە، ئیش، ئیلام |
| 8 | ئی | چوکڵی | ئینجا، ئیمرۆ، ئینسان |
| 9 | ئێ | چوکڵی | ئێوارە، ئێمە، ئێرە |




لەبیرەوەریی (٢١)ساڵەی ی.ن.ک-دا

# د. کەمال فوئاد سەرەتاکانی دامەزراندنو

د. کەمال فوئاد یەکێک لەحەوت دامەزرێنەرەکەی ی.ن.ک لەچاوپێکەوتنێکیدا کە بەدوو بەشو لە ژمارەکانی ١٢٠٥و ١٢٠٦ی رۆژانی ١٠و١١/٦/١٩٩٦دا لەکوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، رۆشنایی دەخاتە سەر وردەکاریی‌و سەرەتاکانی مشتومڕو کۆبوونەوەی هەڤاڵان بۆ دامەزراندنی ی.ن.ک. لەم پاشکۆ تایبەتەدا بەپێویستمانزانی پوختەی ئەو چاوپێکەوتنە بڵاوبکەینەوە کە ستران عەبدوڵڵا لەگەڵیدا ئەنجامیداوەو تایبەت بوو بە٢١-ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ی.ن.ک، لەوبارەیەوە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی‌و جموجوڵی سیاسی ئەو هەڤاڵانەی کە لەو سەردەمەدا لەدەرەوە بوون، ئەمەش پوختەی ئەو چاوپێکەوتنەیە:



مام جەلال



نەوشیروان مستەفا



د. فوئاد مەعصوم



د.کەمال فوئاد



عادل موراد

## هەلومەرجی دوا رۆژگارەکانی پێش بڵاوەپێکردنی شۆڕش

لەوبارەیەوە د. کەمال فوئاد وتی: (١٩٧٤/٣/١١) وە زۆر کەس منیش رووم کردە شاخ. ئەوکاتە سەرۆکی بەشی دیراساتی کوردی بووم لەزانستگەی سلێمانی. لەوێ مامەوە تاکۆتایی ساڵی ١٩٧٤ پاشان بەمۆڵەتەوە بۆ جێبەجێکردنی هەندێک کاروباری سیاسی‌و زانستی لەڕێگای ئێرانەوە چووم بۆ ئەڵمانیا. لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دەنگۆی ئەوە پەیدا بوو کەئێران‌و عیراق بەم نزیکانە رێکدەکەون. ئەوانەی ئەم قسانەیان دەکرد دیاربوو کەسانی ئەوەبوو لە٦ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٥دا شای ئێران‌و سەدام حسێن لەجەزائیر یەکترییان بینی. دوابەدوای ئەوە رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد.

بیرو رای گشتی وا بوو


## کەدەبێ دەستبەجێ ئەم بڕیارە رەتبکرێتەوە

د.کەمال فوئاد هەروەها دەڵێت: «هەواڵی نسکۆی شۆڕش لەلایەن تێکۆشەرانی کوردو دۆستانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردەوە زۆر بەناخۆشییەوە وەرگیرا، بۆیە روونیدەکاتەوە حکە ئیتر لەهەموو لایەکەوە دەستکرا بەجموجوڵو وتی: هەفتەی خایاند.

## هەڤاڵ مام جەلال

هاتە بەرلین‌و لەوێ یەکتریمان بینی


د. کەمال دەگێڕێتەوە کە لەڕۆژی (١٩٧٥/٤/٧) ئێوارەیەک درەنگ کە گەڕاوەتەوە بۆماڵەوە، تەلەفۆنێکی بۆ کراوەو دەڵێت: «کە هەڵمگرت، بەڕێز مام جەلال بوو، زۆرم پێخۆش بوو، چونکە عەودالی دەنگوباسی ئەوبووم، زۆریش دەگەڕام بەدوایدا، بەڵام تا ئەوکاتە نەمتوانی بوو پەیوەندیی لەگەڵدا بکەم، وتم مام جەلال تۆ لەکوێوە تەلەفون دەکەی؟ وتی: لەو شارەی تۆی لێیت لەبەرلینەوە. وتم: من لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر کەس لەجموجۆڵدان‌و وتی: من دوێنێ (٤/٧) لەمۆسکۆوە گەڕامەوە. سۆڤێتییەکانیش پێیان ناخۆشە کە شۆڕشی کوردستان بەوجۆرە کۆتاییبێت‌و ئامادەن بۆ پشتیوانیکردن لەبزووتنەوەییەکی نوێ‌و..هتد». هەروەها رایگەیاندووە کە ئەویش لەجموجۆڵەکانی خۆیان لەئەوروپا مام جەلال-ی ئاگادار کردۆتەوەو ئەویش زۆری بەلاوە باش بووە کە بیریان لەکارێکی لەوجۆرە کردۆتەوە، هەروەها دەڵێت: «چەند رۆژێک پێکەوە بووین پاشان ئەو گەڕایەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پێش



بيان الاتحاد الوطني الكردستاني

الهيئة المؤسسة

الاتحاد الوطني الكردستاني



ئاگاداربوون، من بەش بەحاڵی خۆم بەو شێوەیە وەڵامی ئەو قسانەم دەدایەوە با ئێران‌و عیراقیش پێکبێن، شۆڕشی کورد شۆڕشێکی رەوایەو ئامانجی نەتەوەیی‌و دیموکراتی خۆی هەیەو تا نەگات بەئامانج ناوەستێ. رەنگە ئەوجۆرە شۆڕش گرانتر بکا، بەڵام کۆتایی پێ ناهێنێ. هەروەها دەڵێت بەدوورم نەدەزانی کە ئەو دوو دەوڵەتە لەسەر حسابی گەلی کورد رێکبکەون.

«زۆر کەس لەوانەی لەئەوروپا بوون، پەیوەندییان لەگەڵ مندا کرد. پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لەسەر ئەوە رێککەوتین کە کۆبوونەوەیەک بکەین بۆ هەڵبژاردەیەک. لەکۆبوونەوەکەدا ئەوانیش لەگەڵ ئەو کوردانەدا کۆببنەوە کە ئامادەن درێژە بەخەبات بدەن. سوود لەبیروڕاو پێشنیازەکانیان وەربگرن‌و لەگەڵ خۆیاندا بیهێنین بۆ کۆبوونەوەکە، ئەم پەیوەندییانەو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایە نزیکەی دوو لەژێر زەمیندا بەدوای تۆدا دەگەڕێم، ئێستا تۆ هاتویتە سەر زەمین وتی: منیش هەروەها».

پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەر ئەوە رێککەوتوون بەزوویی یەکتریی بینن.

پاشان وتی: «بۆ رۆژی دوایی (٤/٨) لەبەرلینی رۆژئاوا یەکترمان بینی، مام جەلال باسی ئەوەی بۆکردم کە بەنیازی دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسیی نوێ‌و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشە لەوڵاتو گەڕانەوەی لەسەر ئەوە رێککەوتین کە پەیوەندیی بەردەوامان هەبێ‌و ئاگامان لەدەنگوباسی یەکتربێت تا کۆبوونەوەیەکی فراوان سازدەکرێ، نەک تەنیا بۆ نوێنەرانی کوردی دەرەوە، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدرێ لەوڵاتو لەدەرەوەی وڵات ئەوەندەی لەتوانادا بێ نوێنەرانی کۆمەڵانی خەڵک لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربن، تا بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە لەباری ئێستادا چی بکرێت باشە؟».

# بەسەرهاتی یەکەمین بەیاننامە دەگێڕێتەوە

د. کەمال دەگێڕێتەوە کە پاش ئەوە من چەند نامەیەکی نووسیووە بۆ ئەو هەڤاڵانەی کە ناسیونیو جێگای بڕوای خۆی بوون، لەوبارەیەشەوە دەڵێت: «لەناوەڕۆکی نامەکاندا داوام لێکردن کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ هاتن بۆ ئەو کۆبوونەوەیە».

**کۆبوونەوەکەی بەرلین**

هەڤاڵ د.کەمال لەدرێژەی گێڕانەوەکەیدا باسی ئەوەشی کرد کە چۆن هەواڵی جموجۆڵەکانی خۆیانی بەهەڤاڵ مام جەلال گەیاندووەو لەو رووەوە وتی: «پاشئەوەی ئەم هەواڵانەمان گەیاندە مام جەلال، ئەو داوای لێکردین کە ئەوکاتەی بۆ کۆبوونەوەکەمان داناوە، کەمێک دوایبخەین، ئەوەبوو ئێمە کۆبوونەوەکەمان خستە رۆژانی ٢٩-١٩٧٥/٥/٣٠و لەکاتی دیاریکراودا مام جەلال گەیشتە بەرلین، پێش کۆبوونەوە باسی ئەوەی بۆکردین کە لەوباریەوە تائێستا چی کراوە؟ وتیشی: «لەکاتی کۆبوونەوەکاندا ئاگاداری کردین کە خۆیو چەند هەڤاڵێک لەشام کۆبوونەتەوەو پڕۆژەی بەیانێکیان ئامادەکردووەو وتی: حەزدەکەم بەیانەکەتان بۆ بخوێنمەوە بزانم لەم بارەیەوە ئێوە بیروڕاتان چییە؟ زۆر بەدوورو درێژی لەبارەی بەیانەکەو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بنرێت وتووێژکرا. لەئەنجامدا لەسەر ئەو دەقەی کە بە (بیان لاتحاد الوگنی الکردستانی) ناسراوە رێککەوتین، کە جیاوازییەکی کەمی هەبوو لەگەڵ ئەوەی لەشام لەسەری رێککەوتبوون.

**چ دەستکاری یەک لەبەیاننامەی دامەزراندن کرا؟**

لەو چاوپێکەوتنەداو لەبارەی دەستکاریکردنی بەیاننامەکەوە د.کەمال دەڵێت: «وەکو بێتەوە بیرم ئەو دەستکارییانەی کە لەبەرلین کران بریتی بوون لەگۆڕانێکی کەم لەوشەو پیتەکاندا کە دوای ئەو دەستکارییانە رەنگی کوردایەتییان زیاتر پێوە دیاربوو. ئەوەی خرایە سەر بەیانەکە بڕگەی هەرە دوابییە. لەکۆتایی بەیانەکە ئەویش لەسەر پێشنیازی ئێمەو دارشتنی هەڤاڵ مام جەلال خۆی».

**سەرەنجام بەیاننامەکە بڵاوکرایەوە**

د.کەمال وتی: دەقی دوایی بەیاننامەکە رۆژی ٥/٣٠ لەلایەن مام جەلال-ەوە نووسرایەوە، هەمان رۆژ لەلایەن منەوە بەتایپ رایتەر چاپ کرا، رۆژی ٥/٣١ لەچاپخانە وەرمانگرتەوە، لەسەر داخوازیی خۆمان لەسەر کاغەزێکی پەمەیی بۆیان چاپکردین، وەک هێمایەک بۆ ریبازی مەیلەو چەپی یەکێتی. رۆژی ٦/١ بڵاومان کردەوە، بۆیە دەڵێت: ئەو رۆژە دانرا بەڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر ئەو رۆژەش بەیانەکەمان بۆ هەموو هەڤاڵان نارد، پاشان تەرجەمەی ئەڵمانیو ئینگلیزیو زمانەکانی تر کرا. ئەوانەی لەشام لەگەڵ مام جەلال لەدەستەی دامەزرێنەر بوون بریتی بوون لەهەڤاڵان د.فوئاد مەعصوم، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی، ئەوانەی لەئەوروپا بوون بریتیبوون لەهەڤاڵان نەوشیروان مستەفا، عومەر شێخ موس، د.کەمال فوئاد. ئەوانەی لەکۆبوونەوەی بەرلیندا بەشداربوون جگە لەمام جەلالو خۆم بریتیبوون لەهەڤاڵان عومەر شێخ موس. هێرۆخان، د.ئەرجومەند سدیق، د.حەسەن حەمە عەلی، د. دڵشاد ئەحمەدی، د.جەبار شەریف، د. لاوچاک ئەحمەد فەهمی، د.لەتیف رەشید، د.دارا ئەدیب کە بەداخەوە لەساڵی ١٩٨٢ بەنەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد. بڕیاروابوو لەهەمان کۆبوونەوەدا کاک نەوشیروان بەشداربێ. بەڵام لەبەرئەوەی کێشەی پاسپۆرتو ڤیزەی هەبوو، فریای کۆوبوونەوەکە نەکەوت. واتا بۆ ئەو کۆبوونەوانەی بەئامادەبوونی فەرەیدون عەبدولقادر کە لەوڵاتەوە هاتبوو، پێکهات. لەوبارەیەوە ئەوەندەی بەپێویستم زانی قسەکانی من تەواو (وماشهدنا الا بما علینا).

**لەکۆتایدا**
**(لقد اندلع اللهیب)**


لەوەڵامی پرسیارێکیشدا کە داخۆ ئەو کۆوبونەوەیەی رۆژانی ٢٧-١٩٧٥/٥/٣٠ لەبەرلین بەسترا بۆ هەموو کوردەکانی ئەوروپا بوو؟ د. کەمال دەڵێت: «بۆ ئەوکەسانەی نامەیان بۆ نووسرابوو، ئەوانیش کۆبوونەوەیان لەگەڵ هەندێک هەڤاڵی تردا کردبوو، ئەو کۆبوونەوەیە نوێنەرانی نزیکەی ١٠٠ کەسێکی تێدا بوو.

**ئیتر لەویّ بەدوا یەکێتی دەست بەکار بوو؟**

د.کەمال فوئاد لەو چاوپێکەوتنەدا دەگێڕێتەوە کە چ ئەوو چ عادل موراد بەجیاجیا جەولەیەکیان لەدەرەوەی وڵات دەستپێکردووەو زۆر وڵات گەڕاونو سەبارەت بەخۆی دەڵێت: لەو وڵاتانەی کە چووم بریتبوون لە» ئینگلستان، هۆڵەندا، سویسرا، ئەڵمانیای رۆژئاوا، چیکۆسلۆڤاکیا بەنیازی کۆکردنەوەی ئەو کەسانەی کە ناسیونی لەدەوری یەکێتی. هەروەها دەڵێت: «ماوەیەک پاش ئەوە لەئەمریکاش لقی یەکێتی دامەزرا.

لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا د.کەمال فوئاد ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی زۆری ئەو بەڵگەنامانەی سەرەتا پارێزراونو وتی: لەوبارەیەوە نوسخەیەکی لەپڕۆژەی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی خستینە بەردەم کە لەلایەن خۆیو هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاوە لەمانگی ئەیلولی ١٩٧٦دا ئامادەکراوە. پاشان لەبارەی بڵاوکراوەو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی یەکێتییەوە وتی: هەر لەوکاتەدا لەئەوروپا دوو ئۆرگانی یەکێتی دەردەچوون، دەنگی یەکێتی بەکوردی و (×دی الاتحاد) بەعەرەبی، سەرەرای کۆمەڵێک بڵاوکراوەی ناوبەناو بەکوردیو عەرەبیو ئینگلیزیو ئەڵمانیو فەڕەنسیو... هتد. لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دوو ئۆرگانی ناوەندیی یەکێتی بڵاودەکرایەوە (رێبازی نویّ) بەکوردیو (الشراره) بەعەرەبی لەژێر ناوی (الشراره) دەنوسرا: (ومن الشراره یندلع اللهیب) کاتێک لەسەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦دا شۆڕشی نویّ دەستپێکرد سەروتارێک لە (الشراره)دا بڵاوکرایەوە لەژێر ناوی (لقد اندلع اللهیب) زۆر دەنگی دایەوە. دامەزراندنی ی.ن.ک لەو رۆژە سەختانەدا کە نائومێدی باڵی رەشی کێشابوو بەسەر کوردستاندا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو دۆستانی گەلی کوردی سەربەرزو دڵخۆشکردو جارێکی تر ئەو راستییەی سەلماندووە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتییەو بەویستو بڕیاری هیچ کەسو لایەنێک ناوەستیّ. تا ئامانجەکانیشی نەیەنەدی، ناسرەویّ.









هێرۆ برایم ئەحمەد



عەبدولڕەزاق عەزیز میرزا فەیلی




فەرەیدون عەبدولقادر



عومەر شێخ موس



د. لەتیف ڕەشید



# دیسان میری بەشیری



لەتیف فاتیح فەرەج

بەشیرییەکان، یان بەشیرستەکان، بەخودی بەشیر موشیرەوە، ئەوان کۆمەڵێک ئەستێرەی ئەم ئاسمانی کوردەوارییەن، هەندێک بەخۆیان دەڵێن حەوتەوانە، هەندێک زیاتر دەڵێن، بەهەرحاڵ کۆمەڵێک ناوی زۆر دیاری ئاسمانی کوردەواری هەن کە لەبەغدا رۆژگاری خۆی لەدەوری بەشیر موشیر کۆبوونەتەوە، ئەوان واتە بەشیرییەکان، ئوستاد پەناگەو قەڵایەکی باش دەبێت بۆئەوەی ئەو بکەنە رووگەی دەربڕینی مەبەستەکانیان، ئاخر بەناوی ئەوەوە نەبوایە کەمێک ئەستەم بوو هەموو شتێک بوترێت، یەکی لەو بەشیرستانە د.کەمال فوئاد بوو، ئەو پیاوەی زۆرێکی تەمەنی بۆ کوردو کوردستان تەرخان کردووە.

من پێشتریش لەسەر د.کەمال قسەی خۆمم کردووە، ئەو بەدەر لەسیاسەت، یەکێکە لەسیما هەرە دیارەکانی بواری ساغکردنەوەی رۆژنامەگەریی کوردی، ئەمەش بەروبوومی خۆی هەبوو، د.کەمال-یش بەشیرست بوو، ئەگەر بەشیریی کاڵایەک بووبێت بۆئەوەی لێیەوە کوردایەتی بکرێتو هیچ بیانویەکیش نەدرێتە دەست نەیارانی کوردەوە بۆ تێکدان، ئەوا د.کەمال فوئاد ئەو کاڵایەی بەر لەهەر کەس بەباڵابڕاوە. سەرەڕای کەم دوویی‌و زیاتر قووڵبوونەوەو روانین، بەڵام ئەم بەشیریستە پیاوێکی وشک نییە، کاتێک لەگەڵیدا دەدوێی، ناچاری هەندێک ئەتەکێتی گفتوگۆو قسەکردن بەکاربێنی کە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی ئەو لەگۆڕینی دۆخی گفتوگۆکەدا، من چانسی ئەوەم هەبووە لەکاتی باشیی تەندروستی ئەودا یەک دوو جار بیبینم، لەو جارانەدا درکم بەو شێوازی دۆخی گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوەیە کردووە، ئەوەش بۆ من نیشانەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، دوای رووخانی بتەکانی سەدام، جارێکیان لەسلێمانی بۆ هەندی هەواڵ پرسی لەبارەی کەرکوکەوە ناردی بەشوێنمدا لەشوێنەکەی خۆی لەسلێمانی سەرم لێدا، زۆرتر لەسەر کەرکوک قسەمان کرد، لەسەر ئەوەی کە چۆن بەگژ عەرەباندنو بەعساندنو راگواستندا بچینەوە، ئەو وتی: کەرکوک لەڕابردوودا ستەمی زۆری لێکراوە، باشترین رێگە بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم، کڕینەوەو خزمەتی کەرکوکە، لای وابوو دەکرێت حزبە دەوڵەمەندەکان زۆرترین خانوو لەو شارە بکڕنەوەو بەشێوازی خۆیان بەکرێ یان بەشێوەی دیکە بیدەنەوە بەلایەنگرو هەوادارو دۆستانی خۆیان، ئەوکاتە من لەنوسینێکدا پێشنیازی ئەوەم کرد، نەکرا، ئەم بەشیرییەش وەک هەر بەشیرستێکی تر، پرسی خاک بەلایەوە پرسی چارەنوس بوو، بەتایبەت کەرکوک کەماوەیەک لەقەڵاکەی ژیابوو لەکاتی خۆیدا.

ئەوەی بەلای منەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو کە لەد.کەمال زیاتر، د.ئیحسانی بەهەشتی گرێدرابوو بەکەرکوکەوە، بەڕاددەیەک من وامدەزانی کەرکوکییە، دەشێ کەرکوک خاڵی کۆکەرەوەی بەشیرستەکان بێت، خۆزگەم لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بەشیرستێکی نوێ پێیدەگوتین:

براین، غایەتان یەک بێت،
برایی غایە یەکبوونە
ئەوی کۆمەک بەفکرت بێ
لەهەر لابێ براتانە

ئەم دێڕە شیعرەی قانع بۆ ئێستا گرنگە، دەنا بەناوی بەشیر موشیرەوە شیعری دی وتراوەو ئەو واژووی کردووە:

لەئاست یەکتر دڕن چەشنی هەڵۆ یەک دادەپاچن بۆ
لەبۆ غەیرە شڕن چەشنی پەڕۆ وەک دەستو قاچن بۆ
هەزار ئیرەو لکو هۆزن وەکو دوژمن لەیەک ناچن
ئەترسم رۆژی لەم خاکە هەموو ئیاچن وەکو سمکۆ



بەشیر موشیر و د. کەمال

# سەرجەم بەرهەمەکانی د. کەمال فوئاد دەکەوێتە ژێرچاپ



وەک زانیومانە، نەوزاد عەلی ئەحمەد ماوەیەکە خەریکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی بەرهەمەکانی د.کەمال فوئاد-ە، سەبارەت بەو پڕۆژەیە زانیاری وردتری بەم پاشکۆیە دا و لەو بارەیەوە وتی:

«دوو ساڵ لەمەبەر لەڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵ کاک د. کەمال رێککەوتم کە کار لەسەر بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بکەم بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ چاپو بڵاوکردنەوە. ساڵێک زیاترە پێداچوونەوە بەئەرشیفی رۆژنامەگەریی کوردیدا دەکەمو ئەوەی تائێستا کۆمکردۆتەوە، بریتییە لەکۆمەڵێک بەرهەمی ئەکادیمی بەڕێزتان لەگەڵ چەندان وتارو نووسین کە تیایدا لەزمانو ئەدەبو رۆژنامەگەریی‌و مێژوو دەدوێت».

لەدرێژەی قسەکانیدا نەوزاد وتی: «ئەو پڕۆژەیەم ناوناوە؛ «سەرجەم بەرهەمەکانی د. کەمال فوئاد»، بەرگی یەکەمم تەرخانکردووە بۆ زمان، ئەدەب، مێژوو کە لەدووتوێیدا ئەم بابەتانە کۆککراونەتەوە: فۆنیمەکانی زمانی کوردی، زاراوەکانی زمانی ئەدەبی‌و نووسینیان، بەراوردێک لەنێوان زمانی نووسینی کوردی و زمانی هیندۆ-ئەوروپییەکان، چەند سەرەتایەکی زمانەوانی، باسێکی زمانەوانی، ئۆسکارمانو کوردشوناسی، کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکان لەئەوروپا، چەند زانیارییەک لەبارەی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردەوە لەهەندەران، چۆن دەگەینە سەرەتایەکی باوەڕپێکراو بۆ ئەدەبی کوردی، شینی ئەدیبانی کورد، چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە، لەشیعرە بڵاونەکراوەکانی سالم، رۆژنامەی کوردستان- دەورەی سێیەم، بانگی هەق- یەکەمین رۆژنامەی شۆڕشی کورستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی تۆفیق وەهبی-یەوە».

سەبارەت بەو ئاستەنگانەی کە هاتوونەتە بەردەم ئەو پڕۆژەیەش بەڕێزیان وتی: « ژیانی د. کەمال بریتی بووە لەڕاوەدوونانو گرتنو زیندانو خەباتی نهێنی‌و پێشمەرگایەتی‌و تاراوگە، بەرهەمەکانیشی لەنێو ئەو ژیانە جەنجاڵەدا نووسیووەو بڵاوکردۆتەوە.

زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی لەبڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارە نهێنییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، بەدەستخستنی ئەو بڵاوکراوانەش کەمێک ئەستەمە، کە ئەمە یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە پڕۆژەکەی کەمێک دواخست، ئەو ماوەیەش تەندروستیی بەڕێزیان باش نەبوو، ئەگەرنا وابڕیاربوو کە سەردانی بەرلین بکەمو لەو رووەوە سوود لەئەرشیڤەکەی ببینم. لەپاڵ ئەمەشدا دیدارێکی فراوانی لەگەڵدا بکەم بەمەبەستی نووسینەوەی ژیاننامەکەی»

ئەو پڕۆژەیە لەکوێ چاپ دەکرێتو کەی بەرگی یەکەم روناکی بڵاوکردنەوە دەبینێت» پێویستە سوپاسی ئەکادیمیای کوردی بکەم کە بەگرنگی پێدانەوە، پڕۆژەکەی وەرگرتو وەک یەکێک لەزنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی خۆیان بڵاویدەکەنەوەو رەنگە لەکۆتایی مانگی داهاتوودا چاپ بکرێت».

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا نەوزاد سەبارەت بەبەرگەکانی تر وتی: «ئێستا کار لەسەر بەرگی دووەم دەکەم، بەڵام رەنگە پێویستم بەسەفەرێکی دەرەوە هەبێت، چونکە کۆمەڵێک بەرهەمی کاک د.کەمال لەدەرەوەو بەزمانەکانی ئەڵمانی‌و ئینگلیزی بڵاوبوونەتەوە، هەروەها کۆمەڵێک چاوپێکەوتنیشی لەگەڵدا کراوە، کە پێویستیان بەگەڕانو پشکنین هەیە، بەتایبەتی لەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە بەپیتی لاتینی چاپکراون»

ئا: ستافی شەش دەیە خەبات

# د. کەمال فێری کردین ماندوونەبین



سالار عومەر*

ئەگەر کەسێک قسەیەکی هەبێت لەبارەی د. کەمال فوئادەوە، بێگومان یەکسەر لەخەسڵەتە نەرمونیانییەکەیەوە دەستپێدەکات، چونکە ئەوە زاڵترین خەسڵەت بوو لەودا کە دەتوانم بڵێم ئێمەشی لەمەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتی فێرکرد کە نەرمونیانو پشوودرێژبین ئەگەرچی مامەڵەی ئێمەمانان لەگەڵ ژمارەو حساباتیشدایە، بەلام فێری کردین کە لەو کارەشدا دەکرێت مرۆڤ راستو پاکو راشکاویش بێت، بەلام بەنەرمونیانی، چونکە ئەوەی راستی بێت رۆژانە ئێمە لەگەڵ چەندین کەسی سروشت جیاواز مامەڵە دەکەینو جارهەیە لێشمان توورە دەبن، بەلام فێری کردین کە ئارامگرو پشوودرێژبین. ئەو بۆخۆی سروشتی وابوو چ لەشێوازی گفتوگۆو چ لەدەربڕیندا کەسێکی نەرمونیانو قسەخۆش بوو، هەروەها کەسایەتییەکی سەیری هەبوو لەوەی کە هەمیشە بەوریاییەوە گوێی بۆ بەرامبەرەکانی رادەگرتو گوێی لەکێشەکانیان دەگرت.

## مشورخۆری زانستو رووناکبیریی

خەسڵەتێکی دیکەی د. کەمال ئەوەبوو کە زیاد لەپێویست متمانەی بەهەڤاڵانو کادیرانی دەوروبەری هەبوو، سەرباری ئەوەی کەسایەتییەکی سیاسی بوو، بەلام کە قسەمان بۆ دەکرد لەدڵسافیو دڵپاکیو خۆی هەمیشە قسەکانی وەک خۆی لێوەردەگرتین، کە دوورنییە هەندێک برادەرو هەڤاڵ هەندێکجار ئەو خەسڵەتەی ئەویان قۆستبێتەوەو خستبێتیشیانە هەڵەوە.

ئەو وێرای ئەوەی کەسایەتییەکی سیاسی بوو، بەلام هەر لەو سەردەمەوە کە لەحزبی شیوعیدابووەو تا درێژایی خەباتیو دامەزراندنی یەکێتیو کارکردنی لەناو یەکێتیدا یەکێکبوو لەوانەی کە سەرباری کاری سیاسی، هەمیشە مشورخۆرو خەمخۆری ئەدەبو کەلتوورو مێژووو ئەرشیفو رووناکبیریی بوو، هاوکارێکی هەمیشەیی ئەو کەسانەبوو کە دەیانویست درێژە بەخوێندن بدەنو چ خوێندنی زانکۆیی یاخود بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا، لەو بارەیەوە دەمەوێت ئەو دیارییە رەمزییانە بەنموونە بهێنمەوە کە لەلایەن ئەو کەسانەوە دواتر لەچوارچێوە دەگیرانو پێشکەشی دەکران کە ناوەڕۆکەکانیان سوپاسو پێزانینی ئەو کەسانەبوو بۆ د. کەمال سەبارەت بەدەستگیرۆییو باربۆکردنیان بۆ تەواوکردنی خوێندن.

## «پەیتوکەکان قەورەمیشکەن»

کەسایەتی د. کەمال هەموومانی بەخۆی سەرسام کردبوو، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی کە لێپرسراوی ئەم مەکتەبە بوو، ئێمە سوودی زۆرمان لێ بینی، چونکە بەبەراوردکردنی تەمەنەکەیو ئەو کارکردنە بەردەوامەی هەموومانی سەرسام کردبوو، رۆژانە ئەگەرچی کەمێک درەنگ دەهاتە دەوام لەدەوروبەری ١١ی پێشنیوەڕۆ، بەلام زۆرجار تا نزیکەی سەعات ١١-١٢ی شەو دەمایەوەو کاری دەکرد، ئەمە بۆخۆی هاندەرێک بوو بۆئێمەش کە ماندووبوون نەزانین، چونکە هیچ لێپرسراوێک جگە لەجەنابی مام جەلال توانای ئەو هەموو کارکردنەی نەبوو لەو تەمەنەدا.

ئێمە تەنیا سوودمان لەشێوازی مامەڵەدا لێ نەبینی، بەڵکو لەڕووی مێژوو، زمان، رۆشنبیریی، ئەرشیف سوودی زۆرمان لەشارەزاییەکانی دەبینی، بۆ نموونە بەئۆتۆمبێلی دەوت پەیتوکە، ئەو سەردەمەی کە سەرەتای کۆتایی هاتنی خزمەتەکەی بوو لەسەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرقاڵی دەوروتەسلیمی مەکتەبەکەی ئێمەبوو، جارجار دەچوو بۆ هەولێر یان بۆ هەر شوێنێک بیویستایە بڕوات بەپاسەوانو شۆفێرەکانی دەوت: «پەیتوکەکان قەورەمیش» کەن، واتا ئۆتۆمبێلەکان ئامادەبکەنو رۆنو بەنزینو تایەی مەزبوت بکەن، ئەمە جگە لەوەی بەبەردەوامی نموونەی بە قسەکانی بەشیر موشیر ئەهێنایەوەو قسەکانی ئەوی بۆ دەگێڕاینەوە.

## بۆ خەڵک دەستکراوەو بۆخۆی دەستگرەوە

کاک کەمال سەرباری ئەوەی کە لەسەردەمی ئەودا بودجە زۆرباشتر بوو لەئێستا، زۆر دەستی بەسەروەتو سامانی یەکێتییەوە دەگرتو بەهەدەری نەدەداو تا ئەو رادەیەی پێی بووترێت نەزیهـ پیاوێکی بێگەردو نەزیهـ بوو، لەگەڵ نەخۆشو ئەوانەی پێویستیان بەچارەسەری پزیشکی هەبوو زۆر دەستو دڵ فراوان بوو زووبەزوو بەدەنگیانەوە دەچوو. ئەوە لەکاتێکدا بۆخۆی چەندین جار کە بۆ نەخۆشی دەچووە دەرەوە، بەزۆریش لە دە جاردا ئەگەر یەک جار قبوڵی هاوکاریی بکردایە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەبەرپرسەکان بۆ سەفەرو چارەسەری لەدەرەوە بودجەی تایبەتیان هەبوو و مافی خۆیان بەزیادیشەوە وەردەگرت، بەلام د. کەمال بەپێداگریی زۆری هەڤاڵ مام جەلالو برادەرانی دیکە زۆربەی جارەکان هاوکاریی پارەی سەفەرو چارەسەری رەتدەکردەوەو دەیوت: «چارەسەریی من ٨٠٪ی لەسەر بیمەی تەندروستییەکەم دەکرێت». لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بەخشندە بوو بۆ برادەرەکانی لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو هەندێک جار کادیرانی خوار سەرکردایەتیش دەستکراوەو یارمەتیدەری هەموویان بوو لەکاتی نەخۆشیدا.

## لامەرکەزی لەبەشەکانی مەکتەبدا

ئەو ئەگەرچی چەندین ساڵبوو لەبواری رووناکبیرییو زمانەوانیو سیاسەتدا کاری کردبوو، هاتنی ئەو بۆ مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتی کە هەر خۆشی ئەو ناوەی بۆ دانا، چونکە پێشتر هەر دەوترا ئیدارەی گشتی، ئەوکاتەی هاتە مەکتەبەکەی ئێمە، بێگومان بۆ ئەو دنیای پارەو ژمارەو کاری ئیدارییو دارایی دنیایەکی جیاوازو ئاڵۆز بوو، بەلام جۆرێک لە لامەرکەزیی دابووە بەشە جیاجیاکانو خۆی سەرپەرشتیی گشتییو چۆنێتی هاتنو سەرفکردنی بودجەی دەکرد.

وەک لەسەرەتاشەوە ئاماژەم پێکرد ئەو زۆر متمانەی بەو کەسانە بوو کە ئیشیان لەگەڵدا دەکرد، بۆنموونە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠١ەوە ئەرشیفی هەموو هاوکارییەکانمان لە کۆمپیوتەردا پاراستووە، بۆیە ئەگەر هەر هەڤاڵێک داوای هاوکاریی بکردایە، سەرجەم ئەو هاوکارییانەمان دەخستە بەردەمی کە لەماوەی ٢-٣-١٠ ساڵدا کرابێت، یاخود نەکرابێت، تا لەبەر رۆشنایی ئەوەوە هاوکاریی بکات یان نا، بەلام بەداخەوە ئەو متمانەیەی هەندێکجار لەلایەن هەندێک کەسەوە بەخراپ قۆستراوەتەوە، یان کەسەکە شایانی هاوکاریی بووەو نەکراوە، یان بەپێچەوانەوە شایانی ئەوە نەبووەو لەسەر متمانەی دەوروبەرەکە ئیمزای کردووە.

## بەوشەی بەروار قەڵس دەبوو


تەنانەت ئەوەندە نووسراوەکانی بەدیققەتەوە دەخوێندەوە ئەگەر لەسەر نووسراوێک یان داواکارییەک وشەی بەروار لەجیاتی رێکەوت بنووسرایە، هەتا ئەو هەڵەیە چاک نەکرایە ئیمزای نەدەکردو هەمیشە دەیوت: تکاتان لێدەکەم ئەو وشەی بەروارە بەکارمەهێنن، چونکە ئەوە کاتی خۆی کەسێک نامەیەکی لەبەرواری باڵاوە بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی نووسیووەو بۆ زانینی شوێنی نووسینی نامەکە نووسیووێتی بەرواروهیچ پەیوەندیی بە رۆژ یان مێژوو یان رێکەوتەوە نییە.



> ئێمە تەنیا سوودمان لەشێوازی مامەڵەدا لێ نەبینی، بەڵکو لەڕووی مێژوو، زمان، رۆشنبیریی، ئەرشیف سوودی زۆرمان لەشارەزاییەکانی دەبینی

یەکێکی دیکە لەو خەسڵەتانەی د. کەمال فوئاد ئەوەبوو سەرباری ئەو هەموو نەرمونیانییەی کە لەرەفتارو گوفتاردا هەیبوو، لەبەرامبەر راستیدا زۆر حەدی بوو، شتێک قەناعەتی پێی نەبووایەو بیزانیایە دەیانەوێت هەڵەی پێبکەن یان ئەو کەسە نیەتی خراپە، ئەوا زۆر حەدی بوو و هێز نەبوو ئیمزای لەسەر شتێکی ناڕەوا پێبکات.

*ئەندامی مەکتەبی ئیدارەو دارایی گشتیی ی.ن.ک



# لەئەلبومی د.کەمال فوئاد-ەوە



د. کەمال لە تەمەنی یەک ساڵیدا لەباوەشی باوکیدا



د.کەمال و هاوسەرەکەی و لەگەڵ کچ و کوڕەکەی




د.کەمال لەگەڵ دایکی و باوکی و خوشکەکەی مامیدا



ماموّستا برایم ئەحمەد و د.کەمال- ئاران



ڕێباز، کۆسرەت ڕەسوڵ، د.کەمال، د.لەتیف ڕەشید



نوری شاوەیس و د.کەمال



د.کەمال فوئاد، د.کەمال خۆشناو، ..... ، د. فوئاد مەعصوم



د.کەمال لە ماڵی خۆیان لەخانووەکەی کانێسکان



د. کەمال لە سەردەمی خەباتی شاخدا




د. کەمال لە کۆنگرەی جیهانیی خوێندکاران- ١٩٥٨




ڕێپێوانی خوێندکاران لە ئەوروپا



دەرگاکەی بەدرخانی باپیرەی

**پاشکۆیەکی تایبەتی کوردستانی نوێ یە بۆ ڕێزنان لە زیاتر لە نیو سەدە لە خەباتی د. کەمال فوئاد**

شەش دەیە خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر
ستران ساڵح عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیار: جەمال ئاریز
هاوکار: جەمال لۆلۆ

نەخشەساز
هێمن یەحیا